مەڵبەندی هونەریی ماملێ

# لالە بە دەستان

هاشم نانەوازادەگان

www.mamle.net

Mamle Art Center

مەڵبەندی هونەریی ماملێ

# لاله به دەستان

هاشم نانەوازادەگان

www.mamle.net

Mamle Art Center

مەڵبەندی هونەریی ماملێ


www.mamle.net

Orginalets titei:
لاله بەدەستان
هاشم نانەوازادەگان
Karlstad 1993
IBSN:91-072153 -0-3

**Mamle Art Center**

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

شـــوێنی وێنە



Mamle Art Center

## پێشەکی

چەند ساڵ لەمەوبەر سەردانی دۆستێکی کۆن و خۆشەویستی دەورانی منداڵیم کرد لە پاریس، جێگەتان خاڵی زۆر خۆش بوو، لەوێ تووشی کاک سمایلی ماملێ - برازای کاک مەحەممەدی ماملێ - بووم، سپاس بۆ میوانداریەکەی، باسی کتێبێکی بۆ کردم بە ناوی بازی بێریان کە کاک مەحممەد حەسەن ئەحمەد خەڵکی قەلادزێ، لە سەر گۆرانیەکانی مامڵێ کۆی کردۆتەوە و چاپی کردوە و بلاوی کردۆتەوە و کوتی کە زۆرم پێ ناخۆش بوە کە لەم کتێبە دا زۆر لە شێعرەکانی کاک هاشمی بابت چاپ کراوە و ناوێک لە وێ نەبراوە!؟

پاش ماوەیەک ئەم کتێبەم دەست کەوت و زۆربەی شێعرەکانی بابم



Mamle Art Center

ناسییەوە کە بێ ناو و نیشان و خاوەن ماونەوە و نووسراون. بۆیە نامەیەکم بۆ بابم نووسی و داوام لێ کرد کە نوسخەیەکم لە شێعرەکانی خۆی بۆ بنێرێتە سوید تا لێرە چاپی کەین و خەڵکی کوردستان ئەم شاعیرە نەناسراوە ئاشنایەی خۆیان بناسنەوە. باوکم دەست بەجێ نوسخەیەکی لە تەواوی شێعرەکانی خۆی بۆ ناردم، بەڵام ئەمن لە بەر گرفتاری و کار و کوێرەوەری یەکجار زۆری نان پەیدا کردن لە ولاتی سوید لە چاپی دیوانەکەی دا زۆرم تەنبەڵی کرد و ئەوە پاش دوو سێ ساڵ بە یارمەتی و حەولێکی زۆری کاک عەلی نانەوازادە، شاعیر و نووسەری خوێن شیرنی خزمی خۆم و کاک ناسری رەزازی کۆنە دۆستی دەنگ خۆشی کوردی زانم هاتۆتە چاپ کردن و گەیوەتە بەر دەستی تۆی خوێنەری هێژا.

بابم بە نامە و نووسراوەی خۆی ئیزنی ئەوەی پێداوم کە چۆنی پێم خۆش بێ، شێعرەکانی بۆ چاپ بکەم، بۆیە ئەمنیش لە سەر ئیزنی باوکم شێعرەکانم کردە دوو بەش. بەشێکی ئەوەیە کە لەم دیوانە دا لە بەر دەست تۆی هێژا دایە و زۆربەی ئەم هەڵبەستانەش یا کراون بە گۆرانی و گوتراون، یا لە رۆژنامە و گۆڤاران دا چاپ و بڵاو کراونەوە و پتر وەسفی جوانی و عیشق و ئەوین و یار و تەبیعەت و فۆلکلۆر و هی دیکەن. بەشێکی دیکە لە داهاتوو دا ئەگەر عومر مەودا بدا لە دیوانێک دا چاپیان دەکەم، زۆرتر موناجات و وەسفی خودا و پێغەمبەر و شێخ و مشایخ و شینی شاعیرانی وەک هەژار و هێمن و وەفایی و ئەوانەن.

وەبیرم دێ منداڵ بووم، هات و چۆی دوکانی بابم دەکرد ـ ئەودەم



Mamle Art Center

بابم دوکانی عەتتاری هەبوو - دوکانی بابم مەکۆی پیاوانی قسەخۆش، شاعیر، دەنگ خۆش، هونەرمەند و جەفەنگ باز و مەتەڵۆکەبێژان بوو. زۆربەی خەڵکی ناوچەی مەنگوڕ و گەورک و دێبوکری و شامات و تەنانەت سوێسنایەتیش کە قسەخۆشی زۆر عەجایبیان تێدایە، مشتەری بابم بوون و شت و مەکی ساڵانەیان لێ دەکڕی. چونکە هەم بە قەرزی وادەی سەر خەرمانانی دەدانێ، هەمیش دەگەڵیان رووخۆش بوو: عەتری پێدا دەپژاندن و چای دارچینی بۆ لێدەنان. بە راستی دوکانەکەی جێی حەسانەوە و بنکەی جەفەنگ و قسەی خۆش و وردە گۆرانی و شتی وا بوو.

مامۆستا هێمن ئەو دەم، پیاوێکی گەڕاوەی بێ ددانی، کەوا و پاتۆڵ بۆری، دیمەن لەبەر هەتاو سووتاوی، رەنگ دێهاتی بوو، کە دەهاتە مەهاباد، مەکۆی دوکانی بابم بوو، چون هەم ئەهلی قسەی خۆش و جەفەنگ و نەقڵ و نەزیلان بوو، هەم دەگەڵ بابم باسی شێعر و گۆرانی و شتی وایان دەکرد، کە لە پڕدا رۆژێک ون بوو و هەڵاتە کوردستانی ئەو دیو. ئەمن بە داخەوە هەتا گەورە نەبووم و شێعرەکانی هێمنم نەخوێندەوە، نەمزانی ئەو کابرا دێهاتیە، کرمانجە، لە بەر هەتاو سووتاوە، چ بلیمەتێک بووە و، چ هەڵێکم لە قیس چوە کە وەختی خۆی، وەک ئێستام نەناسیوە. بابم خۆی پێ شاگردی هێمنە و دەڵێ هێمن هانی دەدام کە بنووسم.

لەبیرمە کاک مەحەممەدی ماملێ بە ورتەورتێکەوە لە بەر خۆیەوە دەهاتە دوکانی بابم، دیار بوو ئاوازی تازەی پێ بوو، بۆ ئەوەی لە بیری نەچێتەوە، لە بن گوێی بابم، بە نارەنار و بە دەلەی لەی لەی،



Mamle Art Center

دەیگوتەوە و، ئەویش بێ فوو لە دۆ کردن شێعرێکی جوانی لە سەر ئەو ئاوازە تازە بۆ دادەنا.

زۆربەی ئەو هەڵبەستانەش کە پڕ بە قالبی مێلۆدییەکان داکاسراون و، لە دڵی خەڵکی کوردستاندا جێگەیان کردۆتەوە، ئەگەر ئێستا و لە زەمانی ژیانی (بابم و مامڵێ) دا، بە ناوی بابمەوە تۆمار نەکرێن، بەرەی داهاتوو، هەزار سوێند و قورئانیان بۆ بخۆی، باوەڕ ناکەن کە ئەوە شێعری فۆلکلۆر نین و ئەو دایناون.

هەڵبەستەکانی:

ئەی گوڵ فرۆش تاکەی سەودایی تۆ بم ... 33

کۆچی یارم کۆچی سوورە، بەهارە خێڵ بەرەو ژوورە ... 25

لە کونجی قەفەس دا بە سەد نالّە دەخوێنم ... 30

ئەو گوڵەی مەشهووری گشت عالەم بوو کوا یادی بە خێر ... 54

سوێندم خواردوە خودایە چی دی دڵداریّ ناکەم ... 68

دەڵێن مەجنوون جەوری کێشاوە، لە دووی لەیلا رووحی داناوە ... 73

وەکوو بولبول دەناڵێنم، سرشکی غەم دەبارێنم ... 76

شەماڵ هات بای بەهارە، پاماڵ دەکا پەژارە ... 94

گۆوەندە، زەماوەندە، دڵم بەندە، بۆو دم قەندە ... 100

گوڵ عومری حەفتەیەکە، دەورانی سەردەمێکە ... 112

چاومەستی دەم بە خەندە، سەر کوڵمەت عەینی قەندە ...

تابەکەی دوور لە چاوی لەیلا بم ... 52

ئەوانە و دەیان و بگرە سەدان شێعری دیکەی بابم، بە دەنگە زوڵاڵ و خۆشەکەی مامڵێ گوتراوە و جێگەی خۆیان لە دڵی خەڵک دا

www.mamle.net

کردۆتەوە، لەوانەشە خەڵک ناوی باوکمیان هەر نەبیستبێ، بەڵام بێ گومان شێعرەکانیان بیستوە و تەنانەت لەوانەیە زۆربەشیان لەبەریان بێ.

بابم لە نامەیەک دا بۆ من دەنووسێ:

**ئەمن دەوری سەد و بیست پارچە هەڵبەستم لە سەر سەد و بیست ئاوازی کوردی، فارسی، عەرەبی و تورکی داناوە کە زۆربەیان ماملێ گوتوونی. ئەوانی دیکەش، حەسەن زیرەک، رەسوولی نادری، خەلیلی سەدیقی، برایی قادری، فەیزی زادە، سەید عەلی سەردەشتی، مامەندی ئایشێ گوڵێ، رەحمانی رەشید ئاغای، حەسەنی مامڵێ، قاسمی فیدایی، جەعفەری مامڵێ، حاجی عەبەنەنە، عەولای سنجانی و خانباغی گوتوویانن و، هۆنراوەکان ئێستا لە نێو خەڵک دان.**

**ئەمن پێم خۆشە هەرچی دەینووسم، بە زمانی خەڵک بێ و هەموو کەس لە شێعرەکانم حاڵی بێ و لە دانانی ئەم شێعر و گۆرانیانە دا هیچ مەبەستێکی مادیم نەبووە و نیمە و ئامانجم خزمەت بە مووزیک و ئەدەبیاتی کوردییە و، بە قەولی کوردی: بە بەرگ و پێڵاوی خۆم و، بە خۆرایی ئەم کارەم کردوە و، پێم ناخۆشە هۆنراوەی من بە بێ ناوی من، لێرە و لەوێ چاپ و بڵاو بکرێنەوە. مەحەممەد حەسەن ئەحمەد لە کتێبی بازی بێتریاندا حەڤدە پارچە هەڵبەستی منی بە بێ نووسینی ناوی من، چاپ و بڵاو کردۆتەوە. دیارە نەیزانیوە شێعری منن و کاک مەحەممەدی مامڵێش زۆر جار داوای لێ بووردنی لە من کردوە و دەڵێ ئاگام لێ نەبوە کە چاپی کردوون، دەنا پێم دەگوت کە ئەو شێعرانە، هی حاجی هاشمی نانەوازادەگانن. هەڵبەستەکان ریتێنلە:**



Mamle Art Center

**١ـ مەجنوون لە بەرچی وا دەکەی، ل ٢٨**

**٢ـ عەزیزم بەیانی، ل ٣٢**

**٣ـ چەند جوانە، ل ٣١**

**٤ـ یارم گەردن کێلە، ل ٥٨**

**٥ـ یادی بە خێر، ل ٧٤**

**٦ـ هیجری یار، ل ٦٢**

**٧ـ لەمێژە زۆر لە مێژە، ل ٨٤**

**٨ـ ئەمان شیرن، ل ١٠٢**

**٩ـ بلێی بە یاری بێ وەفا، ل ١٢٧**

**١٠ـ دلبەری چاو مەست، ل ١٤٦**

**١١ـ بۆلێم زیزی، ل ٢٠٥**

**١٢ـ وەرە ئەی گوڵی سوورم، ل ٢٥٤**

**١٣ـ شەرتی حەوت ساڵە، ل ٢٥٦**

**١٤ـ ماڵە بابم بێ وەفا، ل ٢٩٠**

**١٥ـ یار یار، ل ٣٢٢**

**١٦ـ گزۆەندە، زەماوەندە، ل ٣٣٨**

**١٧ـ نازانم چۆنی بکەم چارە.**

بابم لە نامەکەیدا بۆ ناساندنی خۆی ئاوا دەنووسێ:

**(ئەمن هاشم کوڕی میرزا ساڵحی نانەوازادەگان ساڵی شەڕی مەلا خەلیلی (١٣٠٧ هەتاوی) لە شاری مەهاباد لە دایک بووم. بابم بە هۆی بەشداری لەم ڕاپەڕینەدا کە لە دژی ڕژێمی ڕەزا شا کرا، بۆ ماوەیەک گیرا و زیندانی کرا. ئەمن شەش ساڵان بووم کە باوکم بەداخەوە بە نەخۆشی**



Mamle Art Center

www.mamle.net

**سەتڵ وجەم (ذات الجنب) ، کۆچی دوایی کرد و سەرپەرەستی من و دوو برا ودووخوشکم کەوتە سەرشانی مامەکانم، حاجی مستەفا و میرزا حەسەن. مامەکانیشم وەکوو باوکم رووناک بیرو فەرهەنگ دۆست بوون و ئێمەیان لە بەرخوێندنێ ناو، هەتا سالی بۆمباران‌ی (١٣٢٠ی هەتاوی)ی، کە براگەورەکەمان کاک متەلیب بە هۆی نەخۆشی کەوتوویی (تیفۆید) ەوە جوانەمەرگ بوو، ئەمن خوێندم و پاشان دەستم لە خوێندن هەڵگرت و ملم لە کاسبێ نا و لە شاگردنالبەندی ڕا دەستم پێ کرد و پاشان خوانچەیەکی بچکۆڵە و ئینجا عەتتاری و ئیستاش بەزازی و نۆ منداڵم لە بەرەی دوو دایکان بە خێو کردووە و هەندێکیان رەنێو هاتوون و مێردیان کردووە و ژنیان هێناوە و بەرەوازەی هەندەران بوونە و هەندێکیشیان ماون و چووکەن و لە لای خۆمن. )**

باوکم زەمانی قازی محەممەد لە لایەن کۆماری مەهابادەوە نێردراوەتە یەکیەتی سۆڤیەت و، لە باکۆ لە دانیشکەدەی ئەفسەری، فێری ددانسازی و کاریکاتۆر و نیگارکێشی بووە و، بە راشکاوی دەتوانم بڵێم ئەگەر دەستی لەم هونەرە هەڵنەگرتبا و، نیگارکێشانەوەی درێژە پێدابا، ئێستا یەکێک لە نەخشێنەرە هەرە بەناوبانگەکانی کورد بوو. باوکم قورئان خوێنێکی دەنگ خۆشە و، ئێستا تەواوی عیشق و عەلاقەی لە سەر عیشقی خودا و زیکری خودا و فیکری خودای ساغ بۆتەوە و، سەدان شێعری لە بارەی عیرفان و تەسەوف دا کوتووە، کە هیوادارم رۆژێک بتوانم ئەم دیوانەشی بۆ چاپ بکەم.

هەروەها بە پێویستی دەزانم کە سپاسی برایانە لە کاک رەسووڵی

www.mamle.net



Mamle Art Center

ئاریا و کاک کەریمی دانشیار بکەم کە زەحمەتی پێداچوونەوەیان دا بە خۆیان و کاری منیان هاسان کردەوە، دەستیان خۆش بێ و سەرکەوتوو بن.

پۆلا ١٤/١/٩٤ ـ ستۆکهۆڵم



www.mamle.net

## بیـرانیـــن

ساڵی ١٩٧٠ لە کەڵکەڵەی ئەوەدا بووم سەفەرێکی مەهاباد بکەم. هەتا ئەو کاتە، ئەو مەڵبەندەم نەدیتبوو. گۆرانییەکانی مامڵێ و عەزیز شارۆخ، کە لە رادیۆی مەهابادو سنەو کرماشانو قەسری شیرینەوە بڵاو دەبوونەوە، بێژگە لەوانیش کاسێتی ئەو شایەرانەی کە لەوێرا دەگەیشتنە لای ئێمە، بوون بە هۆ، ئەوەندەی دیکە ئەڵهـــای ئەوێ بکەمو، لە مـــێـــشکمـــدا بسوورێنەوە و لە سەر ئەو چوونەم فرەتر سوێر بم.
لەبەر سیاسەتی رەش و شوومی رەزاخانی و، زاڵبوونی زمـان و کولتـووری فـارسی، خەڵکی شـارەکـانی کـوردسـتان، بە باشی یەکتریان نەدەناسی! لە دۆژ یەکدیشـدا، ناسیـاری و ئامـووشـۆیەکی ئاوەها پتەو و بەردەوامیـان نەبوو کە ئێستا هەیە، تا شۆڕشی ئێران دەستی پێکرد!
کاک حەسەنی قزڵجی یادی بەخێر، گوتوویەتی: ئەگەر ئەو شۆڕشەی ئێران نەبا، زۆربەی کوردەکانی بندەستی ئەو حکوومەتە داگیرکەرە، عەجەمـاوی دەبوون! لە راســتــیــدا وایە و، شـۆڕشی ئێـران لەو بەشـە داگـیـرکـراوەی کـوردسـتان، بـوو بە هۆی خۆناسینەوەی کورد و، زیندووبوونەوەی هەست و سۆزی نەتەوایەتی، بەڵام ...!!



Mamle Art Center

لە پۆلی ١٠ی ناوەندیدا بووم، لە گەڵ یەکێ لە هاوپۆلەکانم، ڕێگای موکوریانمان دا بەر خۆمان و، پاش چەند ڕۆژ مانەوە لە بۆکان، لە مەهابادەوە سەرمان دەرێنا.

ئێوارەیەکی وەرزی پاییز بوو، لە مسافرخانەکەمان هاتینە دەرێ، ئەو شەقامەی مەهاباد، وەک زەماوەندێکی شەشدانگ دەهاتە بەرچاو. زەرد و سوور، کەسک و شین، پۆل پۆل، بەرێوە بوون. لاماندا چایخانەیەک، سەر و چامان خواردەوە و، دوایی سۆراخی «ماملێ»مان گرت. کابرای چایچی پێی گوتین: **(لە داوەتی ماڵە فلانکەسێیە لە مەیدانی ئاردی!)**

بە پرسا پرسا، بەرە و ئەوێ، وەرێ کەوتین. گەیشتینە بەر دەرکە، ئەوەندە جەنجاڵ بوو، کەس کەسی نەدەناسی. سەردەمی شۆڕشی بارزانی بوو! لە بەر برایانی ئەودیو، بە تایبەت خەڵکی قەڵادزێ، کە هاتبوون بۆ دیتنی ماملێ، دەرزیت داخستبا وە زەوی نەدەکەوت! بە هەر جۆرێک بوو، خۆمان گەیاندە ناو حەوشە. **(لە کوردەواریدا، ئەگەر کەسێک بۆ زەماوەندێک بانگ نەکرابێ و، خۆسەرانە ملی پێوە نێ و بچێتە ژوورێ، دیارە و لە بەر چاوە.)** هەر چەند دیار بوو غەریبین، بەڵام بەخێراتنیان کردین و، سەرو چایان بۆ هێناین و، زۆریان خزمەت کردین. ئێمەش لەو برادەرەی کە هاتە پیریمانەوە، پرسیمان ئاخۆ دەکرێ چاومان بە ماملێ بکەوێ؟ گوتی: **جا بۆ ناکرێ براله ؟! کە هاتە خوارێ پێی دەڵەم.** لەو کاتەدا یادی بەخێر، مەلا حوسێنی عەبدوڵلازادە، شایەری بەنێوبانگی موکوریان، گۆرانی دەگوت و گەڕی ڕەشبەڵەکیش بە قەراخ حەوشەدا دەگەڕا. پاش قەدەرێ، مەلا حوسێن بڕییەوە و، ریزی گەنم و جۆ ڕاوەستاو، سەماکەران کەوتنە سڕینەوەی ئارەقی سەرو چاویان و، هەر یەکە بە لایەکدا بڵاوەیان کرد.



Mamle Art Center

www.mamle.net

مـاملێش لە نـهـۆمی سـەرەوەڕا هاتە خـوارێ و (تارژەنێکی پـیـری کـڵاو پالەوی لەسـەری کـۆت لەبەری پانـتـۆڵ کـوردی لە پێ)ش بە دوویدا و، هەریەکە لە سەر سەندەڵییەک دانیشتن. کابرای پیریش، تاری کۆک کرد و، بە تەلەکانیدا جۆشێک دەنووکە «مـضـراب»ی گێڕا و، «مـاملێ»ش گۆرانی **(کـۆچی یارم کـۆچی سـوورە)**ی وەک پۆلە پەپوولە، بە سـەر ئەو خـەڵکەدا هەڵفـڕاند و، پاش چەند گـۆرانی دیکە و، چاوپێکەوتن و، قەدەرێک دانیشتن لە کنی، گەڕاینەوە بۆ شوێنەکەمان.

شەو لە سەر بان نووستبووین، بە هیچ جۆرێ خەوم لێ نەدەکەوت، ئەو زەمـاوەندە، لە کـاریتـانی مـێـشـکـمـدا وەردەگـێـڵاو، هزرم بە دووی گۆرانییەکانی مامڵێ و شیعرەکانیدا، سووسەی دەکرد. وەمدەزانی شیعری ئەو گۆرانییانە فۆلکلۆرن!

سـاڵ هات و سـاڵ چوو، تا ئاخرەکەی بە هۆی دۆسـتـایەتی زۆرتر لە گەڵ کاک پۆلا و، و دیتنی شاعیر و هاتو چۆی زۆرتری مەهاباد و، مانەوە لەو مەڵبەندە و، ناسینی هونەرمەند کاک محەمـمەدی مامڵێ، بۆم دەرکەوت کـە شـیـعـری زۆربەی ئەو گـۆرانیـیـانەی مـاملێ، هی کـاک (هاشم نانەوازادەگان)ە، کە خەڵکی مەهابادە و لە گەڵ مـاملێ دۆستە و لە سەر میلۆدی کۆمەڵێک لە گۆرانییەکانی دایناون.

ئەم کـارە لە لای من کارێکی بەرزە و، لە کوردەواریدا جگە لە کـاک خالید دلێر لە کوردستانی بندەستی ئێراق، کەم دەستی داوە، کەسی وا هەڵکەوێ و، لە سـەر مـێلۆدی گـۆرانی، هۆنراوە دابنێ. شـاعـیـری گـەورەمـان زۆرن، بەڵام کـەسـیـان ئەم کـارەیان نەکـردووە. هۆنراوە دانان لـە سـەر مـێلۆدی گۆرانی، بۆ کەسێک کە بەهرەی گۆرانیگوتنی تێدا نەبێ، زەحمەتە. ئەو



Mamle Art Center

هۆنراوانەی کە کاک هاشم لە سەر میلۆدی ئەژمارێک لە گۆرانییەکانی ماملێ دایناون، لە هەر پلە و پایەیەکدا بن، خاوەنی بایەخی سەردەمی خۆیانن و، ماوەیەکی دوور و درێژە لە سەر زارانن و، گوتراونەتەوە و، ئێستاش دەگوترێنەوە. چونکە مێلۆدی گۆرانییەکانی مامڵێ و شیعرەکانی کاک هاشم، وەها پێکەوە گونجاون، وەک چۆن زێڕنگەرێک، قالب بۆ ئەنگوستیلەیەک دادەڕێژێ، بێ ئەوەی کەم و زیادی هەبێ، ئەو شیعرانەش ئاوەها لە دارێژگەی میلۆدی ئەو گۆرانیانەدا جێیان گرتووە و، داکاسراون. هیوادارم لەم بوارەدا، زۆری دیکەی وامان تێدا هەڵکەوێ.

«ناسری رەزازی» ستۆکهۆڵم ٦/١١/١٩٩١



www.mamle.net
Mamle Art Center

1969 : ساڵ

## سرشكی سوور و گەش

سرشكی سوور و گەش كانی مرادم
لە دووریت غەم زەدەم مات وكەسادم

كەسێ نیە غەیری تۆ سێبووری حاڵم
بە دایم دڵ پڕ و شەیدایی خاڵم

چ جوانێكە كە تیری وا بەكارە
چ خونچێكە كە دڵ بۆی بێ قەرارە

نموونەی جوانیە شێت بووم لە تاوی
كە وا بوومە ئەسیری زولفی خاوی


Mamle Art Center
www.mamle.net

بە خـــاڵی گـــەردنی جـــەرگی بڕیوم
دەڵێی شـــەشـــدانگی ئیـمـــانی کـــڕیوم

لە عـــیـــشـــقی ئەو گـــوڵەی دایم دەناڵم
بە بێ خـــاڵی روخـی وێرانـە مـــاڵم

لە دەست چوو رووحـەکـەم عـومـری جـەوانی
گـــوڵم لەو عـــومـــرە دایە کـــامـــەرانی

کـــە تۆ قـــەدری شـــەبابی خـــۆت نەزانی
وەرە بۆنت بکـەم تـۆ بەشـــقی جـــوانی



www.mamle.net

طاہر:
١٩٧١
زارا ئەو هاوار

## دەنگی بلوێر

گــیــانــه خــورەی ئـاوی شــەو دەنـگی بلـوێری
نـازی یاری نـازەنـین کــاتـی شـــەو بێـــری
من له عیشقی تۆ کزم          چاو رەشی کارمامزم *
بلبلی سەربەست
بێنه کوڵمەت هەڵمژم          من له دووری تۆ دژم
دولبەری چاو مەست

گیانه خرمەی پووڵەکە و مێخەک و گواران
شـەوگـەڕی شـەوداوەت و هـەوهـەوی سـواران

گــیــانــه بەزمی بلبل و بازی کــوێستــانێ
قـاسـپەقـاسپی خـاسـەکـەو دەنگی حـەیرانێ



Mamle Art Center

خـۆشـە یاری با وەفـا بێـتـە سـەر دینت
تا دەمێ سـاکین ببێ جـەرگی خـوێنینت

گـیـانە جـەرگم هەڵدڕن پڕ لە زووخـاوە
یاری جـوانم بێ دەلـیل بـۆچـی تـۆراوە

گیانە مەستی عیشقی تۆم شێت و شەیداتم
بـۆچـی تـۆراوی لـە مـن تـاقـە ئاواتم

* سەربەند



Mamle Art Center

www.mamle.net

## خونچەکەی باغی هومێد

www.mamle.net

خونچەکەی باغی هومێدم بۆچی ناپرسی لە من
من لە بەندی عیشقی پاکت دا کز و سەوداسەرم

دێتە بیرت خاترەی دەورانی عیشق و عاشقی
راز و ناز و پێکەنینت شۆخی جوان و دڵبەرم

خەندەکەی لێوت ئیشارەی پڕ هومێدی پێ دەدام
تا ئەبەد بەو عیشقە ماوم نازەنینم، دڵبەرم

بێ وەفایی حەیفە لێت یاری عەزیزم بێرە لام
تا دەوا بێ زامی جەرگم خەم رەوێنم، خەم بەرم



Mamle Art Center


جێژنی قوربانە هەموو عالەم بە کەیف و سەرخۆشن
بۆتە گریان کار و پیشەم غەرقی ئاو و ئاورم

شەرتە گیان و دڵ فدای عیشقت بکەم ئەی بێ وەفا
یادی تۆ بۆ من بەهەشتە نازەنینم، سەروەرم

بەسیە هاشم تا بە کەی عیشقی مەجازی بێ سەمەر
ناعیلاجم هەر بە هەوای عیشقی حەق خاکی دەرم



Mamle Art Center



## قەتار

www.mamle.net

گوڵی بەیانم، هەناسەی ژینم
ڕەگی حەیاتم، کۆڵەکەی دینم
هەتاکەی لە سوێی جەماڵی ماهت
ئەستێرەی گەشی نیوە نیگاهت
بزەی سیحراوی لێوە ئاڵەکەت
کەوانەی برۆ و چاوەکاڵەکەت
بنۆشم خوێنی جەرگی بڕاوم
بکێشم جەوری دڵی شکاوم
مات و مەلوول و پەشێو و کز بم
لە دووری باڵات دڵ و عاجز بم
بڕوانە پۆلی گوڵ و وەنەوشە
گوڵی گوڵاوی حەسار و حەوشە



Mamle Art Center

بولبــول دەخــوێنێ، مــەســتی بەهـارە
دڵی مــیش مــەســتی دیداری یارە
دەزانێ بەهـار عــومــری زۆر کــەمــە
زســتــان وەرزێکی پڕ دەرد و غــەمــە
دەرسی ئاشــقی لە بولبــول فـێــر بە
عــەتری گــوڵ بگرە و لە شەونم تێــر بە
مەجنوون سەرگەشتەی عیشقی لەیلایە
ئیــبــراهیم شــەیدای نووری خــودایە
فەرهاد سەرگەشتەی عیشقی شیرینە
بێستوون شاهکاری عیشق و ئەوینە
خــەج و ســیــامــەند دڵبــەر و دڵدار
هەردوو بە داوی عــیـشق بوون دووچار
هەزاران لاس و خــەزاڵ و مــاڵ مــاڵ
نـاسـری قــارەمــان ئاشق و عــەبداڵ
مــەم و خــاتوو زین ئەو دوو نازدارە
دڵیــان وەک هـاشم مــات و غــەمـبارە
لە ڕێگەی عیشق رووحیان فیدا کرد
زەرڕەیەک لە عیشقی حەقیان پەیدا کرد



www.mamle.net

Mamle Art Center

ساس

1958

## کۆچی سوور

من پەروانەم لە دوای خـــاڵت
ســـووتام بە شـــەوقی جـــەمـــاڵت
ئەی بێوەفـــا تاکـــەی جـــەفـــا
بـەیانـە دانـەی ئـەســـــریـنـم
ئەڕژێ لـە هـیـجـری دوو پیـاڵـەی، چاوی
کاڵت

ڕەببی چاوجـــوان نـەڕۆی لێـــرە
لەســـوێی تۆ دەمـــرم چاوجـــوانێ
بەخـــودای گـــوڵم، نێـــوی دڵم
کـــە مـــەجنوون وێڵی شـــاخـــانە


Mamle Art Center
www.mamle.net

وەکوو من شێتی لەیلا نیە، گوڵەجوانێ

دەڵێن هەوارت سەهەندە
رەببێ نەچی روو بەخەندە
یا خوا سەر قافڵەت هەتڵە بێ
چەند نەحسە کوێستانی لێلت
پەرواز ئەکەم لەدوای عێڵت، لە دوای خێڵت

من عاشقم وێڵ و شەیدا
بۆ سووره گوڵ دەو باغەی دا
ئەی سایەلار ئەی گوێ بەگوار
دەمرم لەبەر کۆچی دوورت
خوێنی منە کۆچی سوورت، کۆچی سوورت

کۆچی یارم کۆچی سووره
بەهاره خێڵ بەرەو ژووره
رەببی قاسید کورت مرێ
رەببی ئەو کۆچە سەرنەگرێ
چوونکە یارم لەمن دووره، لە من دووره


Mamle Art Center
www.mamle.net

مامڵێ

1989

## پەیامی دڵ

وەرە پــــەیــــامــــی دڵــــم
بــەرە بـدە بــە گــــــوڵـم
لە هیــجــری خــاڵی روخــی
پـــــــاوە بـەنـدی دڵـم
مــــــەدە عـــــــەزابم
بنـێــــــرە جــــوابم
لـــە بـــاغـــی تـــازە بـــەرم
غـــــــەریـب و دەربـەدەرم
ئەســــیـــــــری داوم
بـە دڵ ســـــــــووتـاوم
لـــە یـــاری لالـــە روخـــم


Mamle Art Center
www.mamle.net

دەمــــێکە بێ خـــەبەرم
قـەســەم بە حـوسنی جـەمـاڵ
قــەســەم بە چاوی کــەژاڵ
قــەســەم بە زولفی رەشت
قــەســەم بە رۆژی ویســال
نــەمــــــاوە رەنـگم
ســــووتاوە جــــەرگم
لـە ســــۆز و نـاڵـەیـی دڵ
لە رازی بولبـــول و گـــوڵ
کـــــە بێ مــــــرادم
کـــز و کـــەســادم
لـە بێ وەفــــایـی بـەهـار
لە هـیـجـری چاوی خـومـار
کـــــزەی هـەنـاوی رەشـم
ســرشکی ســوور و گـــەشم
لە بێ وەفـــایـی فـــەلەک
ئـــەوانـــە بـوونـــە بـەشــم
عـەزیزی مـاڵـم شـەهـیدی خـاڵم
قـەسـەم بە خـەندەیی رووت
دڵم پـەشـێـــوە لە دووت
فغانی عیشقە خەو و خـەیاڵم
قـەســەم بە جـەور و جـەفـا



Mamle Art Center

قـەسـەم بە عـیـشق و وەفـا
کـەسێ هـەیە لە جـەهـان
لە عـیـشق و رازی نـەهـان
بـزانـێ حـاڵـی دڵـم
لە شین و داد و فـەغـان
ئـەسـیـری داوم
بـە دڵ سـووتـاوم
فـغـان و شـینە بەشم
ببـینە بەخـتی رەشم
چیـە گـوناهـم
کـە بێ پـەنـاهـم
فـەلەک کـز و بە غـەمـە
لە دەردی گـیـان و لەشم


Mamle Art Center
www.mamle.net

ما ل

١٩٧٥

# عەزیزم بەیانی کە گوڵ عەترێ دەڕێژێ

عەزیزم بەیانی کە گوڵ عەترێ دەڕێژێ
کە بولبول دەخوێنێ کە سۆفی دێتە نوێژێ
لە کونجی قەفەسدا بە سەد ناڵە دەخوێنم
هەناوم نەماوە لەبەر چی نایە شوێنم
لە هیجرانی ویساڵت
لە دووری خەت و خاڵت
هەتا هەم دەخوێنم دەناڵێنم
هەتا نەوگوڵی خۆم وەدەست دێنم
کەژاڵێ کەژاڵ گیان لەبەرچی نایە شوێنم
لەبەر چاوی بازت لەبەر جەرگی بەخوێنم



www.mamle.net
Mamle Art Center

هەتاکەی بڕێژم سرشکی سوور و ئاڵم
کەژاڵی عەزیزم لە هیجری تۆ بناڵم
هومێدم نەماوە مەگەر لوتفی ئیلاهی
کە خوێنم دەڕێژم بە جورمی بێگوناهی
وەرە رووحی رەوانم
گوڵی بۆنخۆشو جوانم
بەبێ تۆ ژیانم نەبێ چاکە
هومێدم بە دەرگاهی بێ باکە
لەسەر تۆ دەڕێژم سرشکی سوور و ئاڵم
لە هیجری ویسالت شەو و رۆژێ دەناڵم

لە باغی گوڵان دا ئەتۆی تاقە گوڵی من
ئەتۆی نووری چاوم ئەتۆی بەندی دڵی من
لە باغی ویسالت دەبێ غونچە بچێنم
لە هیجری ویسالت بە سەد ناڵە دەخوێنم
لە هیجری تۆ دەناڵم
کەژاڵی رووبەخاڵم
دەکێشم بە دڵ جەوری دڵداری
دەپێوم جیهانی جەفاکاری
هەتا کەی بڕێژم لەسەر تۆ خوێنی سوورم
برینم بەئێشە دەمێکە لە تۆ دوورم



www.mamle.net

گـوڵ و لالە پشکووت دەور دەوری گـوڵانە
گـــوڵی مـن دەپشکوێ بـەهاری دوو دڵانـە
کە بولبول دەناڵێ دەڵێ کوا گوڵی سـوورم
هـەنـاوم نەمـــاوە دەمـــێکە لـە تـۆ دوورم
دەڵێن ئەورۆ بەهارە
بەهاری دوو دڵانە
کە بولبول دەکا رازی دڵداری
دەکەڵ کۆنەیاری جەفاکاری
بـەهـارە عـــــەزیزم بـەهـاری دوو دڵانـە
کە بولبـول دەخوێنێ لە سـەر پەلکی گوڵانە

www.mamle.net


Mamle Art Center

## ئەی گوڵفرۆش

عاشق
١٩٧١
زاری چوار

ئەی گوڵفرۆش تاکەی سەودای تۆ بم
عەتری گوڵم بڕوا و من ڕەنجەڕۆ بم
بێنە گوڵی سوورم، تا عەتری ماوە
جەوری زەمانە بەسە، جەرگم بڕاوە
جەوری زەمانە بەسە جەرگم بڕاوە، جەرگم بڕاوە، جەرگم بڕاوە.

من بولبولی چەمەنم ئەورۆ بەهارە
جەورو جەفایە بەشم، دڵ بێقەرارە
تو خوا وەرە گوڵەکەم تاکەی بناڵم
دڵ پڕ لە دەردو غەمو شەیدای خاڵم
دڵ پڕ لە دەردو غەمو شەیدای خاڵم، شەیدای خاڵم، شەیدای خاڵم.


Mamle Art Center
www.mamle.net

من عاشقی رووی تۆم دنیا دەزانێ
بێهوودە سەرفی مەکە دەوری جەوانێ
نابێ بنازی گوڵم ئەورۆ کە جوانی
تەنیا گوڵی گوڵەکەم باغی گوڵانی
تەنیا گوڵی گوڵەکەم، باغی گوڵانی، باغی گوڵانی، باغی گوڵانی.

جێی نازو عیشوە نییە جوانو تەمیزی
ئەمری خودایە کە تۆ بۆ من عەزیزی
من عاشقی رووی تۆم، کاری خودایە
ئەو نەخشو خاڵ و روخەت، بۆ من جەفایە
ئەو نەخشو خاڵ و روخەت بۆ من جەفایە، بۆ من جەفایە، بۆ من
جەفایە.

ئەو دەردو رەنجو غەمە، تاکەی کەژاڵم
رووحم فیدای روخت، ئەی روو بەخاڵم
سەرفی دەکەم لە غەمت ماوەی ژیانم
بۆ عەتری خاڵی روخت وێڵی جیهانم
بۆ عەتری خاڵی روخت وێڵی جیهانم، وێڵی جیهانم، وێڵی جیهانم.

مەسەلەی مەشهوورە، نەقڵی فەرهادی
لە رێگەی شیرندا، چەندی جەفا دی


Mamle Art Center

**شەهیدی ئەو ڕێیە، وردی زوبانن**

**مردن بۆ عاشق نیە، هەر جاویدانن**

**مردن بۆ عاشق نیە هەر جاویدانن، هەر جاویدانن، هەر جاویدانن.**

www.mamle.net



Mamle Art Center

## جەرگی بڕیوم

جەرگی بڕیوم بە ناز ئەو گوڵە ئاڵە
عالەمی شێت کردوە هێشتا منداڵە
تیری نیگاهی بە ناز تۆبە دەشکێنێ
یاری بە ناوبانگی من جوان و چاو کاڵە
ئێستە کە عالەم دەڵێن بۆتە دێوانە*
ئاگری عیشقەو قسەی گشت هەموویانە

قاشی برۆی ئەو گوڵەم ماهی تابانە
وێڵی جیهانم لە سوێی ئەو گوڵە جوانە
چاوە گەلاوێژەکەی پێشڕەوی رۆژە
بۆیە لە دەوری سەری بوومە پەروانە

www.mamle.net



Mamle Art Center

ئێستە کە خزم و کەسم بوونە بێگانە
تاقە گوڵی من لە جێی گشت هەمویانە
تاکوو لە دونیا دەژیم هەر بە هەویاتم
زەردەخەنەی یاری من مەڵهەمی گیانە

من کە بە عیشقی گوڵم وا گرفتارم
ناڵەیی ئەو عیشقەیە داد و هاوارم
رووح نەبێ نرخی نیە بۆ فیداکاری
رووحی عەزیزم فدای یاری نازدارم

شەربەتی عیشقە دەبێ نۆشی کەم چاوم
لۆمەیی حاڵم مەکەن من کە سووتاوم
هەرچی بسووتێ لە رێی عاشقی رندە
بۆیە نەماوم لە سوێی یاری تۆراوم

ژانی برینم لە کن عاشقان دیارە
مەحرەمی عیشقی منە هەر چی دڵدارە
شاهدی عیشق و جەفا جەرگی سووتاوە
عاشقە بەدناوی ناو عالەمی شارە

کێ هەیە ئەورۆ بڵێ عاشقی چۆنە


Mamle Art Center
www.mamle.net

عـاشـق و دێوانـەگی مـــەکـتـــەبی کـۆنـه
بولبـوله شـاهـیـدی من ئەو جـەفـا کـێـشـه
دڵبەری چاو جوانی من عەتری خۆش بۆنه

*سەربەند

www.mamle.net



Mamle Art Center

## دڵبەری نازەنین

دڵداری مـــەیدانی خــــەمــــە
ئیـــشق خـــەرمـــانی مـــاتەمـــە
لە دنیـــا غـــەمــــە بەشی من
چ رەشــــە بەخــــتی رەشی مـن
وەرە دڵـبــــــــەری نـازەنــین*
چـاوبـازی دەم بـە پـێـکـەنـین
رەببی تۆش دەردی من گـــــری
گــــیـــرۆدەت بێ دەردی ئەوین

مـن ئـاشـــــــقی چاوی رەشـم
ئەمــــرۆ لە نازی بێـــبـــەشم


Mamle Art Center

دنیا لە من بەحری خەمە
لێم زیزە یاری مەهوەشم

یار قورینگی نێو شەتاوە
دەڵێی گوڵزارە خەمڵاوە
بە ئیشارەی چاوی جوانی
کوشتوومی ئەو بەڵەک چاوە

چاوجوان گیان شۆخی نازداری
عەتر لە گۆنەت دەبارێ
شێتو شەیدا بووم لە دووریت
تۆ خوا مەمکوژە بە جارێ

مەیدانی عیشق هەروایە
غەمو شینو واوەیلایە
چی بێ دووچاری ئەو دەردە
رێبازی عیشقی لەیلایە

* سەربەند


Mamle Art Center

ماملێ
١٩٧٥ ماملێ

## بولبولی شەیدا

www.mamle.net

هەتا زستانە غەمگینم
گوڵی سوورم، کە نابینم، کە نابینم، کە نابینم
بە تەمای وەسڵی دڵدارم
لە غەمت دڵ بریندارم
وەرە ئەی بولبولی شەیدا *
لە غەمی گوڵ مەکە زاری، مەکە زاری، مەکە زاری
دەبێ ئاشق لە تۆ فێر بێ هەموو دەرسی وەفاداری

دڵی من ماتو غەمبارە
کە گوڵی من لە گوڵزارە، لە گوڵزارە، لە گوڵزارە
چریکەی بولبولە ئەی دڵ
کە دەچێ بۆ تەوافی گوڵ


Mamle Art Center

وەرە توخوا گوڵی سوورم
دەمێکە من لە تۆ دوورم، لە تۆ دوورم، لە تۆ دوورم
لە چەمەن دا مەکە زاری
وەکوو من دڵ بریندارى

شەو مەتا ڕۆژ نیە حاڵم
کە ڕمودەی خەت و خاڵم، خەت و خاڵم، خەت و خاڵم
لە چەمەن ئینتزاری تۆم
گوڵی سوورم وەرە ماڵم

وەرە شەرتێ بکە ئەی دڵ
کە دەچی بۆ تەوافی گوڵ، تەوافی گوڵ، تەوافی گوڵ
بە تەمای وەسڵی دڵدارم
بە شەرتی خۆم وەفادارم

کە دڵم مات و ڕەنجوورە
بە هومێدی گوڵی سوورە، گوڵی سوورە، گوڵی سوورە
بە تەمە قەلبی غەمبارم
گوڵی سوورم لە من دوورە، لە من دوورە، لە من دوورە

* سەربەند


Mamle Art Center
www.mamle.net

## نازمەکەنازەنین

www.mamle.net

کەڵەکەتی بەڵەک چاوە
عەقڵ و هۆشم بۆی نەماوە
دەڵێی گوڵزارە خەملاوە
وەرە ناز مەکە نازەنین *
دم قەندی لێو بە پێکەنین
وەرە ناز مەکە چاوەکەم
خوێن شیرنی چاو خومارەکەم
عەزیزی چاو کەژاڵەکەم
بە بێ تۆ چۆڵە ماڵەکەم

من عاشقی چاوی کاڵم

شـــێـــتی دوو چاوی کـــەژاڵم
عـــاشـــقم وێڵ و عـــەبداڵم

کـــەڵەگـــەتی چاو خـــومـــاری
شـــەکـــر لە لێـــوت دەباری
کـــوڵمـــەت وەک دەنکی هـەناری

عـــاشق دەبێ رووح وەلا نێ
تەنیـــا هـەر جـــەور و جـــەفـــا نێ
وەرە مـــاڵم گـــوڵە جـــوانێ

قـــــەدری تۆ هـەر من دەزانم
دڵبـــــــەرم رووحـی رەوانم
شـــێت و شـــەیدام گـــوڵە جـــوانم

* سەربەند



Mamle Art Center

سالی 1963 رادیۆ تاران تۆمارکرا ـ شازە ڕەیلی

## لێم زیزە

مـــاڵە بـابم بێـــوەفــــا
ســەبرم نەمـا تـاکـەی جـەفـا
سنگی بـاغی بـاســـەفـــا
لیم زیزە لێم زیزە چاوجوانێ*
گەوهـەری یەکدانەیە، دم قەندی رووماهـی تابانێ

دەردی ئـیـــشـــقـم کـــارییـــە
واخـــوێن لە چـاوم جـــارییـــە
من بەشم غـــەمـــبـــارییـــە

ئـەی گـــــوڵـم ئـەی لالـەروو

www.mamle.net

ئەی بولبـولی دێوانەخـوو
بێ سـەبەب شـەیدا نەبوو

ناڵەیی ئیشـقـە بەشم
من عـاشـقی چاوی گـەشم
زیزە یاری مـەهـوەشـم

تـاڵـە بـێ تـۆ ژیـنـی مـن
تۆ خـوا وەرە سـەر دینی من
مـەڵهـەمی کـەبرینی من

شـێـتی تەنیـا خـاڵەکـەم
خـاپوورە بێ تۆ مـاڵەکـەم
دولبـەری چاوکـاڵەکـەم

مـەیلی تۆ لوقـمـانمە
ژینت هـەنـاسـەی ژیانمە
خـەندەکـەت دەرمـانمە

* سەربەند



Mamle Art Center
www.mamle.net

١٩٦٤

## بۆ لێم زیزە

گــوڵێکی بۆ جــەفــا خــولقــێندراوی
بــە ئـاوی دڵـڕفـــــــــێنـی ئـاو دراوی
بە عـــەتری بێــوەفــایی خــۆش کــراوی
چەند رۆژە نەمــــدیوە دنیـــا زیندانە*
بۆ لـێم زیزی، لـە ســــــەر چـی تۆراوی
بۆچی بژیم بەبێ گوڵم نامەوێ ئەو ژیانە

دەڵێی جـــەفـــا بە بەژنـی مـن بڕاوە
لـە بێـــــــوەفـــــایی تۆ دڵـم شکـاوە
دڵم بە خـــوێنە تاقـــەتم نەمـــاوە



Mamle Art Center

www.mamle.net

گولێکی خەم ڕەوێنی، رووبەخاڵێ
دڵی منە بە تیری تۆ دەناڵێ
قەسەم بە ئیشقی پاکی تۆ کەژاڵێ

لە خەندەکەت دەمێکە بێ مرادم
لە دووری خاڵەکەت کزو کەسادم
بە یادی تۆیە گەر بە کەیفو شادم

بە جوانی گەوهەرێکی بێ میسالی
بە خانەوادە مەزهەری کەمالی
نەجیبو بێ نەزیرو چاوکەژاڵی

حەلاڵە گەردنم رووحی رەوانم
کەژاڵی خۆشەویست و یاری جوانم
بە راستی بێ تۆ چاترە نەمانم

* سەربەند


Mamle Art Center

## مەجنوون

مایس
١٩٧٦

www.mamle.net

مەجنوون لە بەر چی وادەکەی
مەقسوود و دەردی تۆ چییە
بۆ چوویە شاخ و کێوو کەژ
کارت هەمیشە زارییە
سەد کیژی جوانتر لێرە هەن
گەر مەتڵەبی تۆ جوانییە
شەیدا مەبە، زاری مەکە
دنیا سەراسەر فانییە
دەردی ئیشق نازانی تۆ
دەردی ئیشق گەورەو گرانە
مەیدانی ئیشق و ئاشقی



**Mamle Art Center**

## سووتان و گریان و فغانە

مەجنوون لە لەیلا چیت دەوێ
سەت کیژی شیرینتر هەیە
چاوباز و گەردن کێڵو جوان
رووح سووک و دڵگرتر هەیە
بێهوودە خۆت رسوا دەکەی
مەقسوودی لەیلا تەفرەیە
جوانی نییە ئەی بێ خەبەر
تەکبیری تۆ بێ بەهرەیە
دێوانە نیم من ئاشقم
ها بەو دڵەم لەیلا ببینە
دەرمانی دەردم چارە کە
نێوی دڵم پاکی برینە

نووری ئیشق نابیندرێ
هەر وەک رووحی پەروانەیە
هەر کەس کە ئەهلی دڵ نەبێ
مەجنوونی پێ دێوانەیە
ئاشق بە دڵ شەیدا نەبێ
سووتانی پێ ئەفسانەیە
مەردانی رێگای ئاشقی



Mamle Art Center
www.mamle.net

سـەر دادەنێن مـەردانـەیە
ئاشق هـەتا سـەر دانـەنێ
ناگـاتە رێی ئاوی حـەیاتێ
مـەردی دەوێ سـەر دابنێ
مـەسـتانە بۆ رێگای نەجـاتێ

گـەوهـەر لـە بن دەریـایـەدا
بێ رەنجو غـەم دەست ناکـەوێ
بۆ مـشـتـەری ئەو گـەوهـەرە
سـەدها نەفـەر نانوون شـەوێ
تا رووحی شـیرین دانەنێی
گـۆبازی پێ نەکـرێ لەوێ
نابێ بڵـێی من ئاشـقم
گـەوهەر کـڕین رێبـازی مـەرگـە
هەر کـەس بە هەویای گـەوهەرە
خـواردنی خـەمو خـوێناوی جـەرگـە


Mamle Art Center
www.mamle.net

## تا بە کەی

تا بە کەی دوور لە چاوی لەیلا بم
دوور لە ئاوایی شێت و شەیدا بم
مەست و رسوا لە کێو و سەحرا بم
دوور لە یاران لە بەحری غەم دا بم

رووحەکەم ئێستێ دوور لە یارانم
دوور لە گۆوەندی چاو خومارانم
بولبولم جێ و مەکانی من باغە
دەچمەوە جێ هەواری جارانم

www.mamle.net



Mamle Art Center

ڕووحـــەکـــەم نـەونەمـــامی گـــوڵزارم
بۆ وســـاڵت بـه دڵ فـــیـــداکـــارم
ڕۆژ و شـــــەو شین و زاریـه کـــارم
بۆ فـــــەلەک ڕۆیی دەنگی هـاوارم

هـــات بەهـــارم، بەهـــاری ڕەنگـینـم
پەرچەمت لادە گـــیـــانە بتـبـینم
بەسیـه تاکەی جەفا گوڵی سوورم
زۆر پەشـــۆکـاوە قـــەلبی غـــەمگینم


Mamle Art Center
www.mamle.net

## یادی بەخێر

ئەو گوڵەی مەشهووری گشت عالەم بوو، کوا یادی بەخێر
لوتفی وی دەرمانی دەردی من بوو، کوا یادی بەخێر
چۆن دەبێ فیکری نەبێ، تیری لە جەرگم کارییە
ئەو دەمەی بوومە نیشانەی تیری وی، یادی بەخێر

من دەناڵێنم کە بولبول بۆ لە گوڵزارا نییە
ئەو دەمەی بولبول دەهاتە گوڵشەنم، یادی بەخێر
یار کە دەیفەرموو وەفادارم بە عەهدی ئاشقی،
چۆن لە بیری کەم کەلامو خەندەکەی یادی بەخێر



Mamle Art Center

گەر بە غەمزەی چاوی مەستو زەردەخەندەی لێوەکەی،
شێتو شەیدای کردمو رۆیی لە لام یادی بەخێر
چۆن بژیم بێ تۆ گوڵم، ئەورۆ کە دوور کەوتوی لە من
گشت جیهان زیندانە بۆ من، ئیشقی تۆ یادی بەخێر

رووحەکەم تاکەی وەکوو مەجنوونی شەیدا ناڵە کەم
هەر لەسەر شەرتی قەدیمم شەرتەکەت یادی بەخێر

www.mamle.net

عەرزاری بیخار
١٩68

## گەنجی شاهی

هەڵوەدای جەماڵی تۆم شێتی خاڵەکانی تۆم
تاقەتم نەما گوڵم ماتی لێوی ئاڵی تۆم
چۆن ئەسیری عیشقی تۆم مەستی چاوی کاڵی تۆم

گەنجی شاهی بارتەقای گەردنی پڕ لە خاڵتە*
کار لە لۆمە چۆتە دەر خوێنی من حەڵاڵتە
ئای خوێنی من حەڵاڵتە

من ئەسیری عیشقی تۆم کوشتنم ڕەوا نیە
بێ وەفا مەبە گوڵم بێ وەفایی چا نیە
جەوانی تۆش هەمیشە نیە ئەو جەهانە فانیە



Mamle Art Center

سوێند بەچاوی کاڵی تۆ،سوێند بە لێوی ئاڵی تۆ
یادی تۆیە فکری من، من دەژیم بە یادی تۆ
نووری چاوەکانمە دیتنی جەماڵی تۆ
دڵ بە داخ و حەسرەتی غونچەکەی مرادمە
عومری گوڵ گەلێک کەمەبۆیە شین و دادمە
مەنزەرەی جەماڵی یار دایمەن لە یادمە

شێری پرچنم، گوڵم! سەد حەیف نەچیری تۆم
لوتفی تۆ بە دڵ نەبوو بێ سەبەب ئەسیری تۆم
بازی سەرپەڕی چیام مورغی خانەگیری تۆم

* سەربەند


Mamle Art Center

## جەرگی بڕیوم ...

سـلاوی شـەکـرە لێـوەکـەت کـە دێتـەوە خـەیاڵی من
ئەسـیـری دەسـتـی کـافـران، رەببی نەبن بە حـاڵی من
شەهیدی عیشقی پاکی تۆم، عەزیزی روو بە خاڵی من
جەرگی بڕیوم ئەو دولبەرە، شـەمـاڵ پەیامی بۆ بەرە*
بڵێ بە یارە جوانەکەم نەجیبە، جوانە، دڵتەڕە
بەهەشتە دیتنی گوڵم شەڕابی حەوزی کەوسەرە

بە من چی جێژنی عالەمە، بەهارە وەختی شادیە
غەمی زەمانە بۆ منە سرشکی نامرادیە

www.mamle.net



Mamle Art Center

کــە زیزە یاری نـازەنین هـەمــوو خــەتای فــەســادیە

ڕەقــیــبی مـن لە خــزمــەتت چلۆنی پێ کـوتـی گـوڵم
کــە رووم نەمــاوە بێـمــە لات بـە تۆ بڵـێم قــســەی دڵم
عــەزیزی خــۆشــەویسـتی من پەژارە بوو بە حـاسـڵم

خــەیاڵی تۆیە ڕۆژ و شــەو عــەزابی رووحی پڕ غــەمم
غــەمی وســالی تۆ دەخــۆم ئەســیـری داوی پەرچەمم
بە فکری تۆوە سـەر دەنێم هـەمـیشـە غـەرقی مـاتەمم

لە داخی چەرخی پڕ سـتـەم هـەمـیشـە شـینە کـاری من
کـە من نەمـام لە سـەر جیـهـان قـەرارە یاری جـوانی من
بە وەش رەزایەتێ دەدەم کــە بێــتــە ســەر مــەزاری من

چ خــۆشــە مــەنزەرەی گــوڵان، چ خــۆشــە دەنگی بولبـولان
چ خۆشە بەزمی مەی کەشان لە نێو چەمەن، لە نێو گوڵان
ئەگــەر خــودا نەســیب بکا چ خـۆشــە وەســڵی دوو دڵان

لە هـیـجـری بولبـولی چـەمـەن نـەمـاوە رەنگی ئەرغـەوان
بـخــوێنە قــومــری تا دەژی بـە یادی زەنگی کــارەوان
بە تیـری نازی کـوشـتـمی بە دەردی عـیـشـقی بێ ئەمـان



Mamle Art Center

هەزار شــەهیـدی بێ نیـشـان بە ئینتــزاری تۆ دەژین
هــەزاری وەک منـی هـەژار، هـەزاری وەک منی حـــەزین
فــیـدا بوو پاکی بێ بەها نەمـا نە ســەر نە مـاڵ و دین

*سەربەند

www.mamle.net


Mamle Art Center

## سەبری ئەیووب

لە سەبری ئەیوب زۆر لەمێژترە
مەقامی عیشقم زۆر لە پێشترە
برینی جەرگم زۆر بە ئێشترە
دە ساڵە شەیدام لەیلەکەم نەهات*
لە هیجری یارم چۆڵ دەکەم وڵات

بڵێ بە لەیلام شێتی چاوی تۆم
قەسەم بە خاڵت دڵ بڕاوی تۆم
بە دڵ ئەسیری زولفی خاوی تۆم



www.mamle.net
Mamle Art Center

بەهارە عـــالەم شـــاد و بێ غـــەمن
لە هیـــجـــری لەیلا مـــاتەمـــە لە من
لە ســـەر چی زیزی دەردەکـــەت لە من

چەلێک بپـــرســـە حـــاڵی زاری من
دەواکـــە دەردی بێ قـــەراری من
لە ســـەر چی زیز بوو، ڕۆیی یاری من

کـــە من ئەســـیـــری زولفی خـــاوی تۆم
شـــەهیـــدی عـــیـــشـــقم دڵ بڕاوی تۆم
جـــەفـــا دەکـــێـــشم دڵ شکاوی تۆم

وەرە عـــەزیزم رووحی شـــیـــرینم
لە دووری چاوت مـــات و غـــەمگینم
چەلێ ببـــینە خـــوێنی ئەســـرینم


بە یادی چاوت، زەردەخـــەندەکـــەت
بە یادی خـــەندە و پێکەنینەکـــەت
بە یادی بووســـە و مـــاچی لێـوەکـــەت

* سەربەند



Mamle Art Center


www.mamle.net



## ئەمان دوکتور

www.mamle.net

ئەمان دوکتور دڵم مەژاکێنە یار لە نێو دڵم دایە
من هومێدم خودای کەریمە من بە تۆ چارەم نایە
بریندارم بە تیری چاو جوانێ کوا تەبیبی ئازارم
بێ قەرارم لە هیجری دووریت یاری شۆخ و نازدارم
من کە رۆژێ نەمدەدیتی چۆن دەبوومە پەروانە
ئەو دڵەی من لە هیجری تۆیە بێ عیلاج و دەرمانە
خاڵی لێوت پەرچەمی داوداوت چۆنی کردم ئاوارە
عیشقی پاکی منە عەزیزم وردەقامی ئەو شارە
خوێنی پاکم حەڵاڵی تۆ بێ، قیمەتی خاڵی رووتە
خریدارم بە خوێنی سوورم دڵبەرم لێو یاقووتە
کزەی جەرگم لە سوێت نەماوە تۆی تەبیب و لوقمانم
لەپلەکەم گیان لە سەر چی زیزی من کە خۆم بێ تاوانم



## مەجنوونم دەردم گرانە

www.mamle.net

مەجنوونم دەردم گرانە
مەقسوودم دووچاوی جوانە
ئاوری عیشقم بێ ئەمانە
چاوی من شیرن لەیلایە*
بۆ دەچوومە شاخ و کێوان
لە بەر چاوی تۆ نەبایە

بێستوونم پێ هاسانە
هەڵدڕینی ئەو شاخانە
هیجری یارم زۆر گرانە



**Mamle Art Center**

له خـه‌و دا لـه سـوێت بیـمـارم
ڕۆژ و شــه‌و وه‌خـتـێ بێـدارم
کـــه‌س نابینـم جگـه له یارم

یاخــوا کـه‌س نه‌بێ به حـالْم
یاری شـــۆخ و چاو کـــه‌ژاڵم
ڕۆژ و شــه‌و لـه سـوێت ده‌ناڵم

یاری من خوێن شیرین و جوانه
چاو خـومـار و مـه‌م فـینجـانه
گـه‌رده‌ن کـێل و لێـو قـه‌یتـانه

بۆ لۆمـــه‌م ده‌کـه‌ن خــزمــینه
ده‌ردی عــیــشــقـم زۆر به‌تینه
ســـه‌ر پاکی جـــه‌رگم برینه

چه‌ند ســاڵه خـوێناو ئه‌ڕێژم
پاک باتـڵ بـوو زیـکر و نـوێـژم
ده‌رد و غــه‌م نـه‌مــا نه‌ی چێـژم

* سه‌ربه‌ند



Mamle Art Center

## کــــــه بـولـبــــــــول دێ....

کـــه بولبـــول دێ دەڵێ ئەورۆ بەهـاره
کـــزی دڵبـــەر و ســـەوداســـەری یاره
له هـیـــجـــری روخی لـەیلایه فـــغـــانی
کـه ئەو تاقـه گوڵەم سـەر گوڵی شـاره

وەره دڵبـــەری شـــێـــواو و حـــەزینم
بـه لوتـفـت بکه دەرمـــــــانی برینـم
به خـــاڵی سـەری زولفت شـــەو و رۆژم
بەســـه جـــەور و جـــەفـــا مـــایەی ژینم



Mamle Art Center

چ قــــەومـــــاوە کــــە وانـایە وڵامت
دڵ ئاڵۆزە وەکــــوو پەرچەمی خـــــاوت
وەرە دڵبــەری من ئەی گـوڵی سـوورم
خـــەڵاتی منە لەبخـــەند و کـــەلامت

بەهارە وەرە ئەی بولبـــولی شـــەیدا
مـــەناڵە مـــەڵێ گـــوڵ بۆ نەبوو پەیدا
لە باغی کـــەرەمی خـــونچـــە دەچێنم
لە بـاغی دڵ و گـــــوڵزاری کــــەرەم دا

لە ســـەر تاقی برۆی ئەو گوڵە جـوانە
کــە خــاڵی رەشی لێ بۆتە نیـشــانە
بە خـــاڵی رەشی تۆ بەخــتی رەشی من
نەمـا شــەوکـەتی گوڵ وەختـی خـەزانە

کە خوێن شیرنی وەکوو تۆ نیە لە عالەم
کــە ســەوداســەری ئەو پەرچەم و خـاڵەم
بەســـە دڵبـــەری من ئافـــەتی گـــیـانم
فـــەلەک حــاڵی پەشــۆکــاوە لە ناڵەم



Mamle Art Center

www.mamle.net

## سوێندم خواردوە

سـوێندم خـواردوە خـودایە جی دی دڵداری ناکـەم
دڵ و دین بوو هەمـووی چوو، لەسـەر تاقـە گـوڵەکـەم
لەســەر هیچو خــۆڕایی، وەلای ناوم گــوڵەکــەم

شــەمــاڵ بەرە ولامم، بڵـێ بە لـەیلەکــەی من
لە خـوێنی دڵ، لە هـجـری گـوڵ، لـە داخو دەردەکـەی من

بڵێ بەهارە عـالـەم هەمـووی بەکـەیف و شـادە
ئەسـیـری تۆ، نەچیـری تۆ، لـە هـجـری تۆ کـەسـادە



www.mamle.net
Mamle Art Center

لە هیـجـری خـاڵی گـەردنت پەشـێـو و بێـقـەرارم
کـە تیـری دا لە جـەرگی من لە دڵ کـراوە کـارم

ئەمـا بەهاری عـومـرم بە تەفـرە چوو بە بادا
کە حـەفتـەیەکە عـومـری گـوڵ کـەمـەو مـەجالێ نادا

تەبیـبی من، بە تیـری تۆ، بڕاوە قـەلبی زارم
دەواکـە جـەرگی لەت لەتم غـەریبو بێـقـەرارم

ئەمـاوە تاقـەتی دڵم لە ئارەزووی جـەمـاڵت
لە هیـجـری زەردەخـەندەکـەت لەهیـجـری وردەخـاڵت

بە یادی وەسـڵی رووی تۆ، هـەمـوو دەمێ دەناڵم
بە یادی تۆ لە گـوڵشـەنم، ئەسـیـری چاوی کـاڵم

بە یادی رۆژی ئاشـتی، بە یادی وەسـڵی چاوت
بە یادی شـەکـرە خـەندەکـەت، بە یادی زولفی خـاوت

دەرێژم ئەشکی دەردو غـەم، قـەسـەم بە چاوی بازت
کـە کـاری کـردووە لە دڵ، خـەدەنگی تیـری نازت



Mamle Art Center
www.mamle.net

## قەندیل

لە قـــــەندیلم هـەڵداوە
زۆر بـلـــیـنـد و زەنـوێـرە
بولبـول مـەسـتی گـوڵانە
یار سـەر گـەرمی هاوێرە
لـە داوێـنـان هـەڵـدەڕژێ
سـەراسـەر ئاوهەڵدێرە
کـوڵمـەی یاری چاو جـوانم
هـەر وەک گـوڵی شلێـرە

هـەوارچی پاڵیـان رێک دا
لە گـۆڕی کـانی مـیـران



Mamle Art Center
www.mamle.net

لـە دوای چـاوی لـەیـلایـە
چوومـە سـەد چاک و پیـران
تـاوڵـی مـاڵە چاو جـوانـێ
دەگـەڵ مـە بوونە جـیـران
لە نێـو باغی شلێـران
دێت و دەچێ دەسگیـران

دەشـقـەم خـودا بینووسێ
چارەی لە منی سـەودایی
خـودا بە نەسـیـبم کـا
چاوبـازی مـووتـەلایـی
لە دووی باڵای چاوجـوانێ
دەست دەکـەم بە گـەدایی
بـە قـوربـانـی باڵای بێ
سـەد جـوانی ئامـریکایی

چ بکەم خـودا نەی دامێ
داهـات و گـەنجی قـاروون
لە سـەر رێگای رابخـەم
مەخمەر و قوتنی و ئاڵتوون
بۆ خـۆم گـوڵ بارانی کـەم
بە گـوڵی شلێـر و بەیبوون


Mamle Art Center

وەختە روو لە سەحرا کەم
دەست هەڵگرم وەک مەجنوون

بەو قورعانەم ئەسپاردوە
بۆ خۆی لێکی کردەوە
حەوت جار دەستی پێدادا
بۆ سەر تاقەی بردەوە
دایک و بابی باعیس بوون
پەشیمانیان کردەوە
حەوت ساڵان لە جێی دابن
بە ئاویلکەی مەرگەوە

www.mamle.net

## پەریشانم

١٩٧١ عاس

دەڵێن مەجنوون جەوری کێشاوە
لە دووی لەیلا رووحی داناوە
گوڵم چیت کرد چۆن دەبوو وا بێ
دڵی مەجنوون شێتی لەیلا بێ
دڵی ئاشق پڕ غەمو دەردە
هەناسەی غەم ناڵەیی سەردە
هەوەڵ جارێ سەر دەبێ دانێ
سەری وەک گۆ بێتە مەیدانێ

رەببی بەدکار دەردی من بگری
دڵ بریندار بی دولبەرت بمری
قەت نەڵێی ئۆخەی رۆژ و شەو بگری



Mamle Art Center

www.mamle.net

هــەتـا بــزانــی دەردی یــار چــەنــدە
وەجـاخ کوێرەبی و قەت نەکەی خـەندە
دڵم شـــێــوا کێ بوو شـــێـــواندی
گــوڵم شــەمــزا کێ بوو شــەمــزاندی
ئەوە لەیلا کـــۆچ دەکـــا لێــــرە
نـەمــا گـــوڵشـــەن عــێڵ بەرەو ژێرە
وەرە بـولـبــول ئـاشـــقـی شـــەیدا
چۆل بوە گـــوڵشـــەن بۆ نەبووی پەیدا

کـوا گـوڵـی سـوورم مـات و رەنجـوورم
لـە گـــــوڵـزارە مـــــەوتـەنـی یـارم
وەکـــوو مـــــەجنوون دڵبـــریندارم

فـــــەلەک تاکــــەی دوور لە لەیلا بم
لە هــیــجــری وی شـــێتو شـــەیدا بم
دەبــێ رۆژێ یــاری چـاوجـــــــــوانم
لە نێــو مـــاڵم بێــتــــە مــیـــوانم
هــومــــێــــدم نیـــە بۆ دەمی وەسلم
دەڵێی تەنیـــام بێ کــــەس و نەسلم
بـکــە روحـــــــمــێ بــەو دڵـی زارم
لە دووری یـار زەرد و بیـــــمــــارم



www.mamle.net

Mamle Art Center

فـــەلەک تۆ خـــوا چەرخـی دەورانت
شـــەوو رۆژو کـــارو مـــیـــزانت
ئەگـــەر جـــارێ لەو هەمـــوو جـــارە
بە مـــەیلێ من خـــول بدا عـــارە
دەڕووخـێ ئـەو عـــالـەمو عـــەرزە
دەشـــێـــوێ لێت ئەو چیـــا بـەرزە

خـــالەقی عـــالەم گـــوێ بدە دەنگم
نـەزەر کـــە ســـۆزی دڵـی تـەنـگم
لـە دووری یار مـــات و بێ ڕەنـگم

www.mamle.net



Mamle Art Center

## دڵشکاوم عەزیزم

www.mamle.net

وەکوو بولبول دەناڵێنم
سرشکی غەم دەبارێنم
لە کۆچی نامرادی غەمە بەشی مە
غەمێ مەخۆ عەزیزم خودا کەریمە
دڵشکاوم عازیزم بۆ تۆ نەماوم عازیزم
وەرە لام نێوی دڵم پێت نێ لە چاوم عازیزم

وەرە چاو جوان بڕۆین لێرە
جوابی راستیم بۆ بنێرە
رەببی نەژیم بەبێ تۆ کەژاڵی جوانم
عەزیزی خۆشەویستم گوڵی بەیانم



Mamle Art Center

دڵشکاوم عازیزم بۆ تۆ نەماوم عازیزم
وەرە لام نێوی دڵم پێت نێ لە چاوم عازیزم

خودایە دڵبریندارم
لە دووری یارێ بیمارم
بەسە غەمی جودایی بەسە گریان
نەما هەناو و جەرگم بوونە بریان
دڵشکاوم عازیزم بۆ تۆ نەماوم عازیزم
وەرە لام نێوی دڵم پێت نێ لە چاوم عازیزم

خودا روحمێ بە حاڵم کەی
بە قەلبی غەم گوسارم کەی
بە رەحمی تۆ دەنازم بینایی چاوان
لە دووری یارێ خوێنم دێ لە چاوان
دڵشکاوم عازیزم بۆ تۆ نەماوم عازیزم
وەرە لام نێوی دڵم پێت نێ لە چاوم عازیزم

www.mamle.net

## بـەشـی مـن وا دراوە

قـسـمـەتی من بۆتە غـەم
جـەوری پێ کـردووم کـەرەم
دای بەمن گـریان و شین
دای بە من عـیشق و ئەوین
بـەشـی مـن وا دراوە *
بەشم خـوێناوی چاوە
قـەفـەس بۆتە مـەکـانم
نەسـیبم بەند و داوە

کـاری من هەر شـیـوەنە
مـەوتەنم نێو چیـمـەنە



Mamle Art Center

بۆتە زاری قســــمــەتم
ئێـشـی جـەرگی لەت لەتم

وەرە یـاری عـــــەزیـزم
مـــەناڵە مـــەکـــە زاری
دەبێ روو لە جـــەفـا کـــەی
کـــە تۆ عـــاشـــقی یاری

ئەگـــەر تۆ ئەهلی حـــاڵی
بە هەویای چاوی کـــاڵی
ئەگـــەر خـــوێنت بڕێژن
لە غــــــەم نابێ بنـاڵی

عــــیـــشق پەروانە زانی
فـدای کـرد رووح و گـیـانی
ســـەری دانا بە مـــەردی
کـــەس هیـــچی لێ نەزانی

کـــەسێ عـــاشق بە یارە
هەمـــیـــشـــە لێـو بە بارە
لە جـۆشـــە قـــەلبی عـــاشق
دڵـی پڕ شــــــۆڕی دیـارە



Mamle Art Center

www.mamle.net

بە عـەهدی خـۆت وەفـا کـە
گـــولّم دەردم دەوا کـــە
نـەمـــــا بـۆ تـۆ تـەوانم
لە زنجـــیــرم رەها کـــە

* سەربەند

www.mamle.net



Mamle Art Center

## سنگت بەفری کەویانە

سنگت بەفری کەویانە یار، یار، یار، یار
بۆن خۆشە وەک رەیحانە یار، یار، یار، یار
یارم جوانە زۆر جوانە
مەشهووری نێو کوردانە
لە سابڵاغێ نێو بانگی کردومجوانە

یارم چۆتە کوێستانێ یار، یار، یار، یار
هەوەڵ مانگی نیسانێ یار، یار، یار، یار
چبکەم یارم لێ دوورە
کوڵمەی گوڵاڵەی سوورە
یاری جوانم لە سابڵاغێ مەنشوورە

www.mamle.net

کوڵمەت شللێری ئاڵە یار، یار، یار، یار
بۆن خۆشە وەک هەڵاڵە یار، یار، یار، یار
یار کوشتمی بە بێ باکی
داماوم بە غەمناکی
زۆر مەشهووری لە سابڵاغێ بۆ چاکی

عێڵ هاتەوە نێو ماڵان یار، یار، یار، یار
مەست بووم بە بۆنەی خاڵان یار، یار، یار، یار
بە چاو قەراری دانا
ئەوشۆ شەوی ئاشقانە
سێسەد حۆری بە غوڵامی ئەو چاوانە

حۆری من یاری خۆمە یار، یار، یار، یار
خزمینە مەمکەن لۆمە یار، یار، یار، یار
غەمی عیشق زۆر تاڵە
شەفای غەمم چاو کاڵە
یاری جوانم هێشتا کاڵ و منداڵە

چبکەم یارم لێ زیزە یار، یار، یار، یار
دڵم دوور لە ئازیزە یار، یار، یار
دەڵێن یارم گریاوە



Mamle Art Center

www.mamle.net

چون قەولی بە من داوە

دەڵێن دایکی لە ڕێی کانی لێی داوە



www.mamle.net

حسن ماملی
١٩٤٦
رادیو کرماشان

## بەهار خۆشە

بەهار خۆشە پاش زستانێ
کیژو کورِ دەچنە سەیرانێ
قەولە بیبینم چاوجوانێ
قەولە بێتە باغی سێوان
وەختە شێت بم بچمە کێوان

بەهاران خۆشە نێو باغان
کیژ دێنە دەر لە وەتاغان
دەچنە سەر پیرو وەجاغان
یارم دێتە باغی سێوان
وەختە شێت بم بچمە کێوان

www.mamle.net



Mamle Art Center

بەهار خـــۆشـــە لای بەیانان
حـیلکەو تریقـەی چاوجـوانان
ئاوازەی بـلوێری شـــوانان
یارم دێتـــە باغی ســـێـــوان
وەختە شـێت بم بچمە کێوان

بەهار خـۆشـە دەنگی حـەیران
چاوبازان دەڕۆنە ســــەیران
لـە رووبـاران دەنـگی تـەیران
یارم دێتـــە باغی ســـاوا
چیـــــبکـەم رۆژم نابێ ئاوا

بەهار خۆشە قاسپەی کەو دێ
مـوژدەی شـادی سـاڵی نەو دێ
یار قـــەولی دا نیـوەشـــەو دێ
یارم دێتـــە باغی ســـێـــوان
وەختـە شـێت بم بچمە کێوان

ئەشـق دەردی بـێ دەرمـــانـە
هـاســان نیـە کـاری مـەردانە
هـەوەڵ هـەنگاو ســـەردانانە


Mamle Art Center

www.mamle.net

یارم دێتــه باغی ســێــوان
وەختــه شێت بم بچمـه کێوان
یارم دێتـــه باغی ســـــاوا
حـــەیفـــه ئەورۆ رۆژ بێ ئاوا

دڵداری کـــاری فــــەرهـاده
بە ســـەر دانانێ دڵشـــاده
ئەوین مـــەگــره هەروا ســاده
یار قــەولی پێــدام بیـبـینم
ســارێژ بوو قــەلبی غــەمگینم
بێــســتـــوون کــاری ئەوینه
ســەنعان بۆی دەرچوو لەو دینه
داسـتــانی شــەم و شــەمزینه
یارم دێتـــه باغی ســێــوان
وەختـه شێت بم بچمـه کێوان

www.mamle.net



Mamle Art Center

## یارم چۆتە سەفینێ

یارم چۆتە سـەفـینێ
دایکی بۆی دەکـا شـینێ
جـەرگم ئاوری تێـبـەربوو
لە بـەر دەنگی گـرینێ

یـارم چـۆتـە هـەواری
ئەورۆ دێتـەوە شـاری
دڵـم بـە ئـینـتـزارە
لە دووی چاوی خـومـاری

www.mamle.net



Mamle Art Center

چ بکەم یارم بێ نازە
کوشتوومی ئەو چاو بازە
دەڵێن یارم ناسازە
غەمگینم بێ ئەندازە

یارم کاڵ و منداڵە
بێ مەیلە ئەو چاو کاڵە
زۆر لە مێژە نەمدیوە
بزەی ئەم لێوە ئاڵە

دەڵێن یارم غەمگینە
کوشتوومی ئەو بێ دینە
لە سوێ چاوی خوماری
بەهارم لێ هاوینە

دەمێکە یار بێدەنگە
چاو باز و شۆخ و شەنگە
لە سوێ یارم نەماوم
وەک شازادەی فەرەنگە

یاری من خوێن شیرینە
کوشتمی پشتێند پەشمینە

www.mamle.net


Mamle Art Center

قــــەولە یارم بێــــتــــەوە
ئـەودەم بــە پـێـکـەنـیـنـە

ئــــەورۆ یــــارم لــــێ دووره
وەخــتــی عــێڵ بەرەوژووره
دونیــــا لە من بۆتە غــــەم
وڵاتم لـێ خــــــــاپووره


Mamle Art Center

## رەنگ زەردی وچاوی بە گریان

رەنگ زەردی و چاوی بە گـریان
دڵـی غــەمگین جــەرگی بریان
گوڕڕەی شـەماڵ هاشـەی زریان
خــەبەر بەرن بۆ مــوكــريان
رەش پۆشم تا دونیـا مـاوە*
یار رۆیی نەی كـرد مـاڵ ئاوا

مـانگ و ئەستێرەی عـاسمـانێ
لە سـەر یارم بگرن سـانێ
بولبـول و بازی كـوێستـانێ
خــەبەر بـەرن بۆ چاو جـوانێ


Mamle Art Center
www.mamle.net

چەپکەی گــــوڵ بۆنی هـەلاڵان
نەغـمـەی بولبـول بۆنی خـالاّن
خــــەبەر بـەرن بۆ چاو کــالاّن
ســــەت لەعنەت بێ لـه دەلاّلان

شــــــەپۆلـی ئـاوی دەریـایـە
فـــرمـــێـسکی چاوی لەیلایە
دەنگی بلوێر ســــۆزی نـایە
بۆم لێــــدەن هـەر بـەو هەوایە

دەنگی دەف یاهووی دەروێشــان
سوجدە و شەونوێژی دڵ ڕێشان
گریە و زاری و ئاخ هـەڵکێشـان
من دیتم دەردی ڕووح کـێشـان

خــــەبەری هـات ئەو چاو جــوانە
ســــینگی من بـۆ تـۆ پـاوانە
بـەهـەشـت بێ، بـۆ مـن زینـدانـە
دێمـــــە دەر لـەو بەندیخــــانە

* سەربەند



www.mamle.net
Mamle Art Center

## هەی لە ئاوالان

هەی لە ئاوالان داوت دەگێڕن
لە گەرنی کیژان خالان دەبژێرن
پۆلی نازداران نازان دەفرۆشن
چاویان لێدەکەی روو دادەپۆشن

بە قامکی دەستان وەک شووشەی بلوور
ئیشارەی کردم حاڵی بووم لە دوور
فەرمووی هەر بۆ تۆن ئەو دوو هەنارە
لە نێو قامکان دا کردمی ئیشارە



Mamle Art Center

www.mamle.net

لە داوەتێ دا سوێندی بۆ خواردم
بە خوشکی خۆی دا دیاری بۆ ناردم
قەولی پێ داوم رەگەڵم کەوێ
سوێندیشی خواردوە و دڵم ناسرەوێ

هەتا نەیمژم ئەو دوو لێوانە
هەڵی نەملیسم ئەو دوو کوڵمانە
تاقەت ناهێنم شێت نەبم چاکە
هەر بە یەک دەگەین دڵم روونا کە

www.mamle.net


Mamle Art Center

## شەماڵ

شەماڵ هات بای بەهارە
پاماڵ دەکا پەژارە
تێکیان پێچا هەوارچی
مەنزڵیان قەراغ شارە
لە نێو کیژی ئەو عیلەی
دووچاوی بازی دیارە

سەت بریا نەمدیبایە
تازە غەم بەکار نایە
حۆری بەهەشتم ناوێ
لە گەڵ ماڵی دونیایە

www.mamle.net



Mamle Art Center

هەر دووک دونیـام پێدەدا
چـاوی یـارم هــەبـایــە

یارم هاتە نێـو شـــاری
بـار دەکـــەن بۆ هـەواری
تێکەڵ بوون لە قــەندیلی
عێڵی سوورچی و زوراری
دنـیـــــا لـە مـن وێرانـە
لە سوێی چاوی خـومـاری

یاری من گــەردن کــێلە
منداڵ کـارەو جـحـێڵـە
قــەولی پێ دام بیـبـینم
بڕێکم لێ لەفــێـــڵـــە
وەک مـانگی شـەوی چاردە
دیارە لە نێـو ئەو عـێڵـە

کەزیەی وەکوو ڕەشـمـارە
سـینگی باخـچـەی هەنارە
گێل گێلەو سـەرو شـەدە
حـەڵقـەو دەرزیلەو گـوارە
هـەر لە یاری من جـوانن



Mamle Art Center

www.mamle.net

خوێن شیرن‌و منداڵکاره

کـــۆتری رۆیی بۆ کـانـی
چوومـــه ســـەیری چاوانی
تـاق کــەوتـەوه لە مـــالآن
دوور بـــوو لـــه ئـــاوەدانـــی
ئـــاوڕی داوه بـــۆ لام بـــێ
عـــەلامـــەی دایکی زانی



Mamle Art Center

www.mamle.net

ساڵ ۱۹۷۲

## دەردی عیشق

دەردی عیشق بێ دەوایە
سوعبەتی ژین و وەفایە
هەر کەس بەو رێیە دا بڕوا
مەنزڵی ئاوی بەقایە

نێوی عاشق جاودانە
سەروەری هەردوو جەهانە
زیندوە قەت نابێ فانی
چی سەری لەو رێیە دانا

عیشقە گوڵشەن، گوڵ دەهێنێ

www.mamle.net

بولبـول و قـومـری دەخـوێنێ
عـیشـقـە مـایەی زەوقی عـالەم
نێـوی عـیـشـقـە هەر دەمـێنێ

عـیشـقـە گـوڵ وا بۆنی خـۆشـە
عیشقـە گەر عـاشق لە جۆشـە
عیشقە مایەی چەرخـی گەردوون
عـیشـقـە گـاهێ دڵ خـەمـۆشـە

زەمـزەمـەی قـومـری بەیانان
ئـاوری لـەبخـــەنـدی یـاران
بێـسـتـوون ئەسراری عـیشـقـە
کـــوڵکـەزێـرینـەی بەهـاران

قـاسـپـەقـاسـپی کـەو ببـینە
قـومـری دەنگی چەند حـەزینە
دوور لە ئەقڵ و بیر و مـەکـتـەب
جـــۆشی قـــەلبی وا بە تینە

عـیشـقـە ئەوەڵ، عـیشـقـە ئاخـر
جـــۆشی بەحـــر و تینی ئاور
عـیـشـقـە هەرشـۆرێکی دیتت



Mamle Art Center

رووحی شـــەمس و قـــەلبی نادر

عـیـشـقـە گـەر فـەوتا دڵی من
بەسـیـە روحـمت بێ گـوڵی من
گـیـانە تا کـەی بێ وەفـایی
ئاگـرت خـسـتـە دڵی من



www.mamle.net

Mamle Art Center

## گۆوەندە

ساڵی ١٩٦٩

خزمینە غەمی ژینە یار حەزینە دڵ غەمینە لێ لێ

یارم خوین شیرینە

کوتری خاڵ نەخشینە

گوڵی نێو پەرژینە

بێ تۆ حەیاتم بۆچییە چ ژیانە ئەو ژینە

ئەو خوێنەی من حەڵاڵت بێ شاهید بن خزمینە

گۆوەندە زەماوەندە دڵم بەندە بەو دم قەندە لێ لێ

سەرو رووح دانانە

www.mamle.net



Mamle Art Center

جێ راوگەی بازانە
مەیدانی شێرانە
بەو تیرەی بێ ئامانی تۆ دڵ بۆتە نیشانە
پێ بەندی داوی زولفی تۆ دەردی بێ دەرمانە

غەمبارم گرفتارم بێ قەرارم بریندارم لێ لێ
من بۆ تۆ غەمگینم
یاری خوێن شیرینم
هەر تۆی مایەی ژینم
چم ماوە تا بۆت فیدا کەم سەر تا بە پای ژینم
تاکەی جەوری دڵ بکێشم برێژم ئەسرینم

داماوم، پەشۆکاوم، دڵ براوم، نووری چاوم لێ لێ
بۆ یاری چاوجوانم
یەکجار پەرێشانم
خوێن دێ لە چاوانم
خودا بۆ خۆی دەوا بکا، دەردی بێ دەرمانم
بەشکەم خودا نەسیبم کا، کەژاڵی چاوجوانم

من دەناڵم، بۆ کەژاڵم، رووبەخاڵم، مەه جەماڵم لێ لێ
کەژاڵی چاوجوانم
بۆ تۆ پەرێشانم



Mamle Art Center

www.mamle.net

فەوتا رووحو گیانم
بە دەستی خۆت دەوا بکە دەردی بێ دەرمانم
فدا بوو لە رێی عیشقی تۆ شەشدانگی ئیمانم

www.mamle.net


Mamle Art Center

## کوێستان

کوێستان زۆر خۆشە فەسڵی بەهاران
دەنگی بولبولان نم نمەی باران

دەنگی ئاوهەڵدێر نەغمەی بلوێرێ
وەختێ چاوبازان دەچنە بەر بێرێ

تەقڵەی شۆڕەسوار حیلکەی چاوبازان
قاسپەی خاسەکەو لە چیاو لە رازان

چۆپیو رەشبەڵەک گرمەی سێ پێیی
خرمەی خرخاڵی کیژی لادێیی



Mamle Art Center

گوڵۆپکی بیزای رەشانگی کوێستان
لە رێبازان دا نازی چاوەستان

تریقەی کیژان خەندەی کچۆڵان
باڵلۆران داوێن لە شیو و دۆڵان

چاوەبرکێنەو شەوقی سەرچۆپی
بۆنی وەنەوشەو هەڵاڵەی قۆپی

دەنگی خرخاڵ و دەرزیلەو گواران
وەختێ کە مەڕ دێ فەسڵی ئێواران

بێری لە بەر بێر، کە مەڕ دەدۆشێ
چاوی خوماری بە ناز دەفرۆشێ

دەنگی هۆمەشکێ بەری بەیانان
سەدای بلوێرو لاوک و حەیرانان

تۆیە دەشکێنێ دین دەکا بەتاڵ
بۆنی مێخەک بەند کوڵمەی پڕ لە خاڵ



Mamle Art Center

دنیا خــەمـڵـیــوە وەک بووکی تازە
یار لە غـــەریبی کـــوێر بم بێ نازە

www.mamle.net


Mamle Art Center

## لە دووری تۆ

www.mamle.net

عـەزیزم زۆر لە مـێژ بوو ئارەزووم بوو بێم و بتـبـینم
لە هیـجـری رووی تۆ دایم مـەلوول و مـات و غـەمگینم
بە بێ دیداری رووی تۆ گــوڵم مــومکین نیـــە ژینم
کە چی دەرفـەت نەبوو بێمـە تەوافت رووحی شـیـرینم
لە دووری تۆ دەڕێژم خـوێنـی دڵ، سـێـڵاوی ئەسـرینم

دەڵێن بولبول هەتا وەختی سـەحـەر ئەغیـار و بێداره
دڵم وەک بولبـولی شــەیدا بە داوی تۆ گـرفـتــاره
لە دووری تۆ هـەمیـشـە رووحـی من لەو حـاڵە بێزاره
شــەو و رۆژ هـەر دەناڵێ ئەو دڵەم مـوشـتـاقی دیداره
بە خـێـری چاوی بازت روو بکە ئەو قـەلبـە بێمـاره



Mamle Art Center

دەڵێن مـەجنوون لەهیـجری روویی لەیلاوێڵـی شـاخانه
منیش مـەجنوونی تۆم وعەیـنی مەجنوون بوومـە دێوانه
هەمـوو جـەرگم بـرینداره له سـوێی ئەو چاوه جـوانانه
له جیاتی کەیـف و شادی کار و پیشـەم شین و گریانه
به بـێ دیداری تۆ باغـی بەهـەشـتێ عــەینی زینـدانـه

www.mamle.net



Mamle Art Center

## وەرە ساقی

وەرە ساقی لە بەزمی چاو مەستان
کە وا دەچنە کوێستانان
لە ڕێبازان گەلێ عەزیزان
پۆل پۆل دەبن چاو جوانان

دڵ دەڕفێنێ سەت تۆبە دەشکێنێ
ناز و عیشوەی ناسکۆڵان
بۆنی خاڵان، عەتری هەڵاڵان
مێخەک بەندی مەمکۆلان

بێری جوانە وەختێ مەڕ دەدۆشێ



Mamle Art Center

خـــرمـــەی دێ بازنەی دەســـتی
وەک ســـەنعـــانی نەمـــاوە دینم
لە عـــیـــشـــقی چاوی مـــەســـتی

کـــیـــژان رۆین کۆتری بە دووی یەک دا
داوەتـــیـــــان گـــــرت نـازداران
گـــوڵ دەبارێ لە لێـــوی کـــیـــژان
کـــوشـــتـــوومی خـــرمـــەی گـــواران



Mamle Art Center

## با بچینە بەزمی چاو خوماران

وەرن با بچینە بەزمی چاو خوماران
کەوا پۆل پۆل دەبن فەسڵی بەهاران
دەخیلت بم بە جامێ بگرە دەستم
بە خێری خۆت بکە لەو بادە مەستم
بە بەختی من مەکە بەختی رەشی من
ئەزەل پڕ محنەتی دانا بەشی من
رەشە بەختم بە وێنەی خاڵی جوانان
لە سەر چی یاری من دەگرێ بەهانان
کەسێ بێ یارە، بێ دنیا و دینە
هەمیشە دڵ پەرێشان و حەزینە
لە موڵکی مەعریفەت دا بێ مرادە



www.mamle.net
Mamle Art Center

هەمیشە مات و بێ کەیف و کەسادە
کە یار بێ مەیلە من مەعلوومە حاڵم
لەوەم رەشتر نەدیوە رۆژی تاڵم
وەرە ساقی بە خێری چاوی یارێ
بە خێری بۆنی گوڵ فەسڵی بەهارێ
بە خێری خاڵی کوڵمی شۆخ وشەنگان
بە خێری پەرچەمی ئەبرۆ خەدەنگان
هەموو باغی بەهەشت و حۆر و غیلمان
بە زۆری بمدەنێ شەشدانگی رزوان
یەقین من نامەوێ بێ وەسڵی یارم
بە بۆنەی چاوی یار هەر ئینتزارم
فەرامۆشم مەکە دڵ بێقەرارە
نەمێنم چاترە لەو ئینتزارە


Mamle Art Center

## تەنیا من دەگریم

گوڵ عومری حەفتەیێکە
دەورانێ سەردەمێکە
چاوجوان بە دەستی رەنگین
لەو جامی بادە تێکە
تەنیا من دەگریم یار بێ خەیاڵە *
شەرتم بردە سەر، شەرتی حەوت ساڵە

جەور و غەمی زەمانە
لێم دیارە بۆ نیشانە
ساقی خوماری بادەم
هەستە بەری بەیانە

www.mamle.net



Mamle Art Center

چەند خۆشە دەم رووباران
نێو بەزمی مەی گوساران
لەبخەندی کیژی چاومەست
لە بەزمی چاوخوماران

چەن خۆشە نێو هەڵاڵان
کیژ دێنە دەر لە ماڵان
چاوی خومارو نێرگز
ئیمان دەبەن بە تاڵان

* سەربەند



Mamle Art Center

www.mamle.net

## چاو مەست

چاومەستی دەم بە خەندە
سەر کوڵمەت عەینی قەندە
دنیا بە بێ جەماڵت
زیندانە کۆتو بەندە
دینم لە دەست چوو دەگەڵ ئیمانم *
قەت نەیکوت چۆنی یاری چاو جوانم
لە هیجری یارێ دڵ پەرێشانم

چەند جوانە لێوی ئاڵت
کوشتمی چاوی کاڵت
ئەی یاری نازەنینم



www.mamle.net
Mamle Art Center

لێم پرسە چۆنە حاڵت

کۆتری دەڕۆیە کانی
بۆ زیزی لێم نەبانی
شەرتی وەفا بزانە
کاری خودایە جوانی

پەروانە تۆ بە جوانی
رەمزی عیشق دەزانی
چەند خۆشە دەنگی بولبول
نەغمەی بەری بەیانی

جوانی بەشی خودایە
رووت جوانە وەک چرایە
یارم لە من نەبانە
کەم شەرت و بێ وەفایە

* سەربەند


Mamle Art Center

## بــــەری بــــەیـــانـــە

ئـەی قــومــری دەم رووبـاران
ئـەی بـولبـــــولی بەهـاران
بـەو دەنگی عـــاشـــقـــانـە
خـــۆش کــەن دڵی هـەژاران
گوڵ هاتە دەر شـەونم لەسەر*
هـەســـتـــە بەری بـەیانە
ســاقی بە بـۆنی گــوڵ دەچێ
دەردو غـــەمی زەمـــانـە

ئـاونـگـی ســــەر هـەڵاڵان
ئـیـــمـــان دەبا بـە تاڵان



Mamle Art Center

یــار هــاتــەوە لــە بــاغــی
مــەست بــووم بە بۆنی خــاڵان

پــشــکــووت لــە چــۆمو ئــاوان
گـــوڵزاری دەم شـــەتاوان
عــەشــقت کــەمــەندی کــردم
جـــــەرگت بــڕیم بە چــاوان

گـــــوڵ دێــنــە دەر بــەهــاران
چەند خـــۆشـــە بەزمی یاران
ســـەرســـەوزو باســـەفــایە
زەنـــوێـــرە دەم رووبـــاران

قـــومـــری وەرە بخـــوێنە
دەنگت چ خـــەمـــڕەوێنە
فــرمــێــسکی چاوی عــاشق
ناخـــــۆشو دڵتـــــەزێنە

* سەربەند



Mamle Art Center

www.mamle.net

## کــوێســتــان غــەمــڵــیــوە

کوێستان غەمڵیوە فەسڵی بەهارە
یار لە غەریبی دەڵێن غەمبارە
بە خودام ئەسپاردوە یارم نازدارە
رەنج بەخەسار بێ هەرچی بەدکارە
قەولی پێداوم یار لە هەواری*
وەختێ هەوارچی هاتنەوە شاری
قەندیلی سینگی و باخچەی هەناری
جووتەی لیمۆیان بێنێ بە دیاری

خونچەی بەیانان کوا وەک تۆ جوانە
یادت دەرمانی هەموو غەمانە
گوارە و قەتارە و تۆق و مێخەک بەند


Mamle Art Center
www.mamle.net

هەر لەوی جـــوانن بـازنە و پـاوانە

بزەی سێـحـراوی و خـاڵی کـوڵمـانت
گـوڵ کـوا وا جـوانە بەشـقی ئیمـانت
بە ناز کـوشــتــووتم جـەرگت بڕیوم
بوومـە سـەنعـانی بۆ چاوی جـوانت

خـرینگەی بازنە و گـوارە و بەرمـووران
تۆقـی دۆلار و بـەرمـــووری لیـــران
مـاڵ وێران دەکـا سـەت شـێخ و پیـران
رسـوای دونیـا بووم بۆ تۆ دەزگـیـران

قـوەی جـازبەی دوو لیـمـۆی کـاڵت
خـاڵی سـەر گـۆنەت، شـۆقی جـەمـاڵت
بردی بە غـــارەت ئیـمـــان و دینم
بزەی سـێـحـراوی لێـوەکـەی ئاڵت

مـــەزەی لێـــوەکـــەت رووحی رەوانە
گـــوارە و دەرزیلە و ئاڵقـــە و پاوانە
پشـتێندی شـەدە و دەسرەی سرکـەیی
شـــێـوەی دڵداری هەر لە تۆ جـوانە



Mamle Art Center

## دڵ بریندار

دڵ بـریـنـدارم یـار لـە مـن زیـزە
دەردی بێ دەرمـــان دووری ئازیزە

بریا نەمـــدیبـــای، دڵدارت نەبام
ئەسیرت کردووم بۆت شێت و شەیدام

چاو جـوان نەمـزانی بێ وەفـا دەبێ
بۆ من باعـیـسی سـەت جـەفـا دەبێ

جـــەرگت بڕیوم بێ دەرمـــان مـــاوم
دایم لە غـــەمت خـــوێن دێ لە چاوم



Mamle Art Center

عــەشـقی بـە راسـتی شـــەرتی وەفــایە
چ بکـەم بەشـی من جــەور و جــەفــایە

بێ وەفــا دەرچووی لـەیلم بۆ وا بـووی
هـەوەڵ و ئـاخــر بۆ من جــەفــا بووی

www.mamle.net


Mamle Art Center

## قومری دەردت لە گیانم

قومری دەردت لە گیانم
چەندە جوانی، خان و مانی، عاشقی خونچەی گوڵانی
لە دەنگی دڵگیر و خۆشت بۆم بڵێ کاتی بەیانی

سەدای خۆشت خەم رەوێنە
خۆشە دەنگت، جوانە رەنگت، مەمکوژە کەوتوومە چەنگت
دەوای دەردی رووحی شیرینمە دەنگ و ئاوازی قەشەنگت

بێ تۆ وێرانە ماڵم
بۆت نەماوم، نووری چاوم، من بە عیشقی تۆ سووتاوم
دڵی تەنگم زار و بیمارە گیانەکەم هێزی هەناوم



www.mamle.net
Mamle Art Center

شەوێ تا ڕۆژ ئینتزاری تۆم
بۆم بڵێ کاتی بەیانی، مەست وشەیدای نێو گوڵانی
غەمی عالەم بۆتە سەر بارم من بە یادی چاوی جوانی

من کە یاری خۆم دەبینم
مەستی مەستم، شادی شادم، هەر بە دووری تۆ کەسادم
خۆشبەختی هەر دوو جەهانم لوتفی یار کە دێتە یادم

من لە کوێستان گەر دەبینم
مەنزەرەی شللێر و شەشپەڕ، چیمەنی کوێستانی دوو سەر *
یا لە ڕێبازان دەبینم ناز و عیشوەی کیژی دڵتەڕ

ئابڕووی بێژانی بردوە
عەتری مێخەک بەندی یاران، بۆنی گەرنی چاو خوماران
دڵ دەلەرزێ گەر دەبینێ دیمەنی باخچەی هەناران

سەت شەهید کەوتوون بە خۆشی
دەنگی قاقای کیژی چاو مەست مەنزەرەی ئازاد و سەر بەست
ناز و دەست بازی کچۆڵان بۆتە سووژەی شێعر و هەڵبەست

یاری خۆم جەرگی بڕیوم


Mamle Art Center

سینگی وەک باخچەی هەنارە عاشقی یار بێ ژمارە
ناز و غەمزەی کیژی چاو مەست وشکە سۆفی خستە نارە

ڕۆژ و شەو عەبداڵی یارم
بەڵکو خوا بەمنی عەتا کا روحمێ بە منی بێ نەوا کا
یا بینای چاوان ئەتۆ بکەی یار بەقەولی خۆی وەفاکا

* کوێستانی دوو سەر و پانە سەران دەکەوێتە ئەودیوی کوێستانی حەسەنەبەشەی، نێوان گاگەش و مەڵبەندی نەڵێنێ.



Mamle Art Center

## ئەی بولبولی دڵ غەمگین !

سال ١٩٧١

ئەی بولبولی دڵ غەمگین یار یار یار یار
تێرتێر با بۆ یەک بگرین یار یار یار یار
یاری جوانم یار یار یار
من بۆ دڵ و تۆ بۆ گوڵ بچریکێنین
هەردووکمان شەیداین بۆ گوڵ دڵ بە خوێنین

من بۆ دڵی سووتاوم یار یار یار یار
بۆ حاڵی لێ قەوماوم یار یار یار یار
یاری جوانم یار یار یار
هەردووک وەک یەک دڵدارین بێ قەرارین
هەردووک مەست و دێوانە و ئەویندارین

www.mamle.net



Mamle Art Center

خۆزگە دەردی دڵداری یار یار یار یار
لە دڵی کەس نەبێ کاری یار یار یار یار
یاری جوانم یار یار یار
با بنالێنین وەکوو نەی هەتا ماوین
هەردووکمان شێت و بێ قەرار و سووتاوین

عیشق لە دڵ کاری بێ یار یار یار یار
مەحاڵە گەر چاری بێ یار یار یار یار
یاری جوانم یار یار یار
حەیفێ نەمزانی وەفای گوڵ هەروایە
گەر بمزانیبا دڵم نەدەدایە


www.mamle.net
Mamle Art Center

## دونیا غەمڵیوە بەهارە

دونیا غـەمـڵـیـوە بەهارە
بولبـول عـاشق بە گـوڵزارە
دڵی من عـــاشـق بە یارە
دەردی بێ دەرمـــان ئەوینە*
سـەرتاپا گـریان و شـینە

غـەمـبـارم، غـەمگینم، مـاتم
بە خـــەیاڵ دایم لە لاتم
هەر تۆی ئومـــێـد و ئاواتم

غـەمـبـارم چاو بە گـریانم



www.mamle.net
Mamle Art Center

بۆ تۆ لە دەست چوو ئیـمـانم
گـیـرۆدەی دوو چاوی جـوانم

عیشقت رسوای دونیای کردم
بەد کـاران وایان لێ کـردم
لە دووریت هەر بینا مـردم

شـەو و رۆژ کـارم گـریانە
پێی نەمـاوە هیچ بەهانە
دەڵێ خـوێن بەهام ئیـمـانە

* سەربەند

کێ دڵی گۆڕی عەزیزم بۆ چی رۆیشتی لە لام
بۆچی ناپرسی لە حاڵم بۆ چی نانێری وەڵام

( سێ گـای نێـوان بەندەکان)



Mamle Art Center

www.mamle.net

## کــوێســـتـــان خـــۆشـــە...

کوێستان خۆشە جوانی دەچنێ بەهاران
داوەت گەرمە فەسڵێ مەڕ دێ ئێواران
چاوان بە ناز دەفرۆشن گوێ بە گواران
یاران وەرن خــۆشــە ســەیری دڵداران

عــیــشق دەردی بێ دەرمـــان و دەوایە
هەر چی جوانە کەم شەرت و بێ بەقایە
چاو جوان رۆیی کۆچی کرد بۆ قەندیلێ
یارم جــوانە ئاگــات لێ بێ خــودایە

کوێستــان خۆشــە یارم دەچتــە هەواری



Mamle Art Center

یارم رۆیی مـــامـــەوە بە غـــەمـــبـــاری
قـــاســـد دەڕوا یارم ناردی بۆ شـــاری
چی بۆ بنێـــرم پێی لایق بێ بۆ دیاری

کەم شەرت زۆرن کەم شەرتیان لێ دزێوە
هەر چی جـوانە و لە جـوانی دا بە نێـوە
یار قـــەولی دا بەڵام بەقـــای پێ ناکـــەم
کەم شـەرتی وەک یاری من نیە لەو نێوە

مـــاڵە یارم هـەڵیـــان دا لە ســـەر زێیـــە
بۆ من خـۆشـە ئەو جێیـەی یاری لێیـە
یارم جـــوانە تاقـــە لە نێـــو ئەو دێیـــە
یار دێتـــەوە دانیـشـتـــووم لە ســـەر رێیـــە



Mamle Art Center

www.mamle.net

## زســــتــــان رۆیـی...

زســــتــــان رۆیی بەهـارە
وعـــــــدەی دیـداری یـارە
دنیـا ســەرســەوز و سـوورە
دەچـریـکێـنـێ قـــــەنـارە
ســەت تۆبەت پێ دەشکێنێ*
شــــەو داوەتـی شــــەوێنێ
یـار کــــە دێ بۆ جـێ ژوانـێ
ئـامــــێـــزت وە بـەر دێـنـێ

قـــــەنـاری دەچـریـکێـنـێ



www.mamle.net
Mamle Art Center

مـــــوژدەی بـەهـارێ دێـنـێ
نم نم دەبـــــارێ بـــــاران
شــــــاخ ودەوەن دەڕوێنــێ

دەڕوێ گــوڵـی کــۆســـاران
پامـــــال دەکـــــا پـەژاران
دێـنـە دەر لـە وەتـاغــــــان
دەچــنــــە دەرێ نـــازداران

تێکەل دەبن کـــیـــژ و کـــوڕ
ئاڵ وئـابی وکـــەسک وســـوور
گـــەردن زەرد و چاو خـــومـــار
کـــوڵمـــەی ســـپی وەک بلوور

هـەی لـە جـوانی ئەو شـــارە
هـەر چی دێ شــــەدەی لارە
خــرمــەی بەرمـــووری لیــران
ئاڵقـــە و دەرزیلە وگـــوارە

* سەربەند



www.mamle.net

Mamle Art Center

## دنیا وێران...

دنیـــا وێران بـێ چاو جـــوان لێم دووره
یارم رووح ســـووکـــه گـــەردن بلووره
شـــەرتم برده ســـەر یار بێ بـەقـــا بوو*
یار بێ خـــەتایە کـــاری خـــودا بوو

یاری چاو جـــوانم ئەورۆ لە کـــوێیـــە
ئەو جـێـیـە خـۆشـە یاری منی لێـیـە

بریا نەمـــدیبـــا ئەو بێ بەقـــایە
لـێم بـۆتە نـاســـۆر دووری لـەیلایـە


Mamle Art Center
www.mamle.net

ولآمی ناردوه نامـــەی نوســـیـــوه
ئەوشـــۆ دوو شـــەوه یارم نـەدیوه

گــوڵی بەیانان کــوا وەک وی جــوانـه
کـەزیـەی بۆن خـۆشـه هەر وەک ریحـانه

قــومــری بۆ جــوانـی ناگــاته یارم
بۆیه له ســوێیــان کــز وغــەمــبـارم

دڵ لــه لای یــاره بــردی بــه تــالآن
وەخــتــه شــەیدام کـەن خـەم و خـەیالآن

* سەربەند



Mamle Art Center

www.mamle.net

## کەو قاسپەی دێ لە چیایە

کەو قاسپەی دێ لە چیایە
دەنگی یاری من نایە
جاریک یارم بمدوێنێ
نامەوێ ئەو دونیایە
راوچی برۆ لێم لادە
جێم زەنوێر و ئازادە
راویان لێ دابەشیوم
سەڵتە و سوارە و پیادە
جێم زەنوێر و گوڵزارە
هۆبەی یارم لێ دیارە
وەرە یاری چاو جوانم


Mamle Art Center

بێ تۆ دڵم غــەمــبــارە
رێم بە ســەر هۆبەی دایە
ســـەر رێبــازی لەیلایە

یا خــوا یارم بێــتــە دەر
ئەو جــاریش بمدیبــایە
شێت و شــەیدام بۆ یارێ
بۆ غەمزە و چاو خومارێ
نابزووم لە رێبــازی یار
تا ســێــبــەری ئێــوارێ


Mamle Art Center
www.mamle.net

## دەنگی خـــــرخـــــالان...

یاری مـن جـــوانـه تازه دەگـــاتێ
یار قـــــەولی داوه مـــــاچم نـاداتێ

قـــــەولی پێــــــداوم نایـەتە ژوانـێ
دونیـا بەهەشـتــە لە گــەڵ چاو جـوانێ

تـازه دەگـــاتێ هێـــشـــتـــا منداڵە
قـــەولی پێـــداوم کـــاکی لە مـــاڵە

بریا ســـەت بریا هەر نـەمـــدیبـــایە



Mamle Art Center

جـــــــەرگی بـڕیـوم چـاوی لـەیـلایـە

ئەو چاوە جــوانـەت هـەر بۆ من چاکن
جــوان عــادەتـیـــانە هـەروا بێ باکن

هەرچی بیـر دەکـەم تـەگـبـیـر نـەمـاوە
یـارم لـێ دوورە جـــەرگم ســـووتـاوە

رەببی بـەدکـــاران مـــاڵیــان خـــرابێ
بەدکــاری بێ دین قــەت قــەت چانـابێ

دەنگی خــرخــاڵان خــرمـــەی پاوانان
دەنگی هـۆ مـــــەشکێ بـەری بـەیـانان

تۆبـە دەشـکێـنـێ دین دەکـــــا بـەتـاڵ
بۆنی مـیـخـەک بەند کـوڵمـەی پڕلە خـاڵ



Mamle Art Center

## داوەت

داوەت گـەرم و خـۆشـە لە دەورەی مـاڵان
کـیـژۆڵەی ئەو دێیـە چوون بۆ هـەڵاڵان
چەند خـۆش و دڵگیـرە دەنگی شـمشـاڵان
مردووی وە رووح دێنێ خرمەی خرخاڵان*
شـەوداوەتیـان گـرتوە دۆست و ئاواڵان
چاوی لێ تێـر نابێ سـەیری چاو کـاڵان

داوەت گـەرم و خـۆشـە لە بەر بێـڵایە
یار قـەولی پێـداوم بۆ رۆژاوایە
دیاریم بۆ هێناوە، دیاری بەغـدایە


Mamle Art Center

داوەت گـەرم و خـۆشـە لە نێـو مـەزرایە
یـارم قـــــەولـی داوە دێ رۆژاوایـە
ئەورۆکــە دەیبـــینم چاوی لـەیلایە

داوەت گـەرم و خـۆشـە لە دەوری کـانی
یار قــەولـی پێـــداوم بەری بـەیانـی
لە ســـەر بـەردەتات بمژم لـێـــوانی

داوەت گـەرم و خـۆشـە لە نێـو حـەسـارێ
یار قــەولی پێـــداوم بەری ئێـــوارێ
دەگـەڵ پۆلـی کـیژان یار بێـتـە خـوارێ

* سەربەند



Mamle Art Center
www.mamle.net

## نەورۆز

نەورۆزە هەی نەورۆزە، جێژنەی دەگرن لە شاری
هەموو دونیایە گەرام هیچ نیە لە نێو بازاری
بۆ یاری خوێن شیرینم چی بۆ بنێرم بە دیاری

ئەوە ئەورۆ نەورۆزە، عالەم دەچنە سەیرانێ
دیسان هەوران تێک داوێن بە پرشکەی دە بارانێ
دەگەڵ کیژان رۆیشتوە دەچمە سەیری چاو جوانێ

دەڵێن ئەورۆ نەورۆزە، مانگێکی خەم رەوێنە
لە دووی بالای چاو جوانێ ئەو دڵەی من پڕ لە خوێنە
هەر کەس یارم ناناسێ، خوێن شیرن و چاو شەهێنە



www.mamle.net

Mamle Art Center

دەڵێن ئەورۆ نەورۆزە، سەلا لە منی ماڵ وێران
وەنەوشە عەتری دەرژێ لە چێنک و ئاوهەڵدێران
گوڵزار گوڵیان پشکووتن، کیژان دەچنە شلێران

دەڵێن ئەورۆ نەورۆزە، پنگیان هێنا بازاری
دەسکە گوڵم هێناوە، جوانم کردوە بۆ دیاری
قەولە بیبەن بۆ یارم دەڵێن چۆتە هەواری

دەڵێن ئەورۆ نەورۆزە، گەزیزە گوڵێکی جوانە
بەهار وەرزێکی خۆشە وەختی وەعدە و پەیمانە
دونیا بۆ من ناخۆشە یار لێم دەگرێ بەهانە



Mamle Art Center

## زســـــتــــان رۆیـی

زســـتـــان رۆیـی بـەهـاره
تـاكـــەی ئـەو ئـینـتـــزاره
لێم دووره گــوێ بـه گــواره
یاری نازەنین جوانی خوێن شیرین *
بۆ تۆ وەرگـــــەڕام لـه دین

رەببی یار بێــتــه شـــاری
من دەرچـم لـه غــەمــبــاری
كـوشـتـمی چـاوی خـومـاری

خوێن شیرنی چاو ئەستێره



Mamle Art Center

کـولّمـەت گـوڵی شلليّـره
من چاوەڕێی تـۆم لێـــره

یـارم شـــــۆخ و نـازداره
زۆر مـەشـهووره لەو شـاره
لێم دووره گـوێ بـه گـواره

لــێـم ونــه چـاوی یـارم
زۆر پەشـێـو و غـەمـبـارم
شین و گـــریـانه کـــارم

ســەت بریا نـەمـــدیبــایه
تـازه غـــەم بەکـــار نـایه
کـوشـتـمی ئـەو بێ وەفـایه

* سەربەند



Mamle Art Center
www.mamle.net

## مەهاباد

www.mamle.net

قــوربان بۆ رۆیی بێ مـــاڵ ئاوایی
زۆر بێ دەرمـــانە دەردی جــودایی
پاش تۆ حـەرام بێ هـەڵپەرکێ و شـایی

سـابڵاغ زۆر خـۆشـە تۆی لێ دەبینم
بۆم دەرمـان دەکـەی قـەلبی غـەمگینم
رەببی هـەتا هـەم مـــەرگت نەبینم

هـەر لە تۆ جــــوانە نازی دڵداری
بزە و پێکەنین، شـــیـرن و نازداری
نێـو بانگت کـردوە تاقـانەی شـاری



Mamle Art Center

سـابڵاغ ئاوا بێ، چون تۆ سـابڵاغی
کـوا وەک تۆ جـوانە گـوڵی نێـو باغی
لە سـەر چی تۆرای، بۆچی لێم یاغی

سابڵاغ زۆر خۆشـە، جێی چاو جوانانە
ئیـمـانت بردووم مـەگـرە بەهانـە
ئەسـتـێـرەم روونە یار لێم مـیـوانە

مـەهاباد خـۆشـە جـوانـی تێـدایە
منیش کـوشـتـوومی چاوی لەیلایە
یاری چاو جـوانم زۆر بێ وەفـایە

مـەهـاباد خـۆشـە رەببی ئاوا بێ
دەپـاڕێـمـەوە یـار بێ بـەلا بێ
دنیـا هەر بەزم و سـەیر و سـەفـا بێ



Mamle Art Center

www.mamle.net

## دەوری دڵــــــداری

خـــۆشـــە دەوری دڵداری
دایم مـەست و غـەمـباری
هەر دووک دونیـای پێ دەدا
بە کــــاتێکی دڵداری

خـــۆزگـــەم بەوەی دڵدارە
دایم چـاو لـە دووی یـارە
هـەردوو دونیـای فـرێ دا
وەک مـــەجنوونی ئاوارە

سـەت خۆزگەم بەو کەسانە



Mamle Art Center

له دونیا دۆستیان جوانه
كه‌سێ دۆستی جوان نه‌بێ
بێ خێر و ماڵ وێرانه

دۆستی من چاو كه‌ژاڵه
خوێن شیرن و روو به خاڵه
دایكی به‌ڵێنێ نادا
ده‌ڵێ كه‌ژاڵ منداڵه

دۆستی من گه‌رده‌ن كێله
منداڵكاره و جه‌حێڵه
دایكی ده‌ڵی منداڵه
نامداتێ لێم له فێڵه

یاری من چاو شه‌هێنه*
خوێن شیرن و دڵرفێنه
دایكی ده‌ڵێ منداڵه
بۆ خۆی ده‌ڵێ بمهێنه

* سه‌ربه‌ند



Mamle Art Center

## کوێستان زۆر خۆشە

کوێستان زۆر خۆشە جێی چاو بازانە
یارم بۆی ناردووم گوڵ بە نیشانە
دوێنێ ئێوارێ سێبەر هاتنە خوار
هاتە نێو باغی یاری گوێ بە گوار
چاوم پێکەوت وەک ماهی تابان
گوڵزاری کوڵمەی وەک باغی گوڵان
تاوێک پێکەنین تاوێک دەست بازی
ئیمانی بردم بە چاوی بازی
پێم کوت چاوباز گیان دەردت لە گیانم
عیشقی تۆ بۆتە ئامانجی ژیانم
فەرمووی ئەمنیش وام بە گیانت قەسەم



www.mamle.net

Mamle Art Center

وەفـــاداری تۆم تا لـە دونیـــا دا هـەم
بـۆنـی بـەهـەشـــــتیّ لـە یارم دەهـات
مەست بووم لە خۆشیان تاکوو رۆژهەلاّت

www.mamle.net



Mamle Art Center

## جـێـــژنی نـەورۆز...

بـەهاره جـێـــژنـی نـەورۆزه
نـەورۆز مـــانگێکی پـیـــرۆزه
لە شـادی جـێـژنـی نـەورۆزی
لێک دەکـەین جـێـژنە پیـرۆزه

زسـتـان رۆیی خـەڵک شـاده
بـەهـاره، عـــــالـەم ئـازاده
سـاقی بۆم تێکه جـامی مـەی
لێـک راکـێـشن پیـاڵەی باده

گوڵزار غـەمڵی لە نێو باغان



Mamle Art Center

کیژ هاتنە دەر لە وەتاغان
یەکسەر رۆیین بۆ چلدانە
دەچنە سەر پیر و وەجاغان

دەسرۆکەی نارد بە نیشانە
ئەوشۆ یارم لێ میوانە
خودا دڵی نەرم کردوە
دایکی لێم دەگرێ بەهانە

یارم هاتە باغی ساوە
رەببی لێم نەبێ بە چاوە
دایکی بەهانەم پێ دەگرێ
بۆ خۆی قەولی بە من داوە

دایکی دەڵێ منداڵکارە
سنگی وەک باخچەی هەنارە
خودا جوانی خەڵق کردوە
یارم شیرن و منداڵکارە

رەببی بەدکار کوڕمردوو بێ
بەڵا و بوختانی لە دوو بێ
ئینتزاری یار دەکێشم



Mamle Art Center

قـەولی داوە کـەمـێک زوو بێ

بەهـار لە وێنەی بەهەشــتــە
دەغـەمڵێ ئەو شاخ و دەشتـە
کـیـژ و کورِ دەچنە سـەیرانێ
وەخـتـی گـەڕان و گـوڵگەشتـە



www.mamle.net

Mamle Art Center

## بانەمەڕ...

بانەمــەڕ هاتنە کــوێســتــانێ
هــەڵیـــان دا لە کـــەلیـــخـــانێ
قــەولە بیــبــینم چاو جــوانێ
ئەوشـــۆ شـــەوێکی عـــازیزە*
چاو جــوان دەمـــێکە لێم زیزە

خۆزگەم بەو وەختەی یار دەهات
گـــەر هــەمـــبـــایە زێڕی وڵات
ســـەر پاکم دەدا بە خـــەڵات

وەخــتێ یار هاتە ســەر کـانی



Mamle Art Center

تەشـــریفی هات بە مـــیـــوانی
تێـــر مـــژتم نێـــوان مـــەمکانی

ئەو کـــانیـــە کـــانی عـــاشـــقـــانە
ئەورۆ یار لە من مـــیـــوانە
وەعـــدە و پەیمـانی چاو جـــوانە

ئەوشـــۆ شـــەوێکی پیـــرۆزە
یار لە ســـەر من زۆر بە پۆزە
لـــێـــم تـــۆراوە و لـــێـــم ئـــاڵـــۆزە

ئەوشـــۆ یار قـــەولی پێـــداوم
لێم مـــیـــوان بێ بەڵەک چاوم
بێـــتـــە لام هێـــزی هەناوم

* سەربەند



Mamle Art Center

## دوو بـازنـەی دەســــــتی

www.mamle.net

دوو بازنەی دەسـتی، خـرمـەی پاوانان
گــەر مــەڕ دەدۆشـێ بـەری ئێـــواران
عـاشـقـان شـێت دەکـا بە پێکەنینێ
دەیبـــا بە تاڵان ئـیـــمـــان و دینێ

مــــــەشکـەی دەژێنێ بـەری بـەیـانـە
ئێــشـــارەی کــردم بـەو چاوە جــوانە
دونـیـــام لێ روونە قــــەولی پێـــداوم
دێتــە ســــەر کــانـی هێــزی هەناوم

رەببی بـەدکـــاران پێـــمــــان نەزانن



Mamle Art Center

ئەوشۆ شەوەکەی وەعدە و پەیمانن
قەرارمان دانا دەرۆین لەو دێیە
بەدکاری زۆرن شۆفاری لێیە

یارم هەڵدەگرم دەچمە گەرمێنێ
گەر ماڵی دونیا هیچم نەمێنێ
دەنگی رەشاشان قرمەی دەمانچان
لە دووم هەڵدەستێ لە سەردوو ماچان

ئەسپم کەحلانە کەس نامانگاتێ
بە یەک شاد دەبین لە دوور وڵاتێ
مەسڵەت هاسانە ماڵی دونیایە
هەمووی با بڕوا لە سەر لەیلایە

بەهەشتم ناوێ بە زۆر بمدەنێ
بە بێ چاو جوانێ ناچم بەتەنێ
بەهەشتی منە بەژنی چاو جوانێ
لەو دونیاش بەسمە رۆژی دیوانێ



Mamle Art Center

## پەلەی مــــــەکــــــە...

پەلەی مـەکـە سـەرچۆپی گـیـان
بەجێ مـــاوە یاری چاو جـــوان
داوەت تێک دەچێ بە قـــــوربان

لە ســەر خــۆ بە رۆینت جــوانە
دەت هــاوێــمــێ ئــەو بــەنــدانــە
مــاندوو بوون ئەو چاو مـەسـتــانە

جــووتەی عــاشــقـــان بێ بەلا بن
ســەرخــۆشن مـەسـتی شــەڕابن
رۆینە خـــۆشـــە مـــاندوو نابن


Mamle Art Center
www.mamle.net

هاتە دەستم یاری چاو مەست
بۆن خۆشە وەک عەتری سەربەست
بۆم داناوە شێعر و هەڵبەست

وەکوو بولبول بۆت دەخوێنم
شاباش ماچت لێ دەستێنم
زۆرماندوو بووی، بۆت نەمێنم

زوو بۆم وەرە بەر چرایە
ئارەقەت کردوە گەرمایە
دۆی جوان دە داوەتێ دایە

رۆینە خۆشە لە حەسارێ
بەندان داوێمە نازدارێ
جوانە وەک دەنکی هەنارێ

کیژ هاتن کۆڵان بە کۆڵان
داوەتیان گرت بۆ لاوکۆڵان
دڵگیرە لەرزەی مەمکۆڵان

داوەت خۆشە خەم رەوێنە



Mamle Art Center

جـــوانی تێـــــدا وەک ئاوێـنـە
کـوڵـمــەیان وەک بەفـر و خـوێنە

چەند خـۆشـە ئیـشـارەی چاوان
کـــیـــژان دەیکەن لە گــەڵ لاوان
یـــارم لـــێ زیـــزە بـــێ تــاوان

چ بــکـــەم یـــارم لـــێ تــۆراوە
لـێـم زیـزە ئـەو بـەڵـەک چـاوە
لوتفـی جــــارانی نـەمـــــاوە


Mamle Art Center
www.mamle.net

## بەهاری ئەو ساڵ

بەهاری ئەوساڵ خۆشە، ساڵێکی پڕ بارانە
یارم خۆی لە گوڵێ داوە دەڵێی خەرمانی گوڵانە
دونیا سەر سەوز و شینە گوڵزار هەمووی غەمڵیوە
بریا یارم دیبایە زۆر لە مێژە نەمدیوە
دەردی عیشق زۆر سەختە دەردێکی بێ دەرمانە
بەشی عاشقان هەر غەمە وەک مەجنوونی دێوانە
مەجنوون سەرداری عاشقان حەیفی کرد لە دونیایە
سەر و ماڵی فیدا کرد لە دووی چاوی لەیلایە
وەک مەجنوونم لێ قەوماو لە عیشقی خۆم ناکامم
لە ڕێی عیشقی چاو جوانێ بەدناوی خاس و عامم



www.mamle.net
Mamle Art Center

## شەیدای خاڵ...

شـــەیدای خـــاڵی تۆم بۆ لێم ناپرسی
دڵم دەشکێنی لە خـــودای ناترسی
چ بکەم شـــەیداتم ئەســـیـرت کـــردم
ســـەبرم نەمـــاوە هـەر بینا مـــردم
خۆزگەم بەو رۆژەی دەستەملان دەبووین
وەخت و بێ وەخت لێک میـوان دەبووین
خـۆزگـەم بەو شـــەوەی تا رۆژ بێداری
وێکرِا دەمـــان کـــرد رازی دڵداری
بریـا نەمـــابام بۆ غـــەمی ئەورۆ
زووخـــاو هەڵێنم بگریم بە بێ تۆ
لە غـــەمی دووریت چارم بێ چارە



Mamle Art Center

www.mamle.net

شـێـتی کـێـوان بووم وێڵ و ئاوارە
ئاوری تێـبـەربێ مـاڵە بەدکـارم
نەیهێـشت پێک بگەین ئەمن و نازدارم



www.mamle.net
Mamle Art Center

## داوەتم لێ بوو بە شین

داوەتم لــێ بــوو بــە شــین
دامــاوم مــات و غــەمگین
لە دوو چاوی بە خـــوێنم
دێتە خوار جۆگەی ئەسرین

کــوێســتــان بە تەم و تارە
هـەور و مـــژ و غـــوبارە
هـەوری دە رەش تـێک داوێـن
عــالەم دڵیــان غــەمــبــارە

تـاکــەی غــەمی بێ ئامــان


Mamle Art Center

تاکـــەی تـالاّوی زەمـــان
تا کـەی دووری لـە دۆسـتـان
غـەرقـاوی بـەحـری غـەمـان

تیـــشکی شـــادی نادیاره
عـــالەم کـــز و هـەژاره
تاکـــەی شـــەوی بێ پایان
دڵی یاران غـــەمـــبـــاره

دڵ بـــێ تـــابـــی یـارانـه
عـــالەم چاو بە گـــریانه
دونیـــا بەحـــری غـــەمـــانه
لە نەکـــبـــەتی زەمـــانه

کـەی دێ پایانی زســـتـــان
وەدەر کـەون چاو مـەســـتـــان
تـیـشکی ڕۆژ بێـــتـــه دەرێ
دەنگی بێ هەزاردەســـتـــان

گـوڵ بپـشکوێ لە چیـمـەن
نەمـــێنن زاغ و زەغـــەن
کـــیـــژۆڵەی ناسک و نازدار



Mamle Art Center

بە خــۆشی دەچنە گـوڵشـەن

گوێ بدەینە حیلکەی جوانان
خـــرمـــەی بازنە و پاوانان
نازی کـیـژۆڵەی چاو مـەست
هـەمـــــوو بـەری بـەیانـان

لە خـــاکی کـــوردەواری
نـەمـــێنێ گـــریە و زاری
نەمـــێنێ ئاخ و حـەســرەت
نـەمـــێنێ غـــەمگوســاری

مـەی گـێـڕ گـەڕی بێتـەوە
خـۆش خـوان لێی نەبڕێتـەوە
ببـێـتـەوە جـێـژن و شـادی
هەر بیـلـێ و بیـلـێـتـەوە



Mamle Art Center

www.mamle.net

## تەیری گەرمێن

لە بەر تەیری گەرمێنێ، زستان رۆیی دێنەوە
هەرچی بیری یار دەکەم برینم دەکولێنەوە
برینم ساریژ ببوون لە غەمان دەپسێنەوە

کانی بەر مالان خۆشە جێ ژوانی یاری من بوو
جێگەی خۆشی و دەستبازی، قەول و قەراری من بوو
جێگەی هومێد و خۆشی، رۆژ تا ئێواری من بوو

خۆشە کانی بەرمالان وەختێ کیژۆلەی دێنێ
یار دەهات بە پێکەنین کولمەی وەک بەفر و خوێنێ
ئیشارەی چاوی جوانی بەندی دلەم دەپسێنێ



Mamle Art Center

www.mamle.net

خـۆشـە کـانی بەرمـاڵان، شـیناوەرد و گـوڵزارە
یارم دێتـە سـەر کـانی بەرەبەری ئێـوارە
قـەرارە بێـتـە ژوانێ عـەللامـەی دایکی دیارە

خۆشـە کـانی بەرمـاڵان دەورەی سـەرسـەوز و شـینە
چاو جـوان لـە من تۆراوە کـوشـتـوومـی ئەو بێـدینە
لـە دووری یـاری جـوانم دایم دڵـم غـەمگـینە



Mamle Art Center
www.mamle.net

## باران دەبارێ

باران دەبارێ مـــانگی گـــوڵانـه
چاو جـــوان بارانـەی کـــردە بـەهـانـه
قـەرارمـان وا بوو بێـتــە سـەر کـانی
ئیـشــارەی کـــردم بە چاوی جـوانی
باران لـێی تـێک دام یاخـــوا نـەبارێ
یارم تـەڕ دەبێ بێــتـــە حـــەســارێ
مــزگـێنی هێنا قــاســیــد هاتە لام
غـەمگین دانیـشـتبووم یار کردی سـەلام
بەو چاوە جـوانە بەو گـفـتی شـیـرن
دوو لیــمــۆکـانی یەکـجـار دڵگیـرن
گـوارەی حـەوت پەرەنگ بەرمـووری لیـران



Mamle Art Center

چەندی لێ جوانە شیرن دەزگیران
دەسماڵی نایلۆن زەرڕی مسقاڵی
جەرگی دەرهێنام دوو چاوی کاڵی
بۆ عەتری یارم مەست مەستی کردم
گەر سڵاوی کرد چا بوو نەمردم
بەهەشتی دێنا ئەو نیو سەعاتە
گەرنم زیارت کرد پەرچەم خەیاتە
چەند خۆش بوو مردبام هەر لەو مەکانە*
ئەورۆم نەدیبا دوور لەو چاو جوانە

*سەربەند



Mamle Art Center

www.mamle.net

## دەسماڵی مسقاڵی

دەسماڵی مسقاڵی هەر لە یاری من جوانە
یارم هاتۆتە شاری ئەورۆ کە لێم میوانە
لەبخەندی چاوجوانێ ئەمنی کردوە دێوانە
خودا جوانی کردوە یار پێم دەگرێ بەهانە
بەهانەم پێ دەگرێ یار بۆ بەرمووری لیران
چەند رۆژە نەمدیوە لێم تۆراوە دەزگیران
پێ بەندی خاڵانم زندانیم وەک ئەسیران
رەگەڵم ناکەوێ دەچمە سەت چاک و پیران
چاک و پیر نەماوە هەموو شێخی وڵاتێ
دوعای لێ نەنووسم چاو جوان قەولم ناداتێ



Mamle Art Center

www.mamle.net

یاری من چاومەستە جوانە تازە دەگاتێ*
بۆ خۆی قەولی داوە دایکی قەولم ناداتێ

*سەربەند

www.mamle.net



Mamle Art Center

## یاری نازەنین

ئەورۆ یاری نازەنین چوە سەیرانێ
قەولی داوە بێتەوە، دێتە ژوانێ
شەرتە سوێندی بۆ دەخۆم بە قورعانێ
قەولە یارێ هەڵگرم تێر دەباوەشی گرم
یاری شۆخ و نازەنین یاری مەهـ جەبین

قاسپەقاسپی خاسەکەو دێ لەچیایە
خۆش بوو یاری نازەنین لێرە بایە
قەولی داوە بێتەوە رۆژاوایە
قەولە یارێ هەڵگرم تێر دەباوەشی گرم
یاری شۆخ و نازەنین یاری مەهـ جەبین



Mamle Art Center

دەنگی قـومـری دڵگرەو خـەمـرەوێنە
نازی یاری بـاوەفـــا دڵ رفـــێنە
یـاری نـازەنـیـنـی مـن چاو شـــەهێنە
قەولە یارێ هـەڵگرم تێر دەباوەشی گرم
یاری شـۆخ و نازەنین یاری مەهـ جـەبین

یاری خـۆشـەویستی من چاو خـومـارە
قـــەدبڵـــیند و گـــەندوومـی زۆر نازدارە
غـــەیری وەی هەڵیگرم نیـــمـــە چارە
قەولە یارێ هـەڵگرم تێر دەباوەشی گرم
یاری شـۆخ و نازەنین یاری مەهـ جـەبین

www.mamle.net



Mamle Art Center

## یاری چاو خومارم

بە باڵا وەک چنارە
مەمک باخچەی هەنارە
لە نێو ئەو شارە تاقە
یاری من چاو خومارە
قەولی داوە یارەکەم*
یاری چاو خومارەکەم
یاری گوێ بە گوارەکەم

کەژاڵم چاوی جوانە
ئەورۆکە لێم میوانە
دەڵێی حۆری بەهەشتە



www.mamle.net

Mamle Art Center

سنگ بەفری کەلیخانە

کەژالم گەردن کێلە
گریاوە چاوی لێڵە
یارم قەولی پێداوم
زۆر جوان چاک و جحێڵە

چاوجوانم لێ تۆراوە
ئەقڵ و هۆشم نەماوە
سەت چاک و پیرم کردوە
یارم نەبێ بە چاوە

یاری من دێتە شاری
وەڕەز بوە لە هەواری
قەرارە بۆ منی بێنێ
گەرنی زەردی بە دیاری

یارم سەرتۆپی دێیە
جووتێک هەناری پێیە
قەرارە بۆ منی بێنێ
یارم ئەو جووتە بێیە


Mamle Art Center

چ بکەم یارم لێ دوورە
لە نێو جوانان مەنشوورە
یاری من خوێندەوارە
زۆر بە داب و دەستوورە

* سەربەند

www.mamle.net



Mamle Art Center

## داوەت گەرم و خۆشە

داوەت گــەرم و خــۆشـــە، یارم تێی دایە
هـەر لـە دەســـــتم دابوو تـا رۆژاوایە
داوەت گەرم و خۆشە دەنگی شمشالان
نازی چاو ئەستێران بزەی چاو کالان
داوەت گەرمی کردوە لە نێو حەساری*
کــچـــۆلان تەڕ دەبن باران دەباری
رەببی لێی کـــاتەوە هەتا ئێـــواری

داوەت گــەرم و خــۆشـــە یارم دەبینم
دایکی دەیبـــاتەوە نەمـــاوە ژینم
بە ئیشـارەی چاوان قـەولێ دەبەستین



Mamle Art Center
www.mamle.net

لە خۆشی یەکتری هەر دووکمان مەستین

لە نێو داوەتێ دا حیلکەی کچۆڵان
سەت تۆبە دەشکێنێ لەرزەی مەمکۆڵان
یار هاتۆتە دەستم یا خودا نەبارێ
شایەر هەر بۆم بلێ تاکوو ئێوارێ
یاری منی تێدایە هاتۆتە دەستم
قەت وا هەڵناکەوێ لە خۆشیان مەستم

*سەربەند



www.mamle.net
Mamle Art Center

## بۆچی تۆرای

بۆچی تۆرای گوڵم مەیلەکەت بۆ نەما
کێ بوو گــــــــۆڕی دڵت دڵدارم

دڵ رەقی نازەنین شۆخی نازدارەکەم
من لە دووری رووخت غــەمــبــارم

بێ وەفــایی بەســە کــوانێ پەیمانت
دەردی من کــاری یە بێــمــــارم

جەرگی من لەت لەتە وەرە دەرمانی کە
بە بزەی لێــوەکــــەت دێ چارم


Mamle Art Center

دەردی هیجرانی تۆ تاکوو دونیا هەیە
بـۆم دەوا نـاکـــــــرێ نـازدارم

بۆ ویسالی رووخت بۆ دەمی وەسڵی تۆ
هـەر غـــەم و زاری یە شـــەوگـــارم

داد و هـاواری مـن دەنگی گـریانـی من
گـــەییـــە عـــەرشـی فـــەلەک هـاوارم

شـــــــەو هـەتـا رۆژ بـۆت دەنـاڵـم*
هـەر بـە هـەویـای چـاوی کـــــاڵـم

* سەربەند



Mamle Art Center

## شەو هەتا رۆژ...

شـــــــەو هــەتـا رۆژ بــۆت دەنـاڵـم
هــەر بــە هــەویـای چـاوی کـــــاڵـم

خـــۆشـــــەویســـــتم نـووری چـاوم
من لـە عــیـــشــــقی تـۆ ســـووتـاوم

تـۆی هـومــــێـــــدی قـــــەلبی زارم
بـۆ ویســــالـت جــــان نـســـــارم

تـێـت دەفـکـرم زۆر جــــــــوانـی
دڵبـــــەری ئـارامی گــــیــــانـی



Mamle Art Center

کــــام جـــوان وەک تۆ جـــوانە
کـام فـریشـتـە لەو جـیـهـانە

کـێـهـە حـۆری، کـێـهـە دڵبـەر
کـێـهـە نازدار، کـام رەش ئەسـمـەر

کـێـهـە قـومـری، کـێـهـە بولبـول
کـێـهـە خـونچـە، کـام پەڕی گـوڵ

کــوا وەکــوو تۆ خــۆشــەویستن
جــــوانی تۆ نـایەتە بـیـــستن

بۆچی تۆراوی گوڵم مەیلەکەت بۆ نەما*
کـێ بـوو گـــــــۆڕی دڵـت دڵـدارم

* سەربەند



Mamle Art Center

www.mamle.net

## بەهار خۆشە

بەهار خۆشە گوڵ دەپشکوێ لە دەشتێ
کیژ دێنە دەر عەینی حۆری بەهەشتێ
دەگەڵ کوڕان دەچنە گەڕان و گەشتێ
پۆلی کیژان لە گوڵزاری کوردستان*
خۆشە بچی بۆ تەماشای چاومەستان

بەهار خۆشە فەسڵی گەشت و گەڕانە
فەسڵی کەیف و دەماغی دڵ تەڕانە
فەسڵی راز و نیازی دڵبەرانە

بەهار خۆشە فەسڵی راز و نیازە



Mamle Art Center

www.mamle.net

عاشقی فەقیر بە حەسرەت چاوی بازە
فەسڵی شۆخی و کەیف و قام و ئاوازە

بەهار خۆشە سەرمای زستان نامێنێ
سۆزی شەماڵ کەوێ بەفران دەتوێنێ
نمەی باران دەشت و دەوەن دەڕوێنێ

بەهار خۆشە دێنە دەرێ لە شاری
پۆلی کیژان بە جوانی و بە لەباری
سوور و ئاڵن وەکوو دەنکی هەناری

بەهار خۆشە گوڵ دەپشکوێ بەهاران
لە رووباران خۆشە نم نمی باران
لە سەر گوڵان خۆشە دەنگی قەتاران

* سەربەند



Mamle Art Center
www.mamle.net

١٩٦٧

## سوێند

www.mamle.net

سوێندم خواردبوو چی دی نەکەم دڵداری
هەتا ماوم دانیشم بە غەمباری
یارم کوشتمی بە دوو چاوی خوماری

خاڵی گۆنەی جەرگی کردمە نیشانە
چاو خومار و خوێن شیرن و خان و مانە
سینگی یارم دەڵێی باخچەی گوڵانە

داوی زولفی دەڵێی خەیاتەی خاوە
دوێنێم دیوە دڵم لە سوێی نەماوە
یارم جوانە رەببی نەبێ بە چاوە

لە بەر نازی، لە بەر خــەندەی لێــوانی
لە نێــو گــوڵان دوێنێ دیتم بە جــوانی
دایکی دیار بوو لێـمـان حـاڵی بوو زانی

بە چاو فەرمووی خۆشم دەوێی بە خەندە
هێندە جوانە کوشتوومی ئەو دەم قـەندە
بە لوتفی خـۆی دوێنێ کردمی شـەرمەندە

چەندە جوان و خوێن شیرنە ئەو نازدارە
دڵی بردم کـوشـتـمی ئەو چاو خـومـارە
زۆر رووح سـووک و دڵ رفـێن و لـەبارە

www.mamle.net



Mamle Art Center

## چەند ساڵم کێشا...

www.mamle.net

چەند ساڵم کێشا غەمی چاو جوانم
ئێستاش هەر شەیدام وێڵی جیهانم
لە رەهنی وی دا دین و ئیمانم
حەیف بۆ یارێ یار بێ بەقا بوو*
حەوت ساڵ دڵداری جەور و جەفا بوو
یار بێ خەتایە کاری خودا بوو

یارم چاو مەستە شلک و نازدارە
نێوبانگی کردوە عەنتیکەی شارە
ئیمانی بردووم ئەو چاو خومارە



Mamle Art Center

گــۆنەی وەک مــانگە ئەبرۆی کــەوانی
گـــەردن بلووره لێــوی قـــەیتــانـی
وێنەی وای نیـــە نەقــقــاشی مــانـی

دەم بە پێکەنین توولە نەمـــــامــــە
پێشکێشی کردم جـووتەی شـەمامـە
جــوانی لە دونیــا پاش تۆ حــەرامــە

ڕەببی بە دوور بی لە قسـەی بەدکاران
خـــوا بتــــپـــارێزێ لە چاو و زاران
چەند جــوانە کــە دێ بـەری ئێــواران

بە بێ تۆ نـاژیم گــوڵە جــوانەکـــەم
رووحی رەوانم دەزگـــیـــرانەکـــەم
کـەم شـەرت دەرنەچی هـاو پەیمانەکـەم

* سەربەند



www.mamle.net

Mamle Art Center

## گیانە بۆ هاتی

www.mamle.net

کــیــــانە بۆ هـاتـی بۆ دڵت بـردم
رووحی شـیـرینم بۆ وات لێ کـردم

کـیـانە لێم لادە تۆ خـوا لێم لادە*
یا وەرە بـا بـڕۆین دونـیــــا ئازادە

تـاقــــەتم نیــــە تـابی دڵداری
دیاریت بۆ هێنام جـەور و غـەمبـاری

دەردی دڵداریم دیوە حـەوت سـاڵان
من لە دەسـتم چوو شـازی چاو کاڵان



Mamle Art Center

من لـه دڵداری گـــیـــانـه بێـــزارم
چوونکه وەک مـەجنوون دڵ بریندارم

دەردی دڵداری کـــاری مـــەجنوونـه
کاری فـەرهادی نەقشی بێستوونـه

* سەربەند



www.mamle.net
Mamle Art Center

## قەندیلی مامە کۆیان

قەندیلی مامە کۆیان کوێستانی سەرسنووره
یارم چۆتە قەندیلی کوێر بم یارم لێ دووره
دەردی عیشق زۆر سەختە دەردێکی بێ دەرمانە
بەشی عاشقان هەر غەمە وەک مەجنوونی دێوانە
بە بێ تۆ سەبرم نایە یارم چۆتە کوێستانێ
گەردن کێل و چاو جوانە، جوانی وا لە دونیا نێ
بسکی دەڵێی رەشمارە سینگی باخچەی هەنارە
گەرنی دەڵێی بلوورە خوێن شیرن و منداڵکارە
بزەی تەلسم و بەندە، گەر دێتە خوار بە خەندە
کوڵمەی گوڵی شللێرە کوشتوومی ئەو دەم قەندە
چاوی مەست و خومارە برژانگی قەڵەم کارە



www.mamle.net
Mamle Art Center

هەر لە یاری من جوانە حاڵقە و دەرزیلە و گوارە
دەرزیلـەم بـۆ هـێـنـاوە یـارم لـە زولـفـی داوە
لە چاو و زار بـە دوور بێ رەببی نـەبـێ بەچاوە

www.mamle.net



Mamle Art Center

## موژدەی شنەی شەماڵ

شنەی شــەمــاڵ مــوژدەی هێنا بای بەهارە
زســتــان رۆیی قــەنارە مــەســتی گــوڵزارە
دونیــا شــادە من غــەمــبــارم
لە ســـوێی یاری چـاو خــــومـــارم

قـومـری مـەسـتـە لە نێـو گـوڵان دەچریکێنێ
هەزاردەســتــان مـوژدەی بـەهارێم بۆ دێنێ
شــــەمـــــاڵ پـەیکە پـەیکی یارە
یار خــــوێن شــــیـــرن و منداڵکارە

ڕەببی بە خـێـر بێی بەهاری شـادمــانی



www.mamle.net
Mamle Art Center

موژدەت پێیە موژدەی خۆشی موژدەی جوانی
یارم جوانە خەم رەوێنە
گەردەن کێل و چاو شەهێنە

بەهار چەند خۆشی، دڵگیری، فەسڵی شادی
زستان رۆیی کیژ دێنە دەر بە ئازادی
یار دوو دڵە قەولێ نادا
دەترسم رەنجم بە با دا

عالەم شادە غەم بە بەژنی من بڕاوە
دڵی بردووم یار هێشتا قەولی نەداوە
جەرگی بڕیوم بە نازان
کوشتوومی شازی چاوبازان



Mamle Art Center

## وەرە ئەی یار...

وەرە ئەی یاری چاومەست بکە رەحمێ بە حاڵم
لە غەمی چاوی مەستت شەو و رۆژێ دەناڵم
خودا بە نەسیبم کا بە هومێدی ویساڵم
چاو جوانی خوێن شیرن ئەتۆ باخچەی گوڵانی
کێ بەدگۆیی کردم رەببی لاڵ بێ زمانی

گوڵی من رۆیی لێرە گوڵە سووری بەهارە
دەڕوانی بەر و سینگی وەکوو باخچەی هەنارە
وەکوو قومری شەتاوان تەڕ و ناسک و لەبارە
بە خەیاڵی ویسالت دڵم هەر ئینتزارە



Mamle Art Center

گـیـرۆدەی چاوی تۆ بووم گـوڵم شـۆخ و لەباری
دڵت بـردم بە تـاڵان بۆچـی رۆیـی لـە شــــاری
بەیادی چاوی مــەسـتت کـاری من بۆتـە زاری
خـــوێنی من حـــەڵاڵت بێ لە پێناوی دڵداری

دڵی تۆ بۆچـی گـــۆڕا بۆ تۆ بوومـــە دێوانە
بۆچی تۆرای عـــەزیزم بۆ لێم دەگـــری بەهانە
بە سـیلەی چاوی جـوانت دڵت کـردمـە نیشـانە
بریا هـەر نەمـــدیبـــایە گـوڵم ئەو چاوەجـوانە

دە داوی کـەس نەکـەوتم لە راو کـردن هەڵۆ بووم
کـەوتوومـە داوی زولفت بازێکی سـەربەخـۆ بووم
عیشقت ئەسیری کردووم پێ بەندی داوی تۆ بووم
رۆیی بێ مـــاڵاوایی لە دونیـــا رەنجـەڕۆ بووم



Mamle Art Center

## ئەودڵەم بۆت غەمگینە

ئەو دڵەم بۆت غــــەمگینە
ئەلحــەق خــوێنت شــیرینە
نازانم پێ مـــەفــرۆشـــە
تۆ خودا پشتێند پەشمینە

بێـــــزارم لـەو حــــاڵە
مــەقـــسوودم چاوی کـــاڵە
ســـەت بریا نـەمــدیبــای
جـــوانی گـــەردن هەڵاڵە

کــوێســتــانم ســامــرەندە


Mamle Art Center

نـازانم بـۆ دڵ مــــــەنـدە
چـەنـد ڕۆژە نـەمــــــدیـوە
کـوشـتــمـی ئەو دم قـەندە

دەســـــرۆکـــــەی نـایـلـۆنـە
وەک ریـحـــــانـەی بـە بـۆنـە
جـــــارێک لێم ناپرسی
حـــاڵی شـێـــواوت چۆنـە

نـازم پـێ مــــەفـــرۆشــــە
بـۆنـت وەک عـەتری خـۆشـە
هــــاتـــووم بــۆ تــەوافــت
خـــۆتم لێ دامـــەپۆشــــە

کــــوێســـتـــانـت قــەڵاتـە
مــــەشــــهــــووری لەو وڵاتـە
وەجـــــاخـی کــــوردانـی
دایم دڵـــــم لـــــە لاتـــــە



Mamle Art Center

www.mamle.net

## لە مێژە زۆر لەمێژە

www.mamle.net

شێخی شەمزینان هاوار، غەوسی ماڵ لە بەغدایە
بۆ خۆت حاڵم نەپرسی عیلاجی دەردم نایە
ومختە شێت و شەیدا بم لە سوێی چاوی لەیلایە
چ دەردێکە تووشی بووم دەردێکی بێ دەوایە

لە مێژە زۆر لە مێژە ئەسیرت کردم لێرە*
زەکاتی چاوەکانت ئاورێکم وێدە خێرە
گەرنت هەڵاڵەی زەردە کوڵمەت گوڵی شلێرە

ساداتی نەهری هاوار، ئەولادی غەوسی سانی
پادشای مەکە و مەدینان جەددی غەوسی گەیلانی



Mamle Art Center

وەختە شێتی کێوان بم لە سوێی خەندەی لێوانی
ئەو دڵە تەنگەم ناسرەوێ لە دووری چاوی جوانی

هەوارچی ئەو هۆبانە باریان کرد بۆ قەڵاتێ
قەولی ماچێکی پێدام بە جێژنانە بمداتێ
سنگت باغی بەهەشتێ کوڵمەت ئاوی حەیاتێ
یار لە سەرچی تۆراوە چەند رۆژە رووم ناداتێ

* سەربەند



www.mamle.net
Mamle Art Center

## دەردم گرانە

دەردم گـرانە عـیـلاجـم سـەخـتـە
چی دەگەڵ بکەم لەو شانس و بەختە
دونیـا دەزانێ کـوشـتـەی باڵاتم
لە بێـداری و خـەو بە دڵ لە لاتم
فکر و ئەندێشـەم، هەمـوو خـەیاڵم
هەر بە ئومـێـدی رۆژی ویسـالم
بریا نـەمـدیبـای ئەو رۆژەی هاتم
نەبوای بە مـایەی مـەرگ و حـەیاتم
مـردن و ژینم لە دەست تۆ دایە
گـەر لوتفت هەبێ بۆ من بەقـایە
گـەر بێ مـەیل بی نازیم نامـێنم
لە ڕێگای عـیـشـقت حـەڵاڵە خوێنم


Mamle Art Center
www.mamle.net

خـۆزگـەم بەو کـاتەی هاتـی خـەیاڵم
وەک مـانگی چاردە رووت کردە مـاڵم
هـاتی نـێـــــو دڵـم، دڵـی تـاریکـم
شـەو و رۆژ لـە دووت وێڵم خـەریکم
گـا دە خـەو دادێی گـا دێیـە بیـرم
ئەسـیـرت کـردووم بۆ تۆ ئەسـیـرم
پێ بەندی عیشـقـم یەکجار بێ باکی
لە دوات دەکـێـشم دەردی غـەمناکی
بە خـەونیش رازیم جـارێک بێـیـە لام
بۆ لێم تۆراوی ئەی شـیـرن کـەلام
خـوێنم حـەڵاڵت گـەر گـوناهـکارم
لە هیـجـری دووریت یەکجار بێمارم



Mamle Art Center

www.mamle.net

## بەهار زۆر خۆشە

www.mamle.net

بەهار زۆر خـۆشـە فـەسـڵی گـوڵانە
مـایەی خـۆش زەوقی ئەهلی دڵانە
سـەرمـاوسـۆڵ دەڕوا زسـتـان نامـێنێ
شـەمـاڵ دێ مـوژدەی بەهاری دێنێ
کوێستـان دەغـەمـڵێن وەک باغی بەهەشت
کەسک و سوور دەچێ شاخ و دەر و دەشت
جـۆبار دەبزوێ خـوڕڕەی ئاوهەڵدێر
لە شـاخـان تووڕەی شـمـشـاڵ و بلوێر
هەڵپـەرکێ دەکـەن کـیـژ و کـوڕ و کـاڵ
جـەحـێڵ و کـابر، کـەم عـومـر و منداڵ
ڕەشـبـەڵەک دەگـرن لە باسکەوباسک
شـیـرن ونەرم و نۆڵ چکۆڵە و نـاسک

مـــەمک وەک فـــینجـــان گـــەردن وەک بلوور
کوڵمەیان وەک سێو ساف و سپی و سوور
ناسک و نازدارن چاو مـــەستن جـــوانن
دم بە پێکەنین ئەبرۆ کـــــــەوانن

www.mamle.net



Mamle Art Center

## یار چوە هەواری

www.mamle.net

یار چوە هەواری بێ مالاوایی
یەکجار زۆر سەختە دەردی جودایی
هەر چاوەڕێتم یاری چاو جوانم
لە سوێت عەبداڵم وێڵی کێوانم
دڵم لە لاتە بە ڕۆژ و بە شەو
لە بێداری دا لە غوررابی خەو
ناچی لە بیرم ناچی لە یادم
بە باست مەستم بە یادت شادم
جەرگت بڕیوم بە عیشقی پاکت
بە شیرنی قسە و ئەخلاقی چاکت
یا خودا بێتەوە زوو لە هەواری

جـووتەی لیـمـۆیان بێنێ بە دیاری
تێـرتێـر بیـمـژم نێـوان مـامکانت
تێر مـاچیان بکەم دوو چاوی جوانت

www.mamle.net


Mamle Art Center

## دڵبەری شیرن کەلام

www.mamle.net

دڵبــەری شــیــرن کــەلام
ئەی ناسکی تــوولە نەمـــام
چۆن فــەرامــۆشت دەکــەم
بێ تۆ بەهەشت لێم بێ حەرام
یاری من رەش ئەسـمـەرە*
جــوانە نەجــیــبــە، دڵبــەرە
ســـینگی باغی جــەننەتە
کــوڵمــەی گــوڵی نیلووفــەرە

دەردی دووریت زەحـــمـــەتە
لێم دووری جــەرگم لەت لەتە



Mamle Art Center

شـێـتی چاوی مـەسـتی تۆم
کوشـتـوومی ئەو خـاڵ و خـەتە

باســـــەفـــایە یاری من
خــوێن شــیــرنە نازداری من
قـــەولە دەرمـــانی بکا
دەردی دڵی بێــمـــاری من

قـــەولە بێــتـــە مـــاڵەکـــەم
ئەو دڵبـــەرە چاو کـــاڵەکـــەم
روحـــــمی هـــاتـۆتە دڵی
خــوێن شـیـرنی لێـو ئاڵەکـەم

سـینگی وەک بەفـری ســەران
لێم زیزە شــازی دڵبــەران
بـۆنـــی زولـفـــی یـــاری مـــن
زۆرخـۆشـە چەشنی زەعـفـەران

* سەربەند



Mamle Art Center

## عاشق بە کوێستانم

دیسان عاشق بە کوێستانم
عاشق بە دیمەنی جوانم
عاشق بە پۆلی گوڵانم

خۆشم دەوێی گوڵی سوورم
لە دووریت مات و ڕەنجوورم
سەردەمێکە لە تۆ دوورم

یاری من رووح سووکە جوانە
کەرنی هەڵاڵەی کوێستانە



www.mamle.net
Mamle Art Center

کوڵمەی وەک سێوی لوبنانە

کوشتمی چاهی زەنەخدانی
شێتی کردم چاوی جوانی
دیمەنی خەندەی لێوانی

نەمام بۆ یاری چاوجوانم
شێت و شەیدام پریشانم
خزمینە چ بکەم نازانم



Mamle Art Center

## یاری من بۆ منی به جێ هێشت

یاری من بۆمنی به‌جێ هێشت ده‌ردو غه‌م
چاو که‌ژاڵ هیجرانی تۆ چۆن چاره که‌م
عیشقی پاکم زیاد ده‌کا هه‌رده‌م به ده‌م

چاکه په‌روانه ده‌زانێ حاڵی من
چی ده‌وێ ده‌نگ و نه‌وای شمشاڵی من
لێم نه‌بانه یاره‌که‌ی چاو کاڵی من

ئاخری کارم که سووتانه و نه‌مان
ئه‌وه‌ڵ و ئاخر غه‌مه و داد و فغان
مردنم هیچ، بوومه رسوایی جیهان



Mamle Art Center

عـەینی فـەرهاد تیـشه خـۆرم عـاقـیبـەت
پێم دەمـێنێ شین و گـریان و خـەفـەت
چاوی پڕ ئەسـرین و ژانـی جـەرگی لەت

قـەلبی بریانه نـەتیـجـەی عـاشـقـی
چاو کـەژاڵ بـۆ وا بـه قـین و دڵڕەقـی
من وەفـادارم بـەڵام تـۆ نـاحـەقی

رەنجی حـەوت سـاڵەم بـه با چوو بێ بەها
تیـری عـیشـقت کـوشـتـمی کـارم کـرا
تـازە تـا رۆژی ئـەبـەد نـابم رەهـا

رەببی باعـیس جەرگی لەت لەت کـا خـودا
هەر وەکـوو ئـەمن و ئـەتۆی لێک کـرد جـودا
هەر جـەفـا کـێش بێ و خـودا فـەتحی نـەدا

www.mamle.net



Mamle Art Center

## گوڵی سوورم

گــوڵی ســـــوورم بۆ ژاکـــاوی
لە بەر بێ ئاوی شــــەمـــزاوی
گــوڵاڵەی کــوێســتــانی قــەندیل
خوین شیرین و جوان و نەشمیل
بۆ بێ کـــەیفی بۆم بەیان کـــە
دڵم رزگـــار لە غـــەمـــان کـــە
من کــۆێســتــانم ســـەرم بەرزە
داوێــنــم خـــــــاوێــن و تـــەرزە
مـــــەکـــانی باز و پەلکوورم
جێ و مـــەکـانی گــوڵی ســوورم
مـــەکـــانی کــیـــژ و دڵدارم



Mamle Art Center

جێی رمب بازی و تەقڵەو سوارم
جێگەی بەزم و شادی و مەستیم
جێگەی ئازادی و سەربەستیم
جێگەی هەڵاڵە و گیا خاوم
جێی خاسەکەو جێگەی راوم
جێی نواڵە بەفر و کانیاوم
کەس نایە بێ هەمدەم ماوم
جێی هەڵۆ و پەلکوور و بازم
جێی خاسەسی و سۆنە و قازم
جێی لاوک و بەیت و ئاوازم
بە سەربەرزی خۆم دەنازم
سەربەرزم داوێنم پاکە
حەڵاڵە نوتفەی ئەو خاکە
نەترس و ئازا و بێ باکە
چاک خوڵقاوە و رۆڵەی چاکە



Mamle Art Center

www.mamle.net

## مۆژدەی بەهار...

مـــوژدەی بەهــاریو لێـــبێ، ئـەورۆ ئەوە هـات بەهـار
بەهارێکی خەمڕەوێن خاڵ خاڵ بوون بەفری کۆسار
گــیــا ســەری پێــوەناوە بە لەنگێــزە دەبارێ
بۆڕ و مــەندۆک و بیــزا وەدەرکــەوت لە خــارێ
کانیـاو تۆقین لە شـاخـان، کـیژان دەچنە گێلاخـان
لە بەر ڕۆژ و چینکاوان، سـووره پنگ و قـازیاخــان
دەچن گوڵی مێلاقه و سـوێسن و وەنەوشه و شللێر
ئەو کـیـژە چاو مـەسـتـانە داوەت دەگـرن بە بلوێر
باللۆرەی کـیـژی چاوجـوان بارەباری نێـو بەرخـان
جـوانـتـرین مـۆسـیـقـایە، لاوک و بلوێر و حـەیران



Mamle Art Center
www.mamle.net

## گەزیزە هات

گـــەزیزە هات پەیکی بەهـار
دڵشـــاد بوون دڵبــەر و دڵدار
خـاکی جوانم وێنەی بەهەشت
بەهار هات غەملّی دەر و دەشت
جـوانی گـوڵزاری کـوردسـتـان
بێ وێنەیە لە رووی جـیــهـان
تەمـاشـای جـوانـی ئاوهەڵدێر
سـەفـا و خـۆشی دەنگی بلوێر
گـوڵ دەپشـکوون کـاتی بەیان
وەک زەردەخەندەی کیژی جوان
دیمەنی گـوڵزاری کـوێسـتـان



Mamle Art Center

تریقە و نازی چاومەستان
قەڵبەزەی ئاوی ئاوهەڵدێر
بۆنی بێژان، جوانی شللێر
خرمەی پاوانەی کچۆڵان
دیمەنی لەرزەی مەمکۆڵان
چاوە برکێنەی کیژ و لاو
قەراران دادەنێن بە چاو
دەنگی بولبول و قەناران
پڕشکەی بۆن خۆشی باران
جوانی کیژۆڵەی رەشماڵان
ئاهەنگی خرمەی خرخاڵان
سەت جار تۆبەت پێ دەشکێنێ
وەختێ بەهار خۆی دەنوێنێ

رەببی بەخێرێ بەهار*
بەهار خۆشە لە دڵان
بەهارە فەسڵی گوڵان

*سەربەند


Mamle Art Center

## ئەورۆ بەهارە

ئەورۆ بەهارە کوێستان غەمڵیوە
ئەوساڵ دوو ساڵە یارم نەدیوە
یاری چاوجوانم لە گەڵ کچۆڵان
چوونە ڕێواسان لە شیو و دۆڵان
بریا لە گەڵ بام، لە گەڵ ئاواڵان
لە گەڵ کیژۆڵان، لە گەڵ منداڵان
ڕەببی کوردستان هەر با سەفا بێ
هەر خەمڕەوێنی جەور و جەفا بێ
لە شیو و دۆڵت گۆوەند بگیرێ
یان لە هاوێرێ یان لە بەر بێرێ



Mamle Art Center

www.mamle.net

خـەندەی لێـوەکـەی خـەیاڵی بردووم
لار و لەنجـەکـەی دێوانەی کـردووم
یاری عــازیزم لـە کــەوی و نواڵان
رەپێی یەک دەنێـن لە گـــەڵ ئاواڵان
چەندەم پێ خۆشە و چەندەم پێ جوانە
دیمەنی وا جـوان لە کـوێی جـیـهـانە
کوڕ و کاڵی دێ، کیژۆڵەی چاوجـوان
لە نێـو کـچـان دا هـەمین و ئامـــان
داوەتیـان گـرتوە کـەیف و قـومـارە
رەپێی یەک دەنێن لەو نێـو گـوڵزارە
کــوڕینە با بچین یاری چاوجـــوانم
لە داوەتـێ دا دین و ئـیـــمـــانم
بەشکەم تێک نەچێ ئەو بەزم و باوە
تا دەچمـە کنیـان دەم کـەمی مـاوە
دەمی ئێـــــواران بـەزم بـەتـاڵـە
لە دووی یاری خـۆم دونیـام پێ تاڵە
من لێـرە دەبم سـەرەڕێی یارمــە
ڕێی گـــەڕانەوەی یاری جـــوانمە
بەشـقـەم بیـبـینم جـارێک بیـدوێنم
با دەرمـان بکرێ جـەرگی پڕ خـوێنم



Mamle Art Center

www.mamle.net

## نامە

نامەم نوسیوە دڵم پڕ خوێنە
بەشقی ئیمانت دڵم مەشکێنە
قەولت پێ داوم کولمەت وا بێنە
بەناز کوشتوومی ئەو چاو شەهێنە

چەندم رەنج کێشا لە دوای چاوجوانێ
قەولی پێ دابووم بێتە سەر کانێ
حەولی زۆر دابوو دایکی نەزانێ
بەری بەیانی هاتە هەیوانێ

وەختێک کە دیتم، کەمێک گریابوو

www.mamle.net



Mamle Art Center

جـەرگی داغ کـردم دایکی لێی دابوو
یاری چاوجـوانم کـەیفی نەمـابوو
هـەر دەردی دڵ بـوو تـا رۆژ ئـاوا بـوو

لـە بۆنـی زولـفـی عــــەتر دەبـاری
بسکی لوول دابوون وەکـوو رەشـمـاری
رازاندبوویەوە بـاخــچـەی هـەنـاری
یار چۆوە مـاڵێ، مـام بە غـەمـبـاری

کۆکۆی غـەمـانم کێوی بێـسـتـوونە
کــارم گــریانە و چـاوم پڕ خــوونە
دەردم هـاوسـەنگی دەردی مـەجنوونە
وەک سـەرنویشـتی مـەم و خـاتوونە

شـێت و شـەیدا بووم کـارم گـریانە
بۆتە خــەرمــانم غــەمی زەمــانە
چۆن گـرفـتـار بووم بەو چاوەجـوانە
خـەتای کـەس ناگـرم کـاری یەزدانە



Mamle Art Center

www.mamle.net

## بۆچ نامدوێنێ

ئەرێ چەندم حەول دا ئەودەمەی هەردووک منداڵ بووین
ئەرێ لە کووچەی خۆمان، گیانەکەم هەردووک ئاواڵ بووین
یار لێم زیزە خۆشەویستی من تۆراوە *
بۆچ نامدوێنێ مەیلی جارانی نەماوە

ئەرێ هەر گاڵتە و گەپ بوو گیانەکەم شۆخی و دەست بازی
یارم ئەسیری کردم ئەی هاوار بە چاوی بازی

ئەرێ لە دڵم کاری بوو، ئەی هاوار تیری موژگانی
یارم ئەسیری کردم ئەی هاوار بە چاوی جوانی


Mamle Art Center

ئەرێ ئەوساڵ حەوتساڵە گیانەکەم مەجنوون ئاسایی
ئەرێ لە عیشقی یارێ ئەی هاوار بوومە سەودایی

ئەرێ دەردم کاریە، ئەی هاوار کارم کراوە
لە بەر غەمی چاو جوانێ ئەی هاوار هۆشم نەماوە

ئەرێ یا خودا دوژمنان، ئەی هاوار بە حاڵی من بن
ئەرێ ئەو دەردەی لە منە ئەی هاوار بەشی دوژمن بن

ئەرێ شێت وشەیدا بووم ئەی هاوار حاڵم گۆڕاوە
ئەرێ لە دووری یارێ ئەی هاوار جەرگم بڕاوە

* سەربەند

www.mamle.net



Mamle Art Center

## نە خواردنم ....

www.mamle.net

نە خــــواردنم خـــواردنە، نـە خـــەوم خـــەوە
قـــــــەولی پـێـــــــداوم بـڕۆیـن پـێـکـەوە
وەرە نازدار بەشقی ئیمانت*
وەفادار بە عەهد و پەیمانت
قـەولت پێـداوم هـەر بۆ من بن دوو چاوی جـوانت
تێرتێر با بمژم ئەو دوو خـاڵەی نێوان مـەمكانت

قـــەرارمـــان مـــانگی خـــاكـــەلێـــوە بوو
قـــەســـتم دوو مـــاچی ئەو دوو لێـــوە بوو

قـــــەولی پێـــدابووم وەخـــتی ئێـــوارە



Mamle Art Center

تێـــر هـەڵیـــمـــــژم ئـەو دوو هـەنـاره

ئـیـــشــــارەی کـــردم بـە قـــامکی دەســـتی
دوو مـــــاچـم داتێ لـە چـاوی مــــەســـتی

بـە چـاو پێـی کـــوتم دەســـــتێ بـۆ لێـــدام
ســــوێندی بۆخـــواردم قـــەولـی پێـــدام

دوو مـــــاچـم لـە کـــۆڵـمـــــەی ســـووری
لـە گـــــەرنـی ســـــپـی هـەر وەک بـلـووری

بۆنـی بـەر گـــــەرنـی عـــــەتری بێــــژانـە
بـە نـاز کــوشـــتـــوومی ئـەو بێ ئیـــمـانـە

یـارم بـەدقـــــەولـە بـەقـــــای پێـنـاکــــەم
دەمــــرم نـەیبـــینـم بێ وی هــەڵنـاکـــــەم

ســـــەت قـــــەولی داوە یـار بێ بـەقــــایە
قـــــەولی چـاو جـــوانـم قـــــەت وەدی نـایە

* سەربەند


www.mamle.net
Mamle Art Center

## با بچینە هۆبان

با بچـــــــینە هۆبان هـۆبەی بێـنگـوینـێ
جێ راوگـــەی مـــەمی و جـێی خــاتوو زینێ
گـــۆڕی مـــەیدانێ و ســـەری ئەســتـــەرێ
شللێـــر ســـوور دەچێ هـەر وەک مـــەخـمـــەرێ
گـــوڵی مـێـــلاقـــە و شـــەشـپـــەڕ و بێــژان
بۆنیـــان تێکەڵ بوو مـــەندۆکی کـــوێســـتـــان
گـــولۆپکی بیـــزا تۆمـــــار بە تۆمـــــار
بـــۆ عـــــــەتری دەڕوا وەک بـــەرۆکـی یـــار
چـاو جـــــوانم چـاو بـازی چـاو مـــــەســت
دیـن و ئیـــــمـــــانم بـۆ تـۆ چـوون لە دەست
هـەواری مـــێـــرێ قـــیـــبلـەی دڵداران



Mamle Art Center

جێ هـۆبـەی جــــــــوان و نــاز و نــازداران
یـاری نـازدارم گــــــەر مـــــــەڕ دەدۆشــێ
چاوی خـــــومــــــاری بـەناز دەفــــــرۆشـێ
لـە بـەردی بێـــــری و کــــــانـێ چۆڕچۆڕێ
ســــــەتـی وەک لاس و خـــــەزاڵە شـــۆڕێ
پەروەردەت کـــردن خــــەج و ســـیـــامـــەند
لاس و خـــــەزاڵ و خـــــاتــوونی دم قـــــەنـد
یاخــــــــوا ئـاوا بێ قـــــــــەت نـەبـی نـەوی
قـــــەت ناگـــــاتـە تۆ دەســــــــتی نـەتـەوی


Mamle Art Center

## دەبـــا بـــچـــین....

دەبا بچین بۆ کوێستانان
مـەڕدار چوونە کوێسـتانێ
لە سپیرێزی خـەیلانیـان
لـە جێ هۆبـەی ئاسـکانێ
خـۆشـە یاری چاوجـوانم
جـارجـار دێتـە سـەرکانێ

بۆ خۆی قەولی پێدابووم *
لە بەر کـــۆری قـــەڵاتێ
بە خـێـری چاوی جـوانی
نازدار دوو مـــاچم داتێ



www.mamle.net
Mamle Art Center

بـرینـم سـاریێژ دەبن
چاوجـوان خـێری دەگـاتێ

وەدوای قـەولی یار کـەوتووم
بوومـە مـەجنوونـی شـەیدا
جارجار مـەست وحـەیرانم
سـەرگـەشتـەم لەو حـاڵە دا
ئەو قـەولەی یار پێی داوم
داخـوا یار کـەنگێ دەیدا

نـوێـژ و ڕۆژووم بـەتـاڵـە
عـەقڵ و هـۆشم فـەوتاوە
لە سـەر هـیچ و خـۆڕایی
چاو جـوان دڵی گـۆڕاوە
بە بێ تاوان بێ مـەیلە
بۆ وی جـەرگم سـووتاوە

وەدوای ئەو قەولەی کەوتووم
بەشکەم بیـباتە سـەرێ
خـودا بە نەسـیبم کـا
ئەو دوو چاوی دڵبـەرێ



Mamle Art Center

مـــاچی ئاوی کـەوســەرە
حـــــەیاتـی جـــاودانـە
رەبـبـی نـازدار بمـداتــێ
دوو مـــاچی ئـەو چاوانـە
دوو تـای بسـکـی بۆ ناردم
بە عـــینوانی نیـــشــانـە

قـــــەرارە ئـاش بیـنـەوە
تۆزێک دڵـی کـــــۆڕابـوو
بە قـسـە و باسی بەدکـاران
یـارم مـــەیلی نـەمـــابوو
خـودا روحـمی پێ کـردم
وەخـــۆی گـرتمەوە چا بوو

* سەربەند



www.mamle.net
Mamle Art Center

## خۆزگەم...

خۆزگەم بەو دەمەی یار هات
چۆن دڵی بردم غارەتی کردم من لە سوێی مردم یاری چاو مەست
دوو ماچی کردم خەڵات
چۆن دڵی بردم غارەتی کردم من لە سوێی مردم یاری چاو مەست

سوێندی خوارد بە قورعانێ
دڵ بە کەس نادا ئەسڵە بەگزادە دڵ بەوەی شادە یاری چاومەست
دڵم دا بە چاو جوانێ
دڵ بە کەس نادا ئەسڵە بەگزادە دڵ بەوەی شادە یاری چاومەست

عەهد و پەیمان ناشکێنم
عەهد و پەیمان قەولی مەردانە تا دەمی گیانە یاری چاومەست


Mamle Art Center

تا لە دونیا بمێنم
عەهد و پەیمان قەولی مەردانە تا دەمی گیانە یاری چاومەست

چاو جوان قەولی پێداوم
یار وەفادارە دوور لە بەدکارە شۆخ و نازدارە یاری چاومەست
شێت بووم لە سوێی نەماوم
یار وەفادارە دوور لە بەدکارە شۆخ و نازدارە یاری چاومەست

سەرتۆپی چاوخوماران
قەولی پێداوم هێزی هەناوم لە سوێی نەماوم یاری چاو مەست
دوور بێ لە قسەی بەدکاران
قەولی پێداوم هێزی هەناوم لە سوێی نەماوم یاری چاو مەست

پێی شاد بم لەو دونیایە
تاقە ئاواتم شێت و شەیداتم هەر بە تەماتم یاری چاومەست
بە دوو چاوی لەیلایە
تاقە ئاواتم شێت و شەیداتم هەر بە تەماتم یاری چاومەست

یارم خوێن شیرن و جوانە
کاری یەزدانە یار کە وا جوانە بوومە دێوانە یاری چاومەست
دڵبەندم بەو چاوانە
یار کە وا جوانە کاری یەزدانە بوومە دێوانە یاری چاومەست



Mamle Art Center

## عیشق

عـــیـــشق دەردی بێ دەرمـــانە
ڕێبـــــازی مــــان و نــەمـــانــە
کـوێر بم بۆ عـاشـقـی بێ چارە
دایم چـاو پڕ لـە گــــــریانـە

بەشـی عــاشـق دەرد و غـــەمـە
گـــریان و شین و مـــاتـەمـــە
هـەرکـەس گیـرۆدەی عیشق بێ
هەوەڵ و ئـاخــری هـەر غــەمــە

حـاڵی عـاشق جـووربەجـوورە


Mamle Art Center

گـا دەگـری مـات و رەنجـووره
گـا پادشــای هەمــوو دونیــایه
گـا هـەر وەک شـەمی بێ نووره

گـا پادشــای هەمــوو زەمــینه
یا وەک مــەجنوونی غــەمگینه
گا سـەر مەستی عیشقی یاره
گــا ســەرگــەرمی پێکەنینه

جارێ خۆشحاڵ و سەر خۆشه
جـارجار غـەمگین و خـامۆشـه
گــا دڵشـــاد و ســەری حـاڵه
گـا وەک سـەودایی بێ هۆشـه

عـومـری عـاشق نێش و نۆشـه
گـا سـەرخـۆشـه گـا خـامۆشـه
گـا وەک دەروێشی بێ جـێـیـه
گـا لێـقـەومـاو و رەشـپـۆشـه

گـا پادشــای هەمــوو جـهـانه
گــا وەک دەریا خــرۆشــانه
گـا وەک گـۆمی مــەند و قــووڵه



Mamle Art Center

گـا بولبـولی غـەزەل خـوانە

گـا فـرمـێسکی دێنە خـوارێ
هــەروەک تـاوی دە بــارانــێ
کـوڵمـەی برینی فـرمـێسکن
دەگــەڵ هـانیــسکی گــریانێ

عــیشق قــودرەتـی خــودایە
بێ دەرمـــانە و چارەی نـایە
دەردی من دەردی مـــەجنوونە
بــریــنــی مــن بــێ دەوایــە

گــا دەگــری وەک تاوی باران
ئەســتــۆ کـەچە وەک هەژاران
گــا بە خــەندە و پێکەنینە
جــوانە وەک گــوڵی بەهـاران

گـا وەک گـوڵزاری کـوێستـانە
کــــۆلکەزێرینەی بـەیانە
عـــەقڵ بەر و دڵ رفــێنە
بۆ جــوانی وەک بووکی جــوانە


Mamle Art Center

ئەمنیش مـەجنوونی کـەژاڵێم
گـیـرۆدەی بسکی لێـو ئاڵێم
دەردی من دەردی فــــەرهادە
تاکـــوو مـــردن هـەر دەناڵێم


Mamle Art Center

## شێتی چاو جوان

شێتی چاو جوانێم، ئەسیری کردووم
عەقلی نەیەشتووم، ئیمانی بردووم
قەولی پێداوم بە قەولی مەردان
عەقلی نەیەشتم، کردمی سەرگەردان
قەرارمان مانگی خاکەلێوەیە
مەقسوودم مژتنی ئەو دوو لێوەیە
ئیشارەی کردم بە چاوی جوانی
تێرتێر بیمژم نێوان مەمکانی
قەولی پێداوم نوێژی ئێواریێ
بۆ من بەهەشتە دیداری یاریێ
ئیشارەی کردم بە قامکی دەستی
دوو ماچم داتێ لە چاوی مەستی



Mamle Art Center

یــارم هــاتــه دەر بــەری بــەیــانــه
ئاخــری شــێت دەبم بۆ دوو چاوانه
یارم بەدقــەوله بەقــای پێناکــەم
دەمــرم نەیبــینم بێ وی هـەڵناکــەم

www.mamle.net



Mamle Art Center

## یاری من نازدارە

یاری من نــازدارە، مــەشــهــوورە لەو شــارە
گــەرنی بلورە لـە نێــو کــێــژۆڵان دیـارە
کوشـتـمـی نـامـدوێنێ قـەولی پێـدام دوێنێ
وەڵامی بۆ ناردووم دەسـرۆکــەم بۆ دێنێ
قــەولێکی پێـداوم نووری هـەردووک چاوم
لە فکری ئـەو قەولەی غـەم سـەری لێ داوم
یارم بـێ بـەقــایە قـــەولی وەدی نـایـە
بەد قەولی بۆو جوانەی حەیفە لەو دونیایە
من قــەدری دەزانم ئـی یاری چاو جــوانم
لە رەهـنـی وی دایە شـەشـدانگی ئیمـانم
قــەولی بە من داوە قــەرارمــان داناوە



Mamle Art Center

www.mamle.net

بەرمووری لیرانە خوێنی ئەو دوو چاوە
یارم مندالّکارە زۆر ناسک و نازدارە
دەڕۆن بۆ هەواری بەو بانگی ئێوارە
دوور بۆتەوە یارم غەمگین و بیمارم
بە دووی چاوجوانێ دا دەبێ بچم ناچارم
هومێد هەر خودایە بە کەس چارەی نایە
مەگەر بینای چاوان لە دەست خۆی دایە

www.mamle.net



Mamle Art Center

## چاوی بە گریان

رەنگ زەردی و چاوی بە گـــریان
دڵـی غـــەمگین جــەرگی بریان
گـوڕڕەی شـەمـاڵ هاشـەی زریان
خـــەبەر بـەرن بۆ مـــوکـــریان
رەش پـۆشم تـا دونـیــا مـــاوە*
یـار رۆیـی نـەیکرد مـــــاڵاوا

مـانگ و ئەسـتێرەی عـاسـمـانێ
لە ســـەر یارم بگرن ســــانێ
بـولبــول و بـازی کــوێسـتــانێ
خـــەبەر بـەرن بۆ چاوجـــوانێ



Mamle Art Center

چەپکەی گـــوڵ بۆنی هەلاڵان
نەغـمـەی عـاشق بۆنی خـاڵان
خــەبەر بەرن بۆ چاو کـــاڵان
ســـەت لەعنەت بێ لە دەلاڵان

شــــەپۆلی ئـاوی دەریـایـە
فـــرمـــێـــسکی چاوی لەیلایە
دەنگی بلوێر ســـۆزی نـایە
بۆم لێـــــدەن هەر بەو هەوایە


دەنگی دەف یاهووی دەروێشـــان
سوجدە و شەونوێژی دڵ ڕێشان
گـریە و زاری و ئاخ هەڵکێشـــان
من دیتم دەردی رووح کـێشـــان

خـــەبەری هات ئەو چاو جـوانە
ســــینگی من بۆ تۆ پاوانە
بەهەشـت بێ تۆ بۆم زینـدانە
دێمــــە دەر لەو بەندیخــــانە

* سەربەند


Mamle Art Center

www.mamle.net



## گوڵی ناکامل

ئەی گــوڵی نـاکــاملم ئەی تاقـــە یارم
دەردی عـیـشـقـم کـاریە شـێت و هـەژارم
بێ وەفــا تا کــەی جــەفــا دڵ بێ قــەرارم
دووری یارێ زەحـــمـــەتە دەردی گـــرانە*
بە بێ خــــاڵی رووخــت مــــاڵم وێرانە

شــەربەتـی عیشق و جــەفا لایق بە خــۆمــە
پێت چیــە ئەو ئاگــرەی پێی رەنجــەڕۆمــە
چاوەڕوان و بێ قـــەراری چاوی تۆمـــە

عــاشــقی مــایەی خــەمــە دەردی گــرانە

www.mamle.net



Mamle Art Center

یار بە بێ تاوانی پێم دەگــــرێ بەهانە
یاری من تاقــانەیە ئەو غــونچــە جــوانە

خوێن لە چاوم دێتە خوار لێم زیزە جوانێ
یـــاری مـــن دەردی دڵـــی زارم دەزانـــێ
بێ وەفــایی بۆ گــوڵم شــەرتی بەقــا نێ

بێ قەرارم من لە سوێی روخســاری یارم
مــات و بێ کەیف و پەشــێو و لێــوبەبارم
هەر بە هەویای وەسڵەتی چاوی خــومارم

* سەربەند



Mamle Art Center

www.mamle.net

## حاڵی مەجنوون

یەکێ کـــوتی بـە مـــەجنوون چلۆنە وەزع و حـــاڵت
کـە وێردی خـاس و عـامـە مـوحـیـبـەت و کـەمـاڵت
کـــوتی بڵێ بە لەیلا ئـەسـیـــری تۆیە مـــەجـنوون
هەزار کـتـێـبی نووسی بە ئـەشکی چاوی پڕ خـوون
کـوتی ئەسـیـری زولفم عـیـشق مـەقـامـی بەرزە
لە مـەکـتـەبی عـیـشق دا سـەرت فـدا کـە فـەڕزە
کوتی حـەیف سـەرم نیـە فـیـدایی عـیـشـقی تۆ بێ
ئەوەی هـەمـە لە دونیـا هەمـووی نیـسـاری تۆ بێ
کـــوتی بڵێ بە مـــەجنوون نەمـــاوە رووح و گـــیـانم
هـەمـــووی فـــدایی تۆ بێ هـەنـاســەکـــەی ژیانم
لە عـیــشــقی وی نەمـــاوم ئەسـیـــری بەند و داوم



Mamle Art Center

به یادی چاوی مــهسـتی پهشـێـو و دڵ سـوووتاوم
به مــهیلی وی له جـۆشم به مــهیلی وی خـهمـۆشم
به مــهیلی وی به کــهیفم به مــهیلی وی دهپۆشم



www.mamle.net
Mamle Art Center

## سوێندم بە لێوی ئاڵت

سوێندم بە لێوی ئاڵت
بە گۆشەی چاوی کاڵت
بە بێ تاوان مەمکووژە
گرفتارم بە خاڵت

مەمکۆڵەی جوان و توندە
ئەو تیرەت تۆ لە من دە
لە نێو کیژی ئەو شارە
چاو جوانی من پەسەندە

بۆ خۆم دوورم نایگەمێ

www.mamle.net

کـــەس نیـــە وڵامی دەمێ
ســەبر و هۆشی لێبـرِیوم
کـەوتوومـە بەحـری غـەمێ

دوو بـرۆی رەشی هـیـــلالی
کـــەوتـوونە ژێر پەرچەمێ
ســووچی چارشـێوت لادە
رۆژ بێـتـــە دەر لە تـەمێ

نە بێـهـۆشم نە مـەسـتم
گـیـرۆدەی چاوی مـەسـتم
عـاشـقی چاوی جـوانی تۆم
شێت بووم بە خۆم ناوەستم

دوگـمـــەی بـەرۆکی ترازاند
مـەمکۆڵەکەی کـەوتە دەستم
لێـــوی هێنا بیـــمـــژم
لە جـیـاتی مـژتن، گـەستم


Mamle Art Center

www.mamle.net

## دوێنێ یارم دی

دوێنێ یارم دی کـــەمــێک گــریابوو
جـــەرگی داغ کـــردم دایکی لێی دابوو
مـــەگـــری گـــوڵەکـــەم لێڵ دەبێ چاوت
رووحم بە فـیـدای ئەگـریجـەی خـاوت
نـامـــــەم بۆ نووسی دڵم پڕ خـــوێنە
بەشــقی ئیــمـانت رووی خـــۆت وا بێنە
بۆ خۆت سوێندت خوارد قەولەکەت کوانێ
بێ وەفـا دەرچووی گــوڵەکــەم جــوانێ
چارەت نووســـراوە لە عـــەرشی عـــەزیم
قـــورعـــانمان بەینە کـــەلامی قـــەدیم
یار قـــەولی داوە بێـــتـــە حـــەساری
لـە بـۆنی زولـفی عـــــــەتـر دەباری



Mamle Art Center

قـــەرار دابنێین قـــەراری مـــەردان
بەینی مــە نەکـا قــســەی نامــەردان
دەست لێک بەرنادەین هەتاکــوو مــاوین
بە تینی عــیـشـقی یەکـتــر سـووتاوین



www.mamle.net
Mamle Art Center

## دڵی بە خوێن

خـــاڵی ئەبرۆکـــەت جـــەرگی بڕیوم
رووحـی شــیــرینم رەنگت نەدیوم
ئامان ئامان ئامان روحمێ کە بە حاڵم*
گــوڵی روو بە خـــاڵم بۆ تۆ نەمـــاوم

جـــەوری دڵداری دەردی گـــرانـە
رەنگی پەڕیوم زەردی خــــەزانـە

ئەی گــوڵی ســوورم تـا کــەی بناڵم
دڵ بـریـنـداری چاوی کــــــەژاڵـم



Mamle Art Center

من لە عـــیـــشـــقی تۆ دایم دەخـــوێنم
ئەی گـــوڵی ســـوورم بۆ نایە شـــوێنم

من لە هیـــجـــری تۆ جـــەرگم بڕاوە
دڵـم گـــــیـــــــرۆدەی زوڵفـی داوداوە

ئەی گـــوڵی ســـوورم بۆ تۆ غـــەمـــبـــارم
کـــــەنگێ دێتـــــە دەر یاری نازدارم

* سەربەند



Mamle Art Center

www.mamle.net

## دەنگی چاو بازان

دەنگی چاوبازان نایە حیلکەی نازداران
دەنگی قورینگان نایە لە دم رووباران
دەنگی هۆ مەشکێم نایە لە بەر هەیوانێ
سەدای لاوکۆلان نایە دەنگی حەیرانێ

هەور تێک داوێن عاسمان شین دەگێرێ
قاسید هات لە لای یارم رەببی بەخێرێ
خەبەر بەرن بۆ ماڵێ دەسرۆکان رەش کەن
جەحێلان رەشپۆش بن کوێنێ لە بەر کەن


www.mamle.net
Mamle Art Center

کوێستان سەریان بە تەمە دونیا غەمبارە
سوار گەیشتە قەڵایە یار بریندارە
هاوار هەستا بۆ قەڵا لووزەوی سواران
گەیشتە سەر قەڵایە سەفی دڵداران

بەهار هات ڕۆیی سەرمای زستانێ
بەر ڕۆژی بەردان بەفری کوێستانێ
ئەوە خاڵ بەڵەک کەوتە مەیدانێ
قەرارمان دانا دەگەڵ چاوجوانێ

بۆ خاکەلێوەی قەولی پێداوم
تا دەنگێ نەکەم حەوت سوێندی داوم
بۆ خۆشی خواردی هێزی هەناوم
بۆیە دەڕوانم هەر چاوەچاوم

ئەوە نیزیک بوو مانگی بانەمەڕ
کانیاو تۆقیون وەک ئاوی کەوسەر
ڕەشماڵ بزووتن یارم هاتە دەر
دەگەڵ هەمین و ئامان و ئەسمەر

قەول و قەرارمان سەری بێنگوینە
سەری ئەستەڕی قوللەی بەفرینە



Mamle Art Center
www.mamle.net

جێ ژوانگەی کۆنی شەم و شەمزینە
جێی گوڵ چینین و رازی ئەوینە

رەشماڵ هەڵیان دا لە بەر مەیدانێ
قەرارمان دانا دەگەڵ چاوجوانێ
لە نێو شللێری کانی ئەسپانێ
جێ ژوانی کۆنە و کەس پێ نازانێ

پۆلی کچۆڵان نەشمیل و هەمین
فات و گوڵ و شەم، ئامان و نەسرین
زێڕن و کابان و خەجیلێ و ئامین
کوڕیان لە گەڵ نیە بە بێ سەر چۆپین

نازێ بانگ دەکا لە بەر قەڵاتێ
ئاوازی نەرمە و دەنگی نامگاتێ
قەولی پێدابووم لە بەردەتاتێ
لە نێو مەندۆکان دوو ماچم داتێ

یاری چاو جوانم چۆتە رێواسان
بۆ هەڵپەڕین و بۆ قسە و باسان
دەبا هەڵکێشم ئاخ و هەناسان
بۆ کۆی لیمۆیان لە بن کراسان


Mamle Art Center
www.mamle.net

جــارێکم مـــژتبــا ئەو دوو لێـــوانە
تێـــر بۆنم کـــردبا ئەو نێـــو مـــەمکانە
یار دەچێـــــــتـــــــە دەر بـەری بـەیانـە
دونیـــام پێ چ نیـــە ئاخی نەمـــانە

www.mamle.net


Mamle Art Center

## ئەی لە بەر نازت

ئەی لە بەر نازت کـە بۆ راو هـاتە سـیلەی چاوی مـن
ئەی لە بـەر جـەزبەی مـژۆڵت بوونە بەند و داوی من
بسکی لوولت بـوونە داوی ئەو دڵەی فـەوتاوی مـن
حـەسـرەتی تۆ بۆتـە مـایەی قـەترە خـوێنی چاوی من
دڵبـەرم، بێ روحـمـەکـەم جـارێکی نەتبـرد ناوی من

بولبـولی شـەیدا کـە دایم کـار و پیـشـەی مـاتەمـە
شـەم کـە رۆدەرژێ بـە تینی ئاگری خـۆی کـەم کـەمـە
رێ و رەسـمـی عـاشـقی بوارێکی پڕ پێچ و خـەمـە
دەردی عـیشق و عـاشـقی بازێکی زۆر پڕ حـەسـتەمـە
تا مـەقـامی وەسـڵی رووی دڵبەر هـەمووی دەرد و غـەمـە



Mamle Art Center

سـەت هـەزار عـاشق لـە ڕێی دڵبـەر لـە گـیـانـی بردەوە
سـەت هەزاران کەس لە دەریای عیشقی حەق فانی بوە
سـەت هەزار مـەجنوون و فـەرهاد لـەو خـەتـەی دا مـردوە
سـەت هەزار عاشق لە دەرگای عیشقی حەق دا کەوتوە
تا یەکێک گـۆی عـیـشـقی لەو مـەیدانە دا دەر کـردوە

هەر کەسێک هەر عاشقێک سەر دانەنێ بۆوەسڵی یار
سـەر نەبێ لایق نیـە بۆ عـیـشـقی زاتی کـردگـار
عـەینی ئیسـمـاعیل سـەرت حـازر کە بۆ قوربانی یار
تا فـەنا فی اللە نەبی تەسلیم نەبی بێ ئیـخـتـیـار
حـەرف و ریش و پەشم و مـەندیل و عـەبا نایە بەکـار

هەرکـەسێ فـانی بوو عـومـری جـاودانی کـەوتە دەست
گـۆی لـە مـەیدان بردە دەر لەو فـاسلەی دونیـای پەست
بەو شـرووشـالاتی نێـو دونیـایە پشـتی پێ نەبەست
با لە جـۆباری بەهەشـتی تێـر ببێ مـەخـموور و مـەست
هاودەمی ئەهلی بـەهـەشـتی خـوایە تـا رۆژی ئەلـەست



Mamle Art Center

## ئەوین

چۆن گـرفـتـار بووم بە عـیـشـقی یاری شـۆخ و نازەنین
چۆنـی ئەنگاوتم لە قـەلب و جـەرگی کـردم سـەد برین
دەردی بێ دەرمـانە چارەی ناکـرێ عـیـشق و ئەوین
هەر کـەسـێک گـیـرۆدە بێ ئۆخـەی بە دڵ ناڵێ لە ژین
ئاخـریش دەتبـاتە مـەقـسـەد عـیـشـقی پاک و راسـتین

ئاشـقی دەردێکی بێ دەرمـانە دەرکی ئەسـتـەمـە
ئەو کـەسـەی دەرچێ لە کـوورەی ئازمـایش زۆر کـەمـە
خـوێن بەهـای ئەو گـەوهەرە، رووح و سـەری پێ لازمـە
دڵبـەرم رووحی رەوانم بارتەقـای ئیـمـانمە
لوتفی بۆ من ژینمـە، کـەم لووتـفـیي هۆی فـەوتانمە



Mamle Art Center

www.mamle.net

تا قیامەت رابیتەی یار باعیسی ژینی منە
خەندەکەی یارم دەوا و دەرمانی تەسکینی منە
دیتنی وەجد و سرووری قەلبی غەمگینی منە
عیشقی وی مەقسوودی کۆن و دەردی دێرینی منە
باعیسی فرمێسک و تین و تاو و ناڵینی منە

کێ هەیە دەردم دەوا کا غەیری زاتی کردگار
هەر ئەوە دەردم دەزانێ حاڵی ئەمنی لێو بە بار
هەر لە دەست خۆی دا دەوا و دەرمانی دەردی بێ ژمار
هەر بە خۆی دەکرێتەوە ئاڵۆزیی داوی نالەبار
دەردی دونیای بێ بەقا و پڕحەسرەت و ناپایەدار

عیشقی راستی زەحمەتە مەنسوور دەبێ بیباتە سەر
یا وەکوو مەجنوونی سەرگەردان و رسوا و دەربەدەر
یا وەک ئیسماعیل فیدای ئامانجی خۆی کرد گیان و سەر
یا وەکوو یۆسف لە نێو چاڵاوی کەنعان هاتە دەر
یا وەکوو ئەیووب چلۆن عەهد و وەفای خۆی بردە سەر

ئاشقی گاڵتە نیە هاشم گران و زەحمەتە
خۆشی تێدا نیە تەواوی ئاخ و ئۆف و حەسرەتە
چاوی پڕ فرمێسکە هەر گریانە جەرگی لەت لەتە



Mamle Art Center

www.mamle.net

ئازمـــایشگای ئەوینە، ئیـــمـــتـــحـــانی تاقـــەتە

خـــواردنی مــــەردانە هاشم رێیــــەکی پڕ مــێــحنەتە

www.mamle.net

## نێوانی یار

ڕووحەکەم تا کەی لە دووری تۆ بگریەم، ناڵە کەم
بێ سەبەب، بێهوودە بڕوا زەحمەتی چەند ساڵەکەم
ڕۆژ و شەو بگریم بە دایم من لە سوێی لێو ئاڵەکەم
هەر خەیاڵی ڕۆژی وەسڵی لێوی ئەو چاو کاڵە کەم
خوایە کەی ئەو دولبەرە دێتە حەریمی ماڵەکەم

گەر خودا بیکا بە لوتف و مەرحەمەت بێ یاری من
بێتە سەر ڕووی مەرحەمەت یادم بکا نازداری من
چا دەبێ جێ زەخمی کۆنی ئەو دڵەی بێماری من
دێتە سەر حاڵێکی خۆش وەزعی دڵی غەمباری من
چا دەبێ یەکجاری هەر بەو لوتفە کار و باری من



www.mamle.net
Mamle Art Center

دڵبــەری باڵا بڵــیند و خــۆش قــســـە و شــیــرین کــەلام
با ســـــەفــا و قـــەد بڵـــیند و ناسک و تووله نەمـــام
خــۆزگــە بەو رۆژەی کــە یارم هات و عــەرزم کــرد ســەلام
بای ســـــەبا بێت و لە لای جـــانانەکــــەم بێنێ وەڵام
ئەو دەمـــەی جــێــژنی منە یاری عـــەزیزم بێــتــە لام

جــوانی روخــساری وەکــوو مـانگە لە روخــساری خــەیاڵ
چی دروست کــردوە بە دەســتی قــودرەتی خــۆی لایەزاڵ
جــوانتــرین شکڵــە لە گــۆنای نازەنینم خــەت و خــاڵ
خۆزگە قەت لێم دوور نەبا ئەو دڵبەرەم چوار فەسڵی ساڵ
تاقــە لەو دونـیـایە دا ئەو خــۆشــەویستی نوور جــەمـاڵ



Mamle Art Center

## قەتار

رازیم وه رمزات بـــەنـــدەی ئـــەویـــنـــم
چاو جـوان له غـەمی دووریت غـەمگینم
به ئەشـــقـت دەژیم به یادت مـــــاوم
یـادی تـۆ بـۆتـه هـێـــــزی هـەنـاوم
تا کەی ئاخ و داخ، تا کەی ئەشکی ئاڵ
ئاشـــقی بالآتم کـــەژاڵی چاو کـــاڵ
رەببی سـەببـەب کـار گـردەنشـین بێ
هەر رۆژی خـۆشی گـریان و شـین بێ
هەر کەس باعیسی عیشق و ئەوینه
دوور له ئیـــمـــان و دونیـــا و دینه
تا کـــەی هەناســـان بۆ تۆ هەڵکێـشم



www.mamle.net
Mamle Art Center

لە غـەمی دووریت جـەفـا بکێـشم
دینم لە دەست چوو دەگـەڵ ئیمـانم
قـەت نەیکووت چۆنی یاری چاو جوانم

www.mamle.net


Mamle Art Center

## نم نمی باران

www.mamle.net

کێو و چیا و دەر و دەشت غەمڵیوە سوور و شینە
کیژووڵەی کاڵ و چاو کاڵ خەریکی گوڵ چنینە
پۆل پۆل و دەستە دەستە داوەت و هەڵپەڕینە
یەک سەرخۆش و بە کەیفە، یەک بێ کەیف و غەمینە
گاڵتە و گەپ و قوماره، قدیلکە و پێکەنینە
بەهاری کوردەواری بەهەشتی سەر زەمینە
یارم قەولی پێداوم بە قەولی راستەقینە
قاسپەی کەو دێ لە چیا دەنگی عیشق و ئەوینە
نم نم دەبارێ باران هەوای تەڕ و نەمینە
ئاونگی سەر گوڵاڵان وەک ئارەقی جەبینە



Mamle Art Center

قـــەناری دەچریکێنێ ئاهـەنگی زۆر حـــەزینە
خـــەم نایەڵێ لە دڵ دا دەرمـــانی ســـەد برینە
ئاشق لە رەشبـەڵەک دا خـەریکی دەست گوشـینە
قـــەول و قـــەرار و بەزمـــە هەر من دڵم غـــەمـینە
یـارم لە من نەبانە بەینێکە لێم بە قـــینـە
هەر کـەس ئەسیـری عیشـقـە گیرۆدەیی ئەوینە
دەرد و مـــەراقی یارم دەمکووژێ لێم یەقـــینـە
جـەرگی برِیم بە نازان زۆر جوان و خـوێن شـیـرینە
غەمم وەک سەرگوزەشتی عیشقی شەم و شەمزینە
شـەو و رۆژ کـار و پیـشـەم فـرمـێـسک هەڵوەرینە



Mamle Art Center

www.mamle.net

## سێزدە بەدەر

نەورۆزی کـــوردەواری لە جـــوانی دا تەواوە
بەزمـــێکی بێ نەزیرە لە دەشت و چەم و ئاوە
داوێنی مێرغوزاران وەک نەخشە رەنگ کراوە
رێواس و پنگ و لەق لەق، پێت وایە چێندراوە
زستـــانی سارد رۆیی سەرما دەقی شکاوە
سێزدەی بەهارێ داهات سەرما و سەهۆڵ نەماوە
باران نەرم دەبارێ جارجارە خۆش و ساوە
ماشێنی خەڵکی سابلاغ لەو دەشتە ریز کراوە
دەیان هەزار کیژ و کوڕ لەو نێوە دا بڵاوە
سوێندێ دەخۆی مەهاباد ئینسانی لێ نەماوە
دووکەڵ دەچێتە عاسمان کەتری وەسەر نراوە



Mamle Art Center

www.mamle.net

لەو نێو گوڵ و زەمەندە سەت سفرە چندراوە
هەزار جۆرە چێشتی خۆش لەو دەشتە لێندراوە
بۆنی کەبابی برژاو بەو دەشتە دا گەڕاوە
سەت قابڵەمەی دەبینی بۆنی کەتە و پلاوە
نانی وەکوو گەڵا گوێز، هێلکەی لە کن کولاوە
کابان بە دەست و کەوگیر، دەسماڵی لێ خزاوە
قاقای بە دڵ دەکێشێ لەو چینک و چۆم و ئاوە
پڕ لە چەفەنگ و شادی لەو نێو گوڵ و گولاوە
پۆلێک خەریکی گاڵتەن ڕۆژ وەختی زۆر نەماوە
ڕاوچی کەوی لە مل دا مێ ڕۆژە وەختی ڕاوە
کەو مەستی ماکەویەتی، بۆ ماکەوێ نەماوە
دەوران دەدەن لە عاسمان بۆرچین و قاز و شاوە
پۆلێک لە ڕەشبەڵەک دا قەول و قەرار و داوە
سەرگەرمی سرت و خورتن هۆشیان لە کن نەماوە
مێرگ و گوڵ و زەمەندە هەرچەندی دیدی چاوە
شللێری چوار گوڵینگە لەو بەندەنەی ڕواوە
بەر ڕۆژ و خێزک و بەندەن پڕپڕ لە باسکلاوە
پۆل پۆل دەبن کچ و کوڕ لەو دم خڕ و شەتاوە
داوەت و بەزم و کەیفە خەمیان لە دڵ نەماوە
دونیا زەمەند و شینە بای نایە خۆش و ساوە
بەعزێک لە بەر هەتاوێ ئاشقی حەمامی تاوە
بەعزێک لە ڕۆژی وا دا بۆ ئارەقێ نەماوە



Mamle Art Center

هیندێک بە دووزەلە و تار بۆو بەزمــە بانگ کــراوە
داوەت و شـایی و چۆپی، سـەت دەستی بۆ گیراوە
عــالەم هـەمـووی بەکـەیفـە هەر من دڵم گـیـراوە
هـۆزم لـە دەوری دنـیـــــا وەک تۆی زەوی بـڵاوە
تەمــەن بەرەو نـەمــانە، عــومـرێکی وام نـەمــاوە



www.mamle.net
Mamle Art Center

## بەهاری جەوانان

بەهار هات مـوژدە بێ دەسـتـەی جـەوانان
چریکەی هاتە گـوێم قـومـری بەیانان
کـەیف خـۆشـە هەمـوو عـالەم بە جارێ
کـە دیسـان هاتەوە فـەسـڵی بەهارێ
وەدەرکـەوتن لە نێـو شـاری کـورِ و کـاڵ
ژن و پیـاو و جـەحـێڵ و پیـر و منداڵ
قـەراریان دا ئەوانەی کـۆنەوەردن
کـورِی کـێو و چیـا و هەڵدێر و بەردن
دەڵێن با بچینە سـەر کوێستانی شەرِگەی
سـەری ئاغاسـەر و دەربەند و کووورەی



Mamle Art Center

www.mamle.net

سەری قەندیل و کوتکی مامەڕووتێ
هەواری دووبەران و بزنەجووتێ
سەری ئاسینگەران و جوندەواری
هەواری مێرگژان و تاقەسواری
لە لووتکەی کێوی هەڵۆی کێلەسپیان
هەواری کانی مەند و کانی ئەسپان
سەری ئاڵ ئۆمەران و بەردە ئەستێ
زمانت لاڵ دەکا و نوتقت دەبەستێ
سەری گۆمێ دەگەڵ دوندی قەڵاتان
هەواری گۆڕی تیسوێ و بەردە تاتان
هەواری سوورەزەویە و دۆڵ بەهاروو
سەری بێنگوین و شەڕگە و دەشتی خواروو
هەواری کۆدەلان و سەر موسالێ
لە سەر هەڵدێرەکەی برایم جەلالێ
هەزار کوێستانی بەرزی ئەو وڵاتە
لە نێو وانە ئەوی چووکیان قەڵاتە
سەری لێک داوە هەڵز و بۆڕ و مەندۆک
هەڵاڵە و سێوەڕە و شللێر و مێکۆک
گوڵی ڕێواس و جاترە و بۆنی بێژان
وەنەوشە و سوێسن و گیا بەندی کێوان
قشیلک و سوورەپنگ و چەپ چەپی و سۆ
کەنێرە و گیاترۆقە و جاوەلۆلۆ



Mamle Art Center

قــەیاغ و کــەنگر و قــاللۆر و مــۆسک
شــڵــە و گــێلە و گــڕاڵک و لووشــە و پنگ
گــــوڵـەڕۆنە و وەنەوشـــــە و بڕک و لاولاو
کـوڕادە و گـێـزەر و گـیـابەند و گـیــاخــاو
کەمـا و ئەسپینگ و خاش خـاش و گـوڵەزەرد
شـــڵــــە و ئاوڕێژ دەگـــەڵ ڕێواسی بن بەرد
گــوڵە باغ و کــەنێــرە و گــەسکەســوورە
گــوڵە مـێـلاق و بـامـیـە و وشـتـرەخـۆرە
پـسنچـک و هـەرزن و بـەیبـــــوون و دێـرۆ
هـەڵاڵـە و ســـوێسن و شللێـــر و هێـــرۆ
شـــوەشـــینە قــشلک و ترشـــە خـــاتوون
کــوڕادە و نـەعنە کـێـوی و پنگ و بەیبـوون
گەڵای گیا گون گونە و گـەس گەسک و شەودێر
گـوڵی گـیــا ئادەم و گــیـا ســەدر و شـاوێر
گــەڵای ســـۆشین و بەنگ و مــەمکەکـیــژە
گـــەڵای کــاردوو دەڵێی بیــبـــاری تیــژە
گــوڵە جــوتیــار و ســـەیدۆکــە و گــوڵەباغ
شــەمـێلە و عــاڵقــەتیــز و گـــەنم و قــازیاغ
جـەڵیـتـە و ئاڵەکـۆک و گـیــا ڕەکـێـشــە
ڕەشـەگـیـا و سـیـر و کـاشـمـە و ئاندرێشـە
سـوراڵک و چەق چەقـە و کـیـفـۆک و کـیـفــار
ســـووراو و پرپرە و مـــاکـــووز و بیــبــار



Mamle Art Center

گـــەڵاتاڵشک و زەرتک و تیـــســـوێ گـــایە
قـــجـــیلە و کـــووزەڵە و کـــارگی کـــەمـــایە
گـــەڵاچاوکـــسک و گـــیـــا کـــەوڵە و قـــورینگان
گـــــەڵای سێ بسک و مـــــارێواس و بێـــــژان
رەحـــێـــزە و شـــاتەرە و بێـــســـتـــانەمـــارە
توڕاسک و گـــیـــا پشـــیلە و گـــەسکەشـــارە
گـــوڵە شـــیـــلان و گـــورگـــە و مـــژمـــژۆکـــە
گـــەنەدار و چەقـــقـــالە و ســـێـــوەڵووکـــە
گـــوڵی قـــامـــیش و تیـــســـوێ و نۆکـــەشـــوانە
چەقـــە و ئەســـپـــۆن و تاڵوو و گـــیـــابەرانە
گـــەڵاقـــاشـــاغ و تیـــســـمـــۆڕکـــە و هەوێدار
کـــەرتەوڵ و کـــەرتەشی و تاڵـتـــۆز و گـــوێکار
گـــێـــلاخـــە و هۆزەڵاو و دووقـــڵـــیـــشـــە
پەلەســـۆ و تیـــســـوەبزنە و لۆکـــەمـــێـــشـــە
گـــوڵی گـــوێکار و زەرتک و زیزرەمـــــەندە
گـــوڵی ســـەهلاب و شـــێلە و قنجـــەزەردە
کـــەلەم کـــاشـــوور و خـــۆش هەڵکێش و بیـــزا
گـــوڵەگـــورگـــە و چرێش و ســـیـــر و گـــیـــا چا
گـــوڵە کلچـــۆک و گـــیـــاجـــووتێـــر و شـــەشـــپـــەڕ
گـــوڵە گـــوێنی و گـــوڵە پاییـــز و کـــاشـــمـــەر
گـــوڵە شـــوانە و گـــەڵاڕیحـــان و شـــەوبۆ
پووڕایشـــۆکـــە و گـــەڵاقـــوون ســـوور و دێرۆ



Mamle Art Center

گەنەمە و نووسەکە و کاڵەکەمارە
گەزیزە و سێپەڕە و کوڵکەبەهارە
گڵووکەگورگ و سیرمۆکە و فسنجان
شەدانە و تولەکە، لاولاو و شیلان
گەڵاکەکرە و گوڵی سێسوی و زەنبەق
گەڵاچەورۆک و گیا ئەسریلک و لەق لەق
گولی گیا هەرزنە و گوڵ گاز و گیزەر
گنە و گیاشەڵغەم و توور و چەوەندەر
گوڵە کلچۆک و زیزانە و فریزوو
شویت و جەعفەری و تەڵخوون و سێسوو
خەیاری چەنبەر و گژنیژ و بیبار
زڕەبیزا و زڕەلووشە و هەوێدار
گوڵی تاڵەگەزە و چەڵتووک و کەکرە
تەڕەتیزە و شەدانە و سیر و جاترە
خیار و شیوەران و شەنبەلیلە
ریحان و ئەسپەناغ و پێ قجیلە
گێلاخە و کونجد و ئەسپۆن و غەربەنگ
پیواز و تەپڵەگوێنی و تووتن و بەنگ
شویت و سێوی بن عەرزی و قورینگان
کەلوو و ئەسپینگەماینە و پنگ و چێودان
شەدانە و پۆڵکەخاسە و وێنجەکێوی
یاڕەڵماسی و زریشک و تاڵوەخاڵوون



Mamle Art Center

www.mamle.net

زرەتاڵووکەلوو و کیمیا و بەیبوون
حەشەنوورە و گەلامێو و حەسەن بەگ
سەڵمکە و گیاچنار و تاوک و مێخەک
مەلا و پێچە و کەڵە و وێنجە و گەزیچار
گوڵەچاوزەرتک و گوێ مشک و گوێکار
گوڵی گیازوورەکە و کارِووش و چاڵووک
پەپوولەپایزە و تێرۆ و مێمووک
قەفی گیاوەرمزە و قەڵغان و نازناز
گەڵای گیاشەڵغەم و رۆنیاس و پیواز
گەڵاقەمچی و گوڵی گیا بۆگەنیوە
گەڵای گیا قونجری و نازناز و جیوە
لە گەسکەوشار و تۆق تۆقە و گوڵەجۆ
گوڵی گیا قەیتەران و نیسک و لیمۆ
لە کەرخنکێن و موسڵی و نانی لەگ لەگ
گوڵەماست و گوڵ ئەستێرە و حەسەن بەگ
لە قاپ قاپە و لە سەللاقە و کەلووی شین
لە گیا داسە و لە جۆکێوی و لە سۆشین
لە نازخاتوون و لاسکی ریزرِیزۆکە
گوڵی ئەسپەندەر و گیا شیرشیرۆکە
درِووی زین ومەم و نێری ترِێنە
گەڵای چۆلەکەگر بێ میسل و وێنە
ئەوەی نووسیم لە دەریا قەترەیەکە



Mamle Art Center

وەکـــوو هـاشم لـە خلقـــەت نوقـــتـــەیەکـــە
هـەزاران گـــیـــای نـەنـاســـراو لـەو چیـــایـە
بـەیانـی قـــــــودرەتـی زاتـی خـــــــودایـە
هـەمـــووی کـــانـیـــاو و ئاوهـەڵدێر و شـــینـە
گـــوڵســـتـــانـە، بەهـەشـــتـی ســـەرزەمـــینـە
ژیان و زیندەگی نێـــو وانـە خـــۆشـــــە
لە نێـو شـاری هـەمـیـشـە پیـاو نەخـۆشـە
غـــەمی تێـــدا نیـــە نێـــو ئەو گـــولانە
بە راســـــتـی خـــۆشـــــە ئارامـی دڵانە



Mamle Art Center

www.mamle.net

## راو لە کوردستان

راوچی خۆشحاڵن فەسڵی شکارە
فەسڵی پایزە و راوی کەوبارە
فەسڵی شکاری خاسەسی و قوویە
دایم شکارچی قەویان لە دوویە
سەرسەوز و بۆرچین، سۆنە و مراوی
لە گەرمکان دا چەند خۆشە راوی
قەلەمراوی و رەش بەشە و جوررە
قازی پۆپە دار، دورنا و دووکورە
قازی پۆپەدار عەرووسی قازە
وەک تاوس جوانە و وەک قوبەنازە
سوورەقورینگ و دورنا و شاوەی بۆر



Mamle Art Center

ئەوانەن پێـیـان دەڵێن مـاسی خـۆر
قـون رەش و قـەشـان دووکـورِە و قـەرەناز
شـاوەی ریخنۆکـە و شـاوەسـپی و قـاز
مـاسـیگرەی بۆر لەگ لەگ و تاق تاق
قـون هەڵتـەکـێنە و پێ بەقـوونە و واق
تاق تاق کـە دەڵێ تاق هەر خـودایە
دڵ دەلەرزێنێ و جـێی تەمـاشـایە
ئەو بێ زمـانە، ئەو رەق و تەقـە
تاق و تەنیـایی خـودای پێ حـەقـە
تـا رۆژ دەڵـێ تـاق لـەو چـۆم و ئـاوە
دەڵێی زمـانی بۆ تاق خـولقـاوە
هەرکـەس گـوێی لێ بێ ئیـمـانێ دێنێ
دڵی ئینسـانی رادەچڵـەکـێنێ
پەڵکوور و هەڵۆ و شـمـقـار و شـەهێن
خـەرتەل و سـیـسـار دایمە چاوەرِێن
کـەلاکـێک بمرێ و بگەنە سـەری
لە لای کلکی را بیـخـۆن تا سـەری
باشـووی دندووک خـوار سـەقـر و قشـقـەڵە
چەقـقـەڵ و رێویش دێن بۆ تەشـقـەڵە
کـەمـتـیـار و گـورگ و سـەگ گـورگ و دەڵەک
دێن بۆ گـۆشت خـواردنی سیـسـار و لەگ لەگ
خـەلاسی دەکـەن گـۆشـتی گـای قـەشـان



Mamle Art Center

مار و کیسەڵیش بۆی دێن لە پاشان
ژووشک و سمۆرە و سەگاو و چوالوو
دێ بۆ بەشی خۆی ورچی خەواڵوو
قەلە سابوونە و قاژووی دندووک رەش
لە گۆشتی مندار لێی نابن بێ بەش
قەلەگورگە دێ دەکا قاڕەقاڕ
دەگاتە سەری وەکوو گورگی هار
هەمووی تێر دەبن بە گۆشتی مندار
بڵاوەی دەکەن چەقەڵ و کەمتیار
بازی چاو شەهێن وەک بەبری بەیان
دەعبای هەڵدەگرێ لە تەشقی عاسمان
مشک گرە و داڵ، دووکوڕە و قاژوو
قون رەش و قەشان ماسیگرە و قوو
قەلەگورگەی رەش بە جووت دەگەڕێن
وەک گورگی برسی ئامادەی شەڕێن
دوڕاج و قاز و قەلە مراوی
پارێزی سەختە زەحمەتە راوی
چوڕە و مراوی و دوڕنا و سوورەقانگ
سەگاو و چرگ و هەوێردە و بانبانک
گۆشتی هەڵەتانج دەرمانی بایە
بۆ چاوی زەعیف گۆشتی شفایە
خلخل و سێروو، مریشکە ئاوی

www.mamle.net



Mamle Art Center

راوچــی ئــەوانــە دەگـــــــــــرن بـــە داوی
ئەحـــــمـــــەد راوکـــــەریش لــەو چۆم و ئاوە
نــووکــی دنــدووکــی تـفـــــــــــەنــگ و داوە
کـــــەڵەفـنـدیلـە دەڵـێـی مـــــەڕمـــــەڕە
ئەو نـێـــــوە گـــــەورەی چلۆن لـە ســـــەرە
مـــوعـــجـــیـــزەی خــیـلقــەت گــۆری چنەیە
هێــــلانــەی دەچـنـێ وەک مـــوعـــجـــزەیە
بـــە لـۆکــــــــــــە و پـووش و پـەلاشــی نـەرم
هـێـلـلانـەی دەچـنـێ وا نـەرم و گـــــــــــەرم
قـــــودرەتـی خـــــودای تـێـــــدا دەبـیـنـی
بە بـێ مـــــوعـــــەلیم گـــــۆری چـنـیـنـی
چۆلەکـــــە بـەفـــــرە و چۆلەکـــــەبـەردە
گــۆشــتــی هــەر دووکـــیـــان دەرمـــانـی دەردە
بـۆ چـاوی زەعـــــیـف دەڵـێـن دەرمـــــانـــە
بۆ قـــــوەی دەمـــــار وەکـــــوو لوقـــمـــانە
دووکـــــورە و دورنا و شـــەللاقـــە و ســـۆنە
دەنێـــو راوچـیـــان دا مـــــەســـــەلەی کـــۆنە
گـــۆشـــتـــیـــان قـــوەتە و دەرمـــانـی چاکـــە
قـــــوەی دەمـــــار و قـــــوەی لـوولاکـــــە
هـــەوێردە و خـلخـل، کـــــونـد و دووکـــــورە
بۆرچـین و تـووتـی و کـــــەو و کـــــورکـــــورە
دوراج و قـــــاز و کـــــەڵـک و خـــــاســـــەسـی



Mamle Art Center

مـــاســی هــەڵدەگـــرن وەک گـــورگـی برسـی
بــەرەی لـێ دەگـــرن لــە قـــاشــــەمـــاسی
دەیــان هـێـنـنــە دەر وەکـــــوو غـــــەواسـی
قـــەلــە ســـابــوونـە و شـــەمـــشـــەمـــەکـــوێرە
راویان لـێ ناکــەن گــۆشــتــیـــان بێ خــێــرە
قـــەلـــەمـــراوی گـــۆشـــتـــی دەرمــــانــە
بۆ ئـەعـــســـاب چاکـــە و ئارامـی گـــیــانـە
پشــیـلـەکـێـوی و کــارمـــامـــز و مـــەڕاڵ
بـەرانـەکــێــوی حـــەوت خـــەرتـی چاوکـــاڵ
جـێــیــان نێـــو بـەفـر و ســـەرچـیـای بـەرزە
جـــــەنـگـەڵ و بــەرد و نـێــــو دار و رەزە
جـێـــیـــان قـــەنـدیلی مـــامـــەکـــۆیـانـە
یـان گـــۆمـــەشـــیـنـی ســـەر ســـەهـۆڵانـە
دوندی ئـاڵـۆک و مـــــەیدانی ئـەســـتـــــەڕ
ســـەر سـپـی ســـەنگ و ســـەر دوندی دوو ســـەر
ســـەر لـەندی شـێـخـــان، ســـەر قـــەڵاتـی شـــای
یـان کـــانـی ســـپـی و یـان کـــانـی خـــودای
یان ســـەری گـــۆمـێ یان کـــێـلـەســـیـــپـــان
یان ســـەری شـــەڕگـــەی گـــەیوەتـە عـــاســـمـــان
غـــــیـــــرەتـی دەوێ و جــــــەرگـی وەک پۆڵای
راوچـی نـەخــــــەجـــڵـێ پڵـــیـنـگ بێ بۆ لای
قـــــەدیمی دەڵـێـن هـــەڵـمــــــەتـی بـەبری



Mamle Art Center

پیاو دەخەجڵێنێ نامێنێ سەبری
دۆستان لێک دەکا و غیرەت نامێنێ
ورچی برینداد گەر حەملە دێنێ
کوندەگایلە و خەرتەل و داڵاش
لە گۆشتی مندار پێی دەکەن مەعاش
شێر و پڵینگ و کەمتیار و گورگ
فیل و کەرگەدەن، زەڕافە و چرگ
کاری مەردانە و راویان خەتەرە
هەڵمەتی بەبری، هەر باسی سەرە
ئاسک و گاکێوی خەرتی حەوت ساڵە
گۆشتیان دەرمانە و راویان حەڵاڵە
راوی گەوەزن و مەڕاڵ و پاندا
شاڕاویان نێوە لە رووی جیهان دا
راو دەبێ وابێ تێر گۆشتت دەکا
ماندوویی لەشت لە گیان دەر دەکا
بەرانە کێوی و گەوەزن و غەزاڵ
ئاسکی توند و تۆڵ، مەڕاڵی چاوکاڵ
راوچی تێر دەکەن لە گۆشتی رانی
لە پشتەمازە و کەفەڵی پانی
داوەتێ دەگرن راوچی لە دەورەی
بۆ هەموو گۆشت و بۆ سینگە چەورەی
شیشەی کەبابان دێنە مەیدانێ



Mamle Art Center

بۆنی چز و بز دەشتە عاسمانێ
ویسکی دێنە دەر لە ساکی راوچی
تا مالان دەخوا کاکی شکارچی
لە پشتەمازە و لە نەرمەی رانی
لە قەڵەوایی و نەرمەی سەر شانی
گۆشتی بوغاز و سینگ و سەردەستی
بە بێ شەرابیش دەهێنێ مەستی
پیاوەتیش دەکەی گۆشت خلاس نابێ
بە قەولی راوچی راو دەبێ وابێ
راو دەبێ وا بێ نەک جورڕەی فەقیر
سێرەی تێ بگری و بینگێوی بە تیر
هەپروون بە هەپروون ببێ و بڵاو بێ
جیقنەی تێکەڵ بێ و گۆشتی گلاو بێ
قاژووی دندووک سوور، قاژووی دندووک زەرد
چۆلەکە بەفرە و چۆلەکەی بن بەرد
جیق جیقە و قومری و کاسەڵەشینکە
یا بەرگایلکە و جورڕەفسیلکە
هەر نەیان کوژی ئاسوودەتری
گۆشتیان پێوە نیە بەشی بنکرێ
زۆر کەس بە تووتی عەلاقەمەندە
بۆ راگرتنی جوان و پەسەندە
تووتی رەفیقی کۆنی ئینسانە



Mamle Art Center

زمـــــانی هـەیـە و دارای بـەیـانـە
مێش خۆرکەش خواردنی مێش و مەگەسە
بە مـــێش هەنگوینەی زیاتر دەس رەسـە
شـەوگـەرد دەگـەڕێ، بە شـەو راو دەکـا
رزقی خـۆی لە نێـو ئاو پەیدا دەکـا
کـاسـەڵەشینکەش خـوارنی هەر مێشـە
یەکجار تیژ باڵ و زۆر زەحـمەت کێشـە
زیاتر لە چۆڵگە و لە شـاخـان دایە
ئەو جێی مـەگـەس و مێشی تێدایە
خـەزاییش یەکـێک لەو تایفـەیە
لە هەمـــوان زیاتـر زەرەری هـەیە
هەرچەندی بڵـــێی زەرەریان زۆرە
کـاسـەڵەشـینکە و چورە و مێش خۆرە
لە ئینسـانیش دا ئینسـانی وایە
قـەت کـاری چاکی لە دەسـتی نایە
مـەردووم ئازارە و کـاری بوخـتـانە
کـاری جاسـووسی و فێعلی شـەیتانە
وجـدانی نیـە و لە خـوداش ناترسێ
لە ئیشی خـراپ لە هیچ ناپرسێ
ئەمنیش راوچی بووم لە زەمـانی شـای
دەچوومـە راوی خـاسـەسی و دوڕنای
یەخـچـاڵم پڕ بوو لە گـۆشـتی راوێ



Mamle Art Center

لە گۆشتی چرگی بۆ بن پلاوێ
گۆشتی کەروێشک و کەو و زرەکەو
گۆشتی رەش بەشە و بۆرچین و ماکەو
تفەنگم هەبوو بە پەروانەوە
بە تەشکیلات و فیشەکدانەوە
تاپڕی دوولوولی تولە نیشان بوو
کەندەکاری بوو وەک عەکسی جوان بوو
تاپڕی راویی لێ ئەستاندمەوە
مەحروومی کردم لەو راوە کەوە
ئیستاش نەمزانی گوناهم چ بوو
ناسەلاحەت و تاوانم چ بوو
تەبعیدیان کردم بۆ دامغانێ
سێسەد کیلوومیتر لەو لای تارانێ
تازە مەعلووم بوە عەوەزیان گرتووم
بە پێچەوانە زوڵمیان لێ کردووم
سپاس بۆ خودای مەحفووزی کردووم
ئێعدام نەکراوم، ماوم، نەمردووم
زۆر کەس عەوەزی ئێعدام کراون
لە سەر دونیا نین مردوون نەماون
هەرچی خوا بیکا ئاخری خێرە
هاشم شوکرانەی خودا ببژێرە



Mamle Art Center

## هەڵپەڕکێ

گـــــەرمــــــە داوەت دەگـــــەڕێ بـەهـارەلـە دەربـەنـدی
کـیـژی ئـەو نێـوەی هـاتوون خـوێن شـیـرین وەکوو قـەنـدی
لە بـیـسـت جـێـیـان کـورِ و کچ دەگـێـڕن زەمـاوەندی
قـــەرارە یار بێـتـــەوە لە کـوێـسـتــانی سـەهـەندی

**رۆینە**

بەشێک رۆینەی پێ خۆشە دەسبازی و سرت و خورتە
سەرچۆپی گەرمی کردوە گورج و گۆڵ و قەد کورتە
دۆیەکی لە دەسـتی دایە قـسـان دەکـەن بە سـرتە
دیارە قـەول و قـەرارە، مـەمکی وەک لیـمـۆی توورتە



Mamle Art Center

**سێ پێی**

لە چەند جـێـــیـــان داوەتە یارم نـەهـاتۆتـەوە
ســـەرچۆپیـــان داوە بە من رۆینەم لە بیـــر چۆتـەوە
سێ پێـیم زۆر پـێ خـۆشـــە تـا داوەت بێ نـاچمـــەوە
ســەمـا و بـەزمـی ســەرچۆپی غـەمـی لەبیـر بردمـەوە

**سوێسکەیی**

لە لایەکـی ســـوێسکەیی دەگـــەڕێ بـە تـووزەڵە
مـۆدێکی نـەرم و خـۆشـــە لە ســـەرخـۆن نـاکـەن پەلە
تیـپـێک بە رۆینە دەڕۆن لە ســـەرخـۆ بـە حـەوســەلە
کچ کـوڕان وەخـۆ نـاگـرن هـەر خـالیس کـچـەگـەلە

**سۆمایی**

لاوی ســمـێـڵ مــامــزی بە چاو دەکـەن هـەڕەشـــان
ســۆمـــایی هـەڵدەپـەڕن کـچـــان دەکـەن پـەرێشـــان
یەک یەک دۆیان دێنە دەست بە دەسمـاڵی شـانەوشان
داوەتیـــان وە گـەڕ خـســت زۆلفـیـــان کـردوە پەرێشـــان

**گادەران**

بەعـــزێک داوەت دەگـێــڕن لە ســـەر نـەزمـی گـــادەران
رەشـــبـــەڵەکی تـەواوە لە لاوکـــۆڵە و کـــیـــژی جـــوان
بۆنی گـــوڵان تێکەڵ بوە دەگـــەڵ ئارەقی کـــوڵمـــان


Mamle Art Center

کـــەس داوەتێ بەر نادا بەزمـــە تا بانگی شـێـــوان

**داڵانە**

داڵانەی لای سندووسێ بۆ داوەتێ زۆر خـــــۆشـــــە
هەڵپـەڕکـێکی زۆر جـوانە بە تـەرتیب و لە جـۆشـە
یارم لە جێ دا کــــەوتوە بێ وی داوەت نـاخــــۆشـــــە
دەردی یارم بۆ من بێ، چاو جـوانەکــەم نەخـۆشـــە

**عەبدۆیی**

عـــــەبدۆیی زۆر کـــرانە بە قــــامکان هەڵدەپەڕن
دەچنە سـەر شـانی یەکـتـر زۆر لە شـەوق و دڵـتـەڕن
بۆ هەر چوار لا دەســــوورێن، هـەڵدەستن و دادەپەڕن
رەشبـەڵەکـیان دەگەڵ نیە لاو چاک و رەش ئەسمـەرن

**گەڕانەوە**

گـەریانم زۆر پێ خـۆشـــە هەڵپـەڕکـێی کـرمـاشـانە
یارم لـە داوەتی دا هـەر دەڵـێی گـــولی جــــوانە
شـــوشـــێکی عـــەتر دامێ ئی کــارخــانەی ئەلمانە
ناردمـــە شــاری بۆی بێنن جـووتێک گـوارە و پاوانە

**چۆپی**

یارم چۆپی پێ خـۆشــە دۆی خـۆمــە و هاتە دەســـتم


Mamle Art Center

لە مێژ بوو چاوەڕێی بووم لە دووی یاری چاو مەستم
بە یاری خۆم هەڵدەڵێم هەموو شیعر و هەڵبەستم
بە دزی ماچێکی دامێ چ بکەم لە خۆشیان گەستم

**راستە**

راستە بەزمێکی خۆشە راست و بێ فڕ و فێڵە
لە سەر خۆ هەڵدەپەڕن هەرچی لاو و جەحێڵە
هەمووی دە داوەتێ دان کیژ و کوڕی ئەو عێلە
لەو هەموو کچە گەلەی یاری من گەردن کێلە

**داغەیی**

داغەیی زۆر زەحمەتە سێ پێ دەگەڕێنەوە
سێ پێ دەڕۆنە پێشێ، دیسان دەست دەگرنەوە
وێکڕا چەپڵەی لێدەدەن بە دەستی بە خەنەوە
سەرچۆپ رەقسی دەکێشێ بە دەسرۆکەی نەرمەوە

**مەریوانی**

وەختێک یار هاتە دەستم بە دابی مەریوانی
مەحەببەتی نیشان دا بە پێڵووی چاوی جوانی
داوەتی پڕ کرد لە بۆن عەتری نێوان مەمکانی
وەختێک وشیار بوومەوە کەوتبوومەوە گاوانی



Mamle Art Center

www.mamle.net

**لەنجە**

لە لایەک هەڵپـــەڕینە، هەڵدەپەڕن بە لەنجـــە
هەرچی دە داوەتێ دا هەمـــووی هەر لاو و گـــەنجە
یار هاتە دەر لە هۆبەی بە عـیـشـوە و لار و لەنجە
چاوەش بە پیـریوە چوون تا بەر مـالّی قـاڕنجـە

**خوانچە**

قـەدیم خـوانچـەیان دێنا خـوانچـە دەڕازانەوە
شەمی سەر خوانچەی بووکێ سەربەخۆ دەتوانەوە
لالە بە دەست بۆ لای بووک دەهاتن بە پانەوە
بووک دەهات بە رمبازی و قرمەی دەمانچانەوە

تارا و جـغـجـغـە و ئاڵتوون سوننەتی موکریانە
جلکی بووکێ تەواوی لە ئاوریشمی کـرمـــانە
سەمایان لە پێش دەکرا دەتکوت پەری عاسمانە
داوەت و بەزم و قـــومـــار هەتا بەری بەیانە



Mamle Art Center

www.mamle.net

هەڵبەندی هونەریی مامڵێ


١٧ - سرشکی سوورو گەرم چاو بەگریان
١٩ دەنگی بلوێر
٢١ غونچەکەی باغی هیوام
٢٣ قەرتار
٢٥ کوچی سوور
٢٧ پەیامی دڵ
٣٠ ئەزیزم بەیانی
٣٣ گوڵفرۆش
٣٦ جەرگی بریم
٣٩ دلبەری نازەنین
٤١ بولبولی شەیدا
٤٣ نازەکەی نازەنین
٤٥ لیم زیزە
٤٧ بۆلیم زیزە
٤٩ بەجێبوڵە
٥٢ تابەکەی
٥٤ یاری بەخێر
٥٦ گەنجی شاهی
٥٨ جەرگی بریم
٦١ سەبری ئەیوب
٦٣ ئەمان دوکتۆر
٦٤ بەجێبول دەردم گرانە
٦٦ کەو بولبول دیاڵ
٦٨ سوێندم خواردوە
٧٠ قەندیل
٧٣ پەریشانم
٧٦ دڵگەرم کەنیزم
٧٨ بەختی من وادراوە
٨١ سەنگفت بەفری کەدیانە
٨٤ بەهار
٨٧ یارم چۆتە سەفەری
٩٢ هەی لە ئاوالان
٩٤ شەماڵ
٩٧ دەردی عیشق
١٠٠ گڵۆوەندە
١٠٣ کوێستان
١٠٦ لە دووری تۆ
١٠٨ وەرەسامی
١١٠ با بچینە بەزمی چاوخوماران
١١٢ تەنیا من دەگریم
١١٤ چاو مەست
١١٦ بەری بەیانە
١١٨ کوێستان تەشلیوە
١٢٠ دڵ بریندار
١٢٢ قوربانی دەردت لەگیانم
١٢٥ ئەی بولبولی دڵ غەمگین
١٢٧ دونیا تەشلیوە بەهارە
١٢٩ کوێستان خۆشە
١٣١ زستان رۆی
١٣٣ دنیا وێران
١٣٥ کەو قاسپەی دڵی لەچیایە
١٣٧ دەنگی خەرخالان
١٣٩ داوەت
١٤١ نەورۆز
١٤٣ زستان رۆیی
١٤٥ بەهاباز
١٤٧ دەردی دڵداری
١٤٩ کوێستان زۆر خۆشە
١٥١ جەرگی نەدرەود
١٥٦


www.mamle.net
Mamle Art Center

مەڵبەندی هونەریی مامڵێ

www.kamalmamle.kurdblogger.com

www.qubadi.com


156 دوو بازنەی دەستێ
158 پەنەی بەکە
161 بەهاری ئەوساڵ
162 شەیدای خاڵ
164 دادەگەڵی بوو بەشێن
167 تیری گەرمێن
169 باران دەبارێ
171 دەسماڵی سەقاڵی
173 یاری نازەنین (خانانی)
175 یاری چاو خومارم
178 داوەت گەرم و خۆشە
180 بۆچی تۆرای
182 شەوە هەتا رۆژ
184 بەهار خۆشە
186 سوێند
188 چەند ساڵم کێشا
190 گیانە بۆ هاتی
192 قەندیلی مانگیال
194 موژدەی شنەی شەماڵ
196 دوورە ئەدی یار
198 ئەو دڵەم نێرت غەمگینە
200 لەشیرە زۆر لە شیرە (نامی)
202 دەردم گرانە
204 بەهار زۆر خۆشە
206 یار چووە هەواری
208 دلبەری شیرین کەلام دە
212 یاری من بۆ نی ئاچێ هەست
214 گوڵی سوورە
216 موژدەی بەهار
219 ئەورۆ بەهارە
221 نامە ۷۰۷
224 بۆچی نامەردی
225 نەخواردنم ...
227 با بچینە هەوبان
229 دە با بچین
232 خۆزگەم
234 عشق
238 شێتی چاو جوان
240 یاری من نازدارە
242 چاوی بە گریان
244 گوڵی ناکام
246 حاڵی مەجنوون
248 سەیری بەتێوی گوڵ
250 دووری یاری
252 دڵی بەخوێن
254 رەنگی چاوباران
258 ئەی لەبەر نارێ
260 ئەوین
263 نەواکی یار
265 قەتار
267 تەمی باران
269 سیزدە بەدەر
272 بەهاری جەوانان
279 زادەی کوردستان
288 هەڵپەرکێ


www.mamle.net

Mamle Art Center